زانستی
دەروونناسی بازرگانی

منتدى إقرأ الثقافي
أنس شكشك
www.iqra.ahlamontada.com
وەرگێڕانی: دانا نادر محمد

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنتَدى إِقرَأ الثَقافِي)

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنتَدى إِقرَأ الثَقافِي)

براي دانلود كتابهاى مختلف مراجعه: (منتدى اقرأ الثقافى)

www. Iqra.ahlamontada.com

www.iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى ، عربي ، فارسي)

زانستی
دەروونناسی بازرگانی

لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی هەورامان

ناونیشان: سلێمانی- بازاڕی ڕاپەڕین
٠٧٧٠٢٤٦٠٨٥٤

زانستی

دەروونناسی بازرگانی

نوسینی:

أنس شكشك

وەرگێڕانی:

دانا نادر محمد

٢٠١٢

(پێناسی کتێب)

ناوی کتێب: زانستی دەروونناسی بازرگانی

ناوی نوسەر: أنس شكشك

وەرگێڕانی: دانا نادر محمد

بابەت:

تایپ: مقفر جبار عبدالله

دیزاین: fazil kawlosi

تیراژ:1000

نۆبەی چاپ: چاپی یەکەم

چاپخانە:

ساڵی چاپ:٢٠١٢

ژمارەی سپاردنی وەزارەتی ڕۆشنبیری ( ) ساڵی ( ) پێدراوە

پێشکەش:

* بە دایکو باوکی نازیزم

* بەو کەسانەی کە لە بازرگانی کردنو کاسبی کردنیاندا مرۆڤانە مامەڵە لەگەڵ بەرامبەریاندا نەکەن.

پێشەکی وەرگێڕ

بازرگانی کردن بریتیە لەو چالاکییەی مرۆڤ پێی هەڵدەستێ هۆکارەکەشی ئەو پێویستیانەیە کە مرۆڤەکان بەردەوام لەژیانیاندا بۆیان دێتەپێش. یەکێکە لەو چالاکیانەی ژیانی کۆمەڵایەتی دروست کردووە، هەر لەسەرەتاکانی دروستبوونی مرۆڤەوە وردە وردە ئەم ئالۆگۆڕە دەستی پێکردووە هەر لەقۆناغی شت بە شتەوە تاکو ئەمڕۆ بەردەوام مرۆڤ هەزری خۆی گوشیوە کە چۆن پێویستییەکانە پڕبکاتەوە، بەڵام بە باشترین شێوەو کەمترین هەوڵو تێچوون.
ئەوەش ڕوونە بازرگانی هەر لەدێر زەمانەوە ڕێگایەك بووە بۆ مرۆڤ تاکو بەختی ساماندارییونی خۆی تێدا تاقیبکاتەوەو لەڕێگەیەوە پارەو پوول بۆ ژیانی دابین بکات.

زانستی دەروونناسیش: بریتیە لەلێکۆڵینەوەی گشت ئەو لایەنە ڕەفتاریانەی مرۆڤ پێی هەڵدەستێ لەژیانیدا بۆ زانینو شارەزابوون لەپاڵنەرە دەرەکییەکانی ئەو کارە. بازرگانیش یەکێکە لەو کارو چالاکیانەی مرۆڤ ئەنجامی ئەدات، بۆیە مادام ڕەفتاری مرۆڤە خۆ دەبێت پاڵنەرێکی هەبێت، ئا لەم ڕێگایەوە ئەم زانستە لەم کتێبەدا خۆی تێکەڵ بەکاری بازرگانی کردووە، هەر لە یەکەم یەکتربینینی کڕیارو فرۆشیارەوە تاکو دروستکردنی کارگەیەکو ئالۆگۆڕە نێودەوڵەتییەکان.

لەبەرنەودی لەم کتێبەدا نەوە ڕوون کراوەتەوە مرۆڤ چۆن هەم وەك کرێارو هەم وەك فرۆشیار بتوانێ لەکاری بازرگانیدا قازانج بکات، چۆن دەوڵەمەند ببێ‌و کاری بازرگانی بکات، پرۆژە دروست بکات. بۆ کرێاریش نەوە دەخاتەڕوو چۆن مامەڵە بکات، چۆن کالاێەکی باش‌و تۆکمەی بەنرخێکی گونجاو دەست بکەوێت، چۆن بزانێ کە فرۆشیار فریوی نادات.

بەو هیوایەم هەرکەسێك کە خولیایەکی نابووریانە لەمێشکیدا هەیە، ئەم کتێبە بخوێنێتەوە، ئەو کەسەش باوەڕی وایە هەمیشە دووکاندار خەڵەتاندوویەتی بابیخوێنێتەوە، بەڵکو فێربێ چۆن مامەڵە بکات، ڕێگاکانی مامەڵەکردنی سەرکەوتوو شارەزا ببێ.

وەرگێڕانی ئەم کتێبەم بەگرنگ زانی، چونکە هەر لەبینینی ناونیشانەکەیەوە تازەگەرییەکی پێوە دیارە، چونکە کارێکی جوان‌و نایابە زانستی دەروونناسی تێکەڵ بە کایەیەکی زۆر گرنگی ئەم سەدەیە بکرێت کە نابوورییە.

بەو هیوایەم کارێکی بەسوودم کردبێ، هەوڵەکەشم بە کتێبێك لەکتێبخانەی کوردیدا پەسەند بکرێت.

بەهیوام خوێنەر سوودێکی باشی لێ وەربگرێت، لەم هەنگاوەوە هەزاران هەنگاوی دیکە بگرێتەبەر لەتێکەڵکردنی زانستی دەروونناسی دا بە کایەکانی ناو کۆمەڵگە تاکو بۆ مرۆڤەکان ڕوون بێتەوە کە نامانجی دەروونی پشت هەر کارێکی مرۆڤ چییە.

پێشەکی:

ئێمە لە پشت ئەو هەوڵەوە نین وا وەصف بکات کە بازرگانی مرۆڤ لە گشت ئەو هەلی کارانەی پیایاندا تێپەڕ دەبێت سەرکەوتوو بەدەست بهێنێ، بەڵکو ئێمە لە پشت بنەما دەروونییەکانی بازرگانی کردنەوە هەوڵی خۆمان دەدەین.

کەسێتی بازرگانیش بۆ خۆی لایەنێکی بنەڕەتی یە لەم پڕۆسەیەدا، بۆیە گرنگە باس لەو مەرجانە بکەین کە لەلای کەسی بازرگان بوونی هەیە ئەو کات کە بووەتە کەسێکی-بازرگانێکی سەرکەوتوو- بەو مانایەی ئەو مەرجانە بنەمابوون لەسەرکەوتنیدا.

ئێمە وەك هەڵوێستو ڕەفتارێکی تایبەت دەڕوانینە پڕۆسەی بازرگانی کردن کە بڕێکی باش و ناستێکی بەرز لە ڕۆشنبیری پێویستەو لەگەڵ خۆی هەڵی گرتووە. سروشتی مرۆیی بۆخۆی سروشتێکی ئالۆزو لێك ئالاوە، لایەنی جۆربەجۆری لەخۆگرتووە، لە ڕوکاریدا فرە ڕەنگی دیارەو بەرچاو ئەگەوێت، بەلام فرۆشیاری سەرکەوتوو دەبێت زانستو ئاگاییەکی گونجاوی لەبارەوە دەست خستبێتو بەجۆرێك ڕای بهێنێ تاکو بەسەرکەوتووی کارلێکی لەگەڵ بکات.

زۆر کەس لەئێمە کارەکە زۆر بەسادەیی سەیر دەکەن، دەڵێین مرۆڤ دوولایەنە، عەقڵێك کە فەرمانڕەوایە بەسەریدا لەگەڵ سۆزو عاتیفەیەك کە فشار دەخاتە سەر مرۆڤو بەجۆرێکی نا عەقلانی ڕەفتاری پێ دەکات.

یەکێ لە شیکارە گرنگەکانی بەردەوامبوونی هەر پڕۆژەیەکو سەرکەوتنی خۆی لە پێشکەش کردنی بەرهەمهاتووەکاندا دەبینێتەوە یان لە خزمەتگوزاری تازەدا خۆی دەبینێتەوە، هەر ئەمەشە جیایی ئەکاتەوە، لەناوەندی کێبەرکێی

توندوتیژدا، پێشکەش کردنی بەرهەم هاتووی تازە تەنیا لەسەر بیرۆکە کورت ناکرێتەوە یاخود لەسەر خودی بەرهەمهێن کورت ناکرێتەوە، بەڵکو دانانی وێناکاریش لەخۆدەگرێت بۆ تێچوونی پرۆسەکانیو پەرەپێدانو دروستکردن بۆ کەسی بەرهەمهێن. هەروەها قازانجو کەرتی وەبازاڕ خستنی مەبەستدارو نرخی فرۆشتنیش لەخۆدەگرێت.

هاتنە ناوەوەی زانستی دەروونناسی بۆ ناو کایەی بازرگانی کردن پێش هەموو شت مەبەستیەتی لایەنی دەروونی هەریەکە لە کڕیارو فرۆشیار بەدیار بخات. هەروەها ئەو بنەما دەرونیانەش کەکار لەم کایەدا دەکەن بخاتەڕوو. سەرچاوەی کارکردنیش بریتیە لە زانینو ناگاهی دەربارەی سروشتی مرۆیی‌و چۆنیەتی بەقەرارکردنی مامەڵەیەکی بەرهەمدار لەگەڵ خوودی بازرگانەکەدا، ناگاهی دەربارەی لایەنی دەروونی کڕیارو ناسینی ئەو کالاّیەی کە گرنگی دەدات بەساغکردنەوەی.

کاری بازرگانی کردن دادەنرێت بەهەڵوێستێکی دیاریکراوو مەرجو سنووری خۆی هەیە. بارودۆخێکە تیایدا دوو کەس بەیەك دەگەن، یەکێکیان بڕێك ئارەزوو وئامادەگی‌و وزەی لەگەڵ خۆی هەڵگرتووە لەگەڵ کەسەکەی دیکەدا وێنای بەرهەمهێنان دەکات لەڕێگەی ئارەزووی شتی فرۆشراوەوە- فرۆشتنەوە -دەجولێتەوە ئارەزووی هەیە بۆ فرۆشتنو ساغکردنەوەی کالاّو بەدەستهێنانی پارە. کڕیار کەسێکە لەبەرامبەر کەسی دیکەدا ڕانەوەستێ ئەم کاتو زەمەنی پێگەیشتنە یان هەندێك وەلاّمدانەوەی جۆراوجۆر دروست دەکات، وادەکات کەسەکەی دیکە بوروژێتو هەندێك هۆکار بێتە کایەوە وابکات لەپەیوەندیەکی بەردەوامدابێت لەگەڵ وەلاّمدانەوە جیاوازەکانیدا. لەم هەڵوێستەدا هەرێەکە

لەسیفەتی تایبەتی کەسێتی کڕیارو فرۆشیار سەرهەڵدەدات. تالێرەوە بوار بۆ زانستی دەروونناسی دەکرێتەوە تاکو لێکۆڵینەوە بکات لەو هەڵوێستە مرۆڤانەیەی کە ژمارەیەك ڕووکاری ڕەفتاری لەخۆدەگرێت، لەلایەکی دیکەشەوە بۆئەوەی خزمەتگوزاریەکانی پێشکەش بکات. هەروەها زانستی دەروونناسی دەتوانێت ژمارەیەکی باش خزمەتگوزاری پێشکەش بکات لەبواری کاری بازرگانی کردندا.

چۆن پرۆژەیەکی سەرکەوتوو بونیاد ئەنێیت؟

یەکێك لەگرنگرتینو وردترین نەو گۆڕانکاریانەی کەلە نەم سەردەمەی ئێستاماندا ڕووی داوە، وەجۆرێك لەگۆڕانکاری مەودا دوورو ناتەواو بەرهەم هێناوە، ئەویش پەیوەستە بەشێوازی ئەو پەیوەندیە ئارەزوو مەندانەیەی نێوان خودی کەسەکان.

ئەم پەیوەندیە زۆرێك لەسەردەمەکانی لەسەر بنەمای یەکسانی تێپەڕاندو کاری خۆی کردووە، واتە کاتێك هەردوو لایەن سەربەیەك ژینگەی کۆمەلایەتی بوون، یان لەیەك ڕەگەز بوون، یاخود لەتوێژێکی هاوبەشدا ژیاون، خودی ئەم پەیوەندیەش شێوەی پەیوەندی نێوان بەهێزو بێ هێزدا بووە، واتە پێکهاتنی تەرازووی بەهێز ڕاستەو کاتێك کەلەدەرەوەی سەرجەم ئەو شتانەدا بێت کە پێشتر باسمان کرد، واتە بارودۆخی کۆمەلایەتیو ڕەگەزو ژینگەی کۆمەلایەتی. ئەمڕۆش ناراستەو لایەنێکی وردو قوڵو تازە هاتۆتە کایەوەو زۆر بەبەهێزی ڕوو لەبلاوبوونەوەیە کە پشت بە چەمکی (ڕاکێشانی سروشتی) دەبەستێت بەگوێرەی

لێکدانەوەیەکی دیکە، مامەڵەکرنە لەگەڵیدا وەك بوونەوەرێکی مرۆیی، واتە لەسەر بنەمای یەکسانی لەهەر مامەڵەو گفتوگۆیەکدا.

کامەیە ئەو رێبازە گرنگە بۆ بەرجەستەکردنی ئەم پەیوەندیە یەکسانە؟

رێباز تەنیا لەناستی باوەڕپێکردنی نەوانی دیکەدا ڕاناوەستێ و تەواو، بەڵکو کاردەکات بۆ پشت پێ بەستنیان بۆ گۆڕینیان بەگوێرەی ئەم بیرۆکەو رێبازی لەپێناو فرۆشتنی بەرهەمەکان یان خزمەتگوزاریەکان یاخود بیرۆکەکان بیرۆکەی گەرانەوە بۆ چەمکی پەیوەندی یەکسانی، پیاو بۆ پیاو لەگەڵ جیاوازی ڕووکاردا، هەروەها ڕەگەزو ناوەندی کۆمەڵایەتی، خۆی لەبەرجەستەکردنو چالاك بوونیدا دەنوێنێ، لایەنی ڕۆحی بەسەر سنوری رێگادیاریکراوەکەدا سەردەکەوێت، ئەم کارە نامرازێکە بۆ چوونە ناو ڕۆحی پەیوەندیەکانی نێوان پیاوو پیاو.

پێش ئەوەی پرۆژەکەت دەست پێ بکەیت، یان پێش دەست بەکاربوونت تیایدا، دەبێ زۆر بەچاکی بەڵەدو شارەزایی بیت، بونیادی پلانی پرۆژە زۆر گرنگە بزانی کاتێك دەست بەسەرەتای پرۆژە دەکرێت، لەبەر ئەوەی پلانی پرۆژە بریتی یە لەو نەخشە رێگایەی کە دەست گیرۆیی تۆ دەکات بۆ سەر رێگایەکی سەلامەت بەدرێژایی سالانی یەکەمی پرۆژەکە، هەمیشەش لەسەرەتادا بەمەترسی دەورە دراوە، هەروەها جۆرێك لەرێبەری نوسراوو یارمەتی دەرتە بۆ پرۆسەکانی داهاتووت یارمەتی دەرت ئەبێ بۆ ڕمالکردنی ئامانجە درێژو کورتەکانت، بۆیە دەبێت تێگەیشتوو گونجاوبێت لەگەڵ رێژەی سودی کارگەو، فرۆشراوەکان، بیرو

پرۆژەی پرۆژەو نرخەکان، شارەزایان، دەشێ زانیاری تەواوی هەبێت لەسەر گشت ئەو گرفتانەی کە کۆمپانیاو کارگەکانی پێشوو ڕووبەڕووی بوونەتەوە لەم بوارەدا، دەتوانی ئەم زانیاریانە دەست بخەیت لەزۆرێك سەرچاوەوە وەك گۆڤاری نابووری‌و بازرگانی، دەستەی تایبەتی‌و پیاوانی پسپۆڕی بواری کارگەو بازرگانی لەڕێگەی بەڕێوەبردنی پرۆژەکانیشەوە.

بەسروشتی حاڵیش دەبێ نامانجی پرۆژەکە واقیعی بێت، دەبێ پلانی پرۆژەکە لایەنە جیاوازەکانی پرۆژەکەی لەخۆگرتبێ، نەمیش بریتی یە لەدروستکردنی بەرهەمهێن‌و سەرچاوەی پارەدارکردن وەبازاڕ خستنی بەرهەم، پلانی بەرهەم هێنان‌و پرۆژە یارمەتی دەرە بۆ زانین‌و ئاگادارکردنەوە لەتوانا کانت، بوارت بۆ ئەڕەخسێنێ تاکو پلان دابنێی بۆ ڕیچگاکانی دیکە وەکو بەدیل‌و جێگرەوە لەکاتی بارودۆخی دیاریکراودا، پلانی پرۆژە ژمارەو ڕاستی دارایی‌و شیکاری بەهاو نامرازی ڕاکێشانی کەسانی شارەزاو بەرهەمهێنەران پوخت دەخاتە بەردەستمان، ڕوونکردنەوەی دەخاتە بەردەست لەبواری پارەدارکردن‌و لایەنی دارایی پێویست بۆ پرۆژەکە دەخاتە بەرچاوو، ڕونکردنەوەی بڕی ئەو پارەیەی کە پێویستەو ئەو لایەنانەشی کە ئەو پارەیەی بۆ خەرج دەکرێت، چیش چاوەڕێی نەکرێت لەگەڕانەوەی ئەو پارەو خەرجکردنە، پاشان ئەم پلانی پرۆژەیە شیکاریەکی تەواوی بازاڕو کێ بەرکێ‌و بەهەمهێن‌و بەرهەمهێنان ئەنجام دەدات.

پلانی پرۆژە دەبێت هەڵسەنگاندنێکی تەواو باشی بۆ بکرێت لەلایەن کەسانی شارەزاو بەرهەمهینەوە، دەبێت پلانەکە هەمە لایەن بێت، دەبێت لەلایەن کەسانی پسپۆڕەوە داڕێژراو بێت، هەریەکە لەدەوڵەمەندو بەرهەمهێن هەست

بەئارامیو دڵنیایی دەکەن کاتێک پارەکانیان دەخەنە پڕۆژەیەکەوە لەلایەن کەسانی پسپۆڕەوە بەڕێوە ئەبرێت، دەبێت بوارەکانو ڕێڕەوی پڕۆژە پەرەی پێ بدرێت، دەبێت ستراتیژیەتی تایبەت بەبازاڕ بوونی هەبێت وەک ڕێگاکانی وەبازاڕ خستنی کالاو خزمەتگوزاریەکان- ژمارەی کاتژمێرەکانی ئیشکرن چەندە؟ چۆنو کەی کۆمپانیا دەست بەگەشە دەکات؟.

پلانی پڕۆژە دەبێت سێ بەش لەخۆبگرێت کە بریتین لە:

یەکەم: ناوی پڕۆژە، ناوی سەرۆکی پڕۆژە، **مالپەڕێکی تایبەت بۆ پڕۆژەو**

دووەم: ڕاگەیاندنی نامانجی پڕۆژە ئەمیش **جۆرێکە لە وەصڵی پڕۆژەو** بەرهەمهێنو خزمەتگوزاری وەبازاڕخستنو **پێگەو کارگێڕی و فەرمانبەران**، وەبەرهێنان کورت کردنەوەیەکی **گشتگیری پڕۆژەکەیە**.

سێیەم: سەرچاوەکانی پشتگیری ماددیو هەڵسەنگاندنی گرینگەکانی تایبەت بەداهاتووی دارایی، لەگەڵ دارایی و پەیمانو گرێبەستو توانایی سودو قازانج.

کۆڵەکەکانی پڕۆژەیەکی بازرگانی

پڕۆسەی بازرگانی کردن کە لەسەر کرین‌و فرۆشتن ڕاوەستاوە سێ بنەمای سەرەکی لەخۆدەگرێت کە بریتین لە (کڕیار، فرۆشیار، کالا) یان شتومەک)

١-کڕیار: یەکێ لەپیاوە ئابوریناسەکان لەوتەیەکدا دەڵێ: (کەسی بەکاربەر، سەرکردەو فەرمانانداری ڕەهایە لەلای خاوەن کارگەو بازرگان، قسەبارەی کڕیارەکان زیاتر پشت بە ئارەزووی کڕیار دەبەستێ نەک بەداهاتو تونای خەرجکردنز

پێچەوانەی ئەم قسەیە نێستاو لەچەرخی‌ئاوەدا هەڵوێستو بارودۆخێک دروست بووە لەمەڕ بازرگانی کردن‌و بەکاربەرەوە، ئەمە لەلایەک لەلایەکی دیکەشەوە پێگەی کڕیار لە کڕین‌و فرۆشتندا پێچەوانە بووەتەوە، لەوانەیە کڕیار باوکی خێزانێک یان لەوانەیە دایکی‌و بەخێوکەری خێزانێک بێت، یاخود ئەکرێت دوو کەسیش پێکەوە، ئەشکرێت کچ بن یان کوڕ، ئەکرێت مێرد منداڵ بێت، پیر پیاوێک بێت، بەڵام لەم گشت حاڵەتانەدابەڵام لەگشت حاڵەتەکانەدا هەڵگری خولیای مەزن‌و خاوەن بەهاو بیرو باوەڕن، بڕێکیش لەڕۆشنبیری‌و پلەی بەدەستهێنراوی خوێندنیان هەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا بارودۆخی تایبەتی هەریەکەیان کۆمەڵێ مەرجی دیکەی کردۆتە هاوڕێی کەسەکە هەریەکەو بەپێی ژیانی خۆی، لەنێوان ئەم بێنەو بەردەیەدا توانای بەخێوکردن‌و خەرجی هەیە، کاتێک کەدەبێتە لایەنێک لەپڕۆسەی کڕین‌و فرۆشتندا، سەرجەم ئەو مەرجانەی

باسیانکرد تیایدا کارلێك دەکەنو کەسێتیەکی تایبەتی پێ نەدەن، لەم ڕوانگەیەوە زانستی دەروونناسی بەوجۆرە لەو کەسە دەڕوانێت کە لەچەندین لایەنی ئالۆزو بەیەکداچوو پێکهاتووە، کەسێتیەکە زۆر تایبەتمەندیو تایبەتی هەیەو زۆرێك لەو تایبەتمەندیانەش ئاسان ناوزرێنەوە.

۲- فرۆشیار: لایەنی دووهەمە لەپرۆسەی بازرگانی کردندا، جیاوازە لەکەسی خاوەن کارگە یان ئەو کەسەی لەپشت بەرهەمهێنانەوە وەستاوە، کرێکار کاتێ کاردەکات پێویستی بەبیرو سنورێکی دیاریکراوو لەشارەزایی هەیە بۆ ئەوەی لەپشت ئەو نامێرەوە بوەستێ، زۆرجار ئەو شارەزاییەی کە دەبێ هەیبێ لەگەڵ ئەو نامێرەدا کەکاری لەسەر دەکات زۆر کەمو تەنگەبەرە، بەڵام بازرگان بواری کارەکەی تاکو حەز دەکات فراوانو دوور مەودایە، ئەم لایەنی کەلوپەلی بەرهەمهاتوو دەگرێتەوە، بۆ خۆی زۆرجۆر لەکەڵو پەلی بەرهەم هاتووش دێتە کایەوە، لەگەڵ ئەوەشدا خەڵکە جیاوازو زۆرەکەش دەگرێتەوە سەرەڕای ئەو جیاوازیە گەورەیەی کە لەنێوانیان دایە، جیاوازیەکانیش زۆر لایەن دەگرێتەوە، لەگەڵ هەموو ئەم شتانەشدا بارودۆخی بازاڕو بازرگانو کارگەش کار دەکەنە سەر هەڵوێستی چۆنیەتی بازرگانی کردن.

کاتێك کەفرۆشیار(بازرگان) وەك لایەنی دووەم لەپرۆسەکەدا وەردەگرین مەبەستمان لەکەسێکە کە زۆر بەگرنگی بابەتی ئەم لایەنە دەزانێ، زۆرێك لەهیواو ئاواتەکانی تێکەڵ بەکارلێکی نێوان خۆیو پیشەکەی دەکات، هەروەك چۆن بەهای ئەو بەرهەمەش دەزانێ کە دەبێ ساغی بکاتەوە، شارەزایە بە ژینگەی کێ بەرکێ لەناو بازاڕی بازرگانیدا، سەرەڕای ئەم لایەنانەش ئێمە مەبەستمان کەسێکە کە زۆر شارەزایی سروشتو بارودۆخی مرۆڤانەی

کەسەکانە، توانایەکی باشی هەیە بۆ کارلێککردن لەگەڵ کڕیاردا، نەزموونەکەشی وای لێکردووە پێگەی کالاکەو کاروباری کڕینو فرۆشتن فێر بووە، سەرەڕای سەرکەوتن یان سەرنەکەوتنی ئەم کە هیواو حەزی بریتیە لەسەرکەوتن.

۳- کالا- شتومەك: ڕیزبەندی سێیەم نەگرێت لەلایەنەکانی کڕینو فرۆشتندا، زانستی دەروونناسی بەچاوێکی جیاواز لەکالا دەڕوانێ، لەچاو کەسی خاوەن کارگەو بازرگانەدا، کالا زۆر گرنگو بەبایەخە لەڕوانگەی بازرگانەوە ساغکردنەوەشی زیاتر گرنگە، بەڵام دەروونناسی بەوە چاوەسەری دەکات کە دیاردەیەکی ڕەفتاری یە بەو جۆرەش لەکالا دەڕوانێ کە وروژێنەرو سەرچاوەی فشارە لەسەر فرۆشیاروهەر بەوجۆرەش وروژێنەرو پاڵنەر کەسی کڕیار فریو نەداتو وای لێنەکات بانگی نەکاتە ناو پرۆسەی کڕینو فرۆشتنەکەوە جێ بەجێ دەکات.

شتی زۆر دەگمەنە لەبابەتی کالادا، ئەویش ئەوەیە ئەم لایەنە ڕەگەزێکی نەگۆڕە (جامد) بەڵام فرۆشیار پشت بەو لایەنانەوە دەبەستێ کە تیایدایەو پشت بە پەیەوەندی نێوان ئەو لایەنانە دەبەستێ لەگەڵ پاڵنەرە مرۆییە گشتی یەکانەدا، پاڵنەر لەلای کەسی کڕیار بەشێوەیەکی تایبەت.

بۆ ئەوەی ئەم لایەنانە بەدیار بکەون هەندێك سیفاتی دیکەی بۆ زیاد دەکرێت تاکو بەتوانابێ لەبەسورکردنی کڕیارو ڕای کێشێ بۆلای خۆی کاربکات بۆ ڕازی کردنی لەزۆر لایەنی جیاوازەوە ئەکرێت بەسەر سێ جۆری سەرەکیدا پۆلێنیان بکەین ئەوانیش بریتین لە:

-بەرهەمی پیشەسازی وەك بزوێنەرەکان- جوڵێنەرەکان.

- کالای بەکار بردن

-خزمەتگوزاری نابەرجەستە بوو وەك کارتی سەفەرکردن.

مەرجە سەرەکیەکانی بازرگانی سەرکەوتوو

١- (بازرگان)و زانینو ناگاهی لەمەڕ سروشتی مرۆڤانە:

پێشبینی کردنی ڕەفتاری مرۆڤ کارێکی ئاسان نییە، **چلاکی بنەڕەتی بریتی یە** لە وروژاندنێکی پاڵنەرانەی خەڵك، پەیوەندیە کاریگەرە **مرۆییەکان تەنیا** هەستێکی گشتی یە، بۆیە هەندێك کەس دەڵێت پەیوەندیە مرۆییەکان تەنیا خۆی لە بزەو ڕووخۆشیو دڵشادکردنی ئەوانی دیکەدا نابینێتەوە، بەو مانایەی کەلەسەر فەلسەفەیەك ڕاوەستابێ پێکەوە گونجان باشترین سیاسەتی پەیڕەو کراوی بێت، بۆ مرۆڤ (کەسەکە) چوار گرینەی سەرەکی هەیە ئەوانیش:

أ- جیاوازی تاکایەتی: سەرەڕای جیاوازی کەسەکان بەلاّم هەندێك شت هەیە تیایاندا هاوبەشن، هەموویان کاریگەر دەبن ڕۆڵیان خۆش دەبێ، خەمبار دەبن، بەلاّم هەرکەس جیهانێکی جیاوازو تایبەت بەخۆی هەیە، لەپێناو ئەو جیاوازیە تاکایەتیانەدا فەلسەفەی پەیوەندیە مرۆییەکان لەتێگەیشتنی تاکەتاکەی کەسەکانەوە دەست پێ دەکات، بریتیە لە یەکەی هەستو سۆزو فەرماندارییو کردار ئەنجامدان، هەر ئەویشە بڕیار لەسەر مەودای بڕکردنەوەی پێویستی لەوکاتەدا کە پاڵنەرەکانی ئەوروژێت.

ب- تاکەکەس بەگشت لایەنەکانیەوە: ئەکرێت لەکاتی لێکۆڵینەوەی تاکەکەسدا هەندێك تایبەتمەندی لەپەکتری جیابکەینەوە لێکۆڵینەوەی لەبارەوە بکەین،

بەلاّم لەشیکارو ڕاڤەی کۆتایدا وەك تاکە پەشێك و سەربەپەك شێوازی تایبەتو یەك دانەیی حساب بۆ مرۆڤ نەکرێت، بەجۆرێك کە گشت لایەنەکانی کەسێتی لەخۆدەگرێت، بۆیە شارەزاییەکانی بەتەنیاو بەبێ بوونی زانینو پێشینەی کەسێتی کەسەکە.

هەروەها بارودۆخی هەڵچوونی جیاناکرێتەوە لەبارودۆخی سروشتی، هەریەکەیان کاریگەری دەکەنە سەر یەکترو بەیەکترییش کاریگەر دەبن.

ج- ڕەفتاری هۆکار (پاڵنەر): لەزانستی دەروونناسیەوە ئەوە فێر بووین کەهەموو ڕفتارێکی مرۆڤی ساغو تەندروست باش لەپێویستی تاکەکەسەکەوە سەرچاوە دەگرێت، لەبەرنەوە ڕەفتاردکە کاریگەر دەبێت بەپاڵنەری کەسەکە بۆ پرکردنەوەی پێویستیەکانی، مرۆڤ لەڕێگەی ئارەزووە دەروونییەکانی ناو خوودی خۆیەوە دەوروژێت نەك بەئارەزووی کەسانی دیکە، هەندێك جار ئارەزووەکانی کەسەکە بۆ کەسانی دیکە وەکو شتی خەیاڵی سەیردەکرێت یان شتی ناواقیعین، بەلاّم بە بەردەوامی دەستی گرتووە بەسەر بارودۆخی کەسەکەدا.

د- ڕێزی مرۆڤانە: مادام مرۆڤەکان لەخوودی خۆیاندا ڕێزیان هەیە، بۆیە دەبێت مامەڵەو هەڵسو کەوت بکرێت لەگەڵیاندا بەگوێرەی پارێزگاری کردن لە ئەو بوونو ڕێزەی کە هەیانە. دەبێت لەسەر ئەم بنەمایە لەگەڵیان مامەڵەبکرێت، هەر کارێك هەیەو دەبێ وە گرنگە سادەو ساکار بێت، ئەو کەسەی کە ئەنجامی ئەدات بڕێك ڕێزو خۆشەویستی بۆ دابنێ بەگوێرەی ئەو توانایی‌و کۆششەی کە لە کەسەکەدا هەیە، خاوەن کەسێتی سەربەخۆی خۆیەتی. بۆیە مافی خۆیەتی گەشە بەتواناکانی بدرێت، بتوانێ ئارەزووەکانی پڕبکاتەوە بەگوێرەی سنووری بەرپرسیارێتی‌و لە ئەستۆگرتن. فەلسەفەی ئەدەبیش لەناو خوودی ڕەگەزی

مرۆییدا هەمان ڕەنگدانەوەی هەیە جەخت لەلێزانیو نەزموونی مرۆڤەکان دەکاتەوە لەگشت سەردەمەکاندا، لەم ڕوانگە نەدەبیەوە لە پەیوەندیدایە لەگەڵ کردارەکانمان، لەگەڵ خۆمانو ئەوانی دیکەشدا.

٢- بازرگانو هەڵسو کەوت کردن لەگەڵ خەڵکی:

- بازرگانو کەسی سەردان کەرو کڕیار چۆن بەیەک دەگەن لەلای کەسی بازرگان؟
- چۆن دەکەوێتە ناخاوتن لەگەڵ کڕیاردا؟
- چۆن داواکاریەکانی ئەزانێت؟
- چۆن تێنەگات لەپێویستی ناستو جۆری کەسێتی کڕیار؟

ئەم پرسیاردو ئەو لایەنانەی کە لەخۆی دەگرێت ناماژەن بۆ ئەو سیفەتانەی کە دەبێ فرۆشیاری سەرکەوتوو خاوەنی بێت بۆ مامەڵەکرن لەگەڵ خەڵکی. سەردان کردنی کڕیار لەبارودۆخی کڕینو فرۆشتندا کارێکی زۆر گرنگە، چونکە کلیلی ئەو پێکگەیشتنەیەو کاریگەرە لەسەر ڕەوتو ناڕاستەی کەسەکە بەروەو لای کەسی فرۆشیار، کاریگەرە لەدروست بوونی متمانە لەلای کەسەکەو دەست دەکات بەقسەکردن دەربارەی پێویستیو داواکاریەکانیو دریژە بەقسەکانی دەدات. بۆیە ئەگەر کەڵو پەلەکە بوویە بەشێک لەبارودۆخەکە فرۆشیار دەست دەکات بەبەڵگەهێنانەوە بۆ کالاکەی تاکو پێویستی کڕیارەکەی پێ پڕبکاتەوە. ئەم بەڵگەهێنانەوە بۆ هەموو حاڵەتەکان وەک یەک نییە، بەڵکو هەر یەکە لەخوودی کەسەکان مامەڵەی تایبەت بەخۆیان دەوێت، پڕۆسەی کڕینو فرۆشتن

بەشێکی کەمی سەرکەوتنی پەیوەستە بەباوەڕ پێکردنی کڕیار بە بەڵگەو خستنە ڕووی بەڵگە. کڕیاریش گفتوگۆ دەکات، ڕەخنە دەگرێت، تامازە بەوەش دەکات کە لەشوێنێکی دیکە بەنرخێکی چاکتر دەستی دەکەوێت. بۆیە دەبێت فرۆشیار لەم مامەڵەیەدا هەموو توانا باشەکانی خۆی بەکاربهێنێت، پشت بەگشت تامرازە وەلامدەرەوەکانی ببەستێ تاکو گفتوگۆکە بەرەو ڕقەبەرایەتی نەبات‌و پەسەندی قسەو ڕەخنەی کەسی کڕیار بکات.

پەیوەندی باش‌و جوان هەمیشە بەرهەمدارە، بۆیە ئەگەر مشتەری- کڕیار- هەستی کرد کابرای فرۆشیار یارمەتی دەدات‌و شتی باشی ئەداتێ‌و نایەوێت زیان بکات، بەردەوام دەبێت لەپەیوەندی کردن بەکەسی فرۆشیارەوەو متمانەی لا دروست دەبێ، ئیتر باسی نەوەشمان کرد کە کەسی کڕیار خاوەن پایەی یەکەمە لەپڕۆسەی کڕین‌و فرۆشتنی کالاکاندا بۆیە دەبێ فرۆشیاری سەرکەووتوو بەم جۆرە مامەڵەی لەگەڵی دەکات‌و بەگوێرەی چوارچێوەی کەسێتی کڕیار کەلەلایەن فرۆشیارەوە شارەزای بووەو ناشکرای کردووە.

۳- بازرگان پێویستی‌و نارەزووی خەڵك پردەکاتەوە:

پالنەرەکانی کڕین لای خەڵك زۆر جۆراوجۆرن، زانینیان لەلایەن کەسی فرۆشیارەوە نامرازی سەرکەوتنە لەکاردا، هەندێك لەو پالنەرانە گشتین‌و لای هەموو کەس بەدیار دەکەون، هەندێکی دیکەیان تایبەتن. پێویستە لەسەر نەو فرۆشیارەی بەنیازی سەرکەوتنە شارەزاییەکی زۆری پەیداکردبێت لەسەر گشت نەو لایەن‌و پالنەرانەی کە لای مرۆڤەکان هەن بەگشتی‌و تایبەتەوە.

بۆیە نەگەر کڕیاری لەخۆگۆڕتو بەڕێگایەککی گونجاو هەڵس‌و کەوتی لەگەڵ کرد دواتر هەوڵەکانی چڕ دەکاتەوە لەسەر نەو خواست‌و ویستەی کە داواکار (کڕیار) نەیەوێت، نەشزانێ پالّنەری چی یە لەهەمان کاتیشدا هەوڵ نەدات بزانێ بۆچی داواکار نەو کالاّ شتە تایبەتەی دەوێت، لەنەنجامی نەو ناماژەو قسانەی کە کڕیار نەیکات لەسەر داواکاریەکەی فرۆشیار نەیکاتلەسەر داواکاریەکەی فرۆشیار نەتوانێ بەوەلاّمی پرسیارەکەی بگات بێ نەوەی ڕاستەوخۆ پرسیار بکات لەپالّنەری کڕینەکە لەکەسی کڕیار، پالّنەرەکانیش هەمیشە بەشێکن لە پێکهاتەی دەروونی خودی کەسەکەو دەیەوێت تەنیاخۆی لێی بەئاگابێت، کەسی بەرامبەر تەنیا لەڕێگەی ناماژەو قسەی کەسی کڕیارەوە نەتوانێ نەو شتە دەروونیانە دەرک بکات‌و بیزانێ.

نەکرێت ئارەزووی کڕین کەم بێت یان زۆر بهێز نەبێت یاخود جیاوازبێت، بەلاّم لێرەدا فرۆشیاری شارەزاو لێزان دەبینین چۆن کاردەکات بۆ دۆزینەوەی ئارەزووی کڕیار کە پشت نەستوورە بەکۆمەڵێك هێزی پالّنەر هەروەها لەگەڵ پێگەی نەو پارێزگاری‌و پالّنەرانەی کەکەسەکە هەیەتی‌و تا چەندیش بەهێزی دەکات، پاشان هەلی بۆ هەڵدەکەوێت بیری لێ بکاتەوە ورده ورده بیرکردنەوەی ڕووەو ڕازی کردنی خود خۆی دەبات، بەوەی کە ئەم شتە پێویستیەتی‌و بۆی گۆنگەو هەل‌و کاتیش گونجاوە دەشبێت بیکڕێت، لەپاڵ ئەم باوەڕە هزریە کە کە ڕێسایەکی سۆزیش ڕۆڵ دەگێڕێت بەناڕاستەی کڕینی شتومەك یاخود کالاّیەکە.

بازرگانی باخود فرۆسیاری سەرکەوتوو ناگاهی‌و زانیاریەکی گشتی هەیە دەربارەی ناوەندی داهاتی تاکەکان‌و ڕادەی پارەو خەرج کردنیان، کاتێ ڕوو لەپێویستی‌و نارەزووەکانیان دەکرێ توانای خەرجی هۆکارێکی گرنگە بۆ کەسی

کرِیار- مشتەری- کارێك لەگـەڵ خـودی کەسـەکەدا دەکـات هاوکـات لەگـەڵ ژمارەیەك هۆکاری دیکەدا، زانینی ئەم هۆکارە گرنگە بۆ چارەسەکردنی پالّنەرە گشتی یەکانو وروژاندنی کەسەکە بەئاراستەی کـالاّو کـارکردن لەبەرژەوەنـدی خۆی.

٤- بازرگانو جیاوازی تاکایەتی کرِیار-مشتەری:

جیـاوازی تاکایـەتی ئاماژەیـە بۆجیـاوازی کەسـێتی نێـوان کـەسو خـەڵکی، لەرِوانگەی دەروونییەوە بەهەموو شتە بەدەست هێنراو جیاوازەکـان دەگرێتـەوە کە پەیوەستە بەکیانو پێکهاتەی تاکەکانەوە، کەسی کراوە جیاوازە لـە کەسـی گۆشەگیر لە زۆر رِووەوە، کەسی خۆپارێز جیاوازە لـە کەسـی پێـشرەو، کەسـی چالاك جیاوازە لە کەسـی گێـژو خـەوالّو، پاشـان خـەڵکی جیـاوازن لەناسـتی زیرەکی، توانایی ئارەزوو هزرەکانیان، وە ئەو پالّنەرانەی هەیانە لەگـەڵ ئاسـتی رِۆشنبیری گشتی دا، بازرگانی سـەرکەوتوو تـەنها بـە زانیـاری پێـشینو کـۆن وازناهێنێو بەتەنیا باوەرِ بەرای گشتی ناکات، بەڵکو هەوڵ ئەدات زانیاری زۆر وردو درشت تر وەدەست بخات لەمەرِ ئـەو بابـەتو لایەنانـەی کەهـەن لەسـەر جیاوازیو رِێگاکـانی کـارلێککردن لەگـەڵ کەسـە جیاوازەکانـدا، کـارلێکێکی بەرهەمـدار بـەگوێرەی ئـەو رِادە تواناییـەی کـە هەیـەتی وە لەرِێگـەی ئـەو دەروازەکانیانو رِێگە خۆشـکەرانەوە کـە زۆر بەسـانایی شـارەزایی ئەکـەن لـە ناسینی ئاستی ئەوانو دیکەدا بەزانینێکی گشتیو تەواو.

بازرگانی سەرکەوتوو بەو ڕادەیەی کە کەسێتی خۆی پێ ناسراوە تێکەڵی کڕیاران دەبێتو قسەو گفتوگۆیان لەگەڵ دەکات بەپشت بەستن بەو بەڵگانەی کە مەرجی ڕوکارینو کەسانی کڕیار نەیخەنە ڕوو، نەمە بەو مانایە نا کە بازرگان جیاواز مامەڵە بکات لەگەڵ کڕیارە جیاوازەکاندا لەڕووی خۆش و قسەی جوان کارکردن بۆ فریودانی کڕیار، نەخێر ئەو واتایە ناگەیەنێ، بەڵکو مامەڵە کردنی جیاوازبێت لەگەڵ کڕیاراندا هەریەکەو بەگوێرەی ئاستی ئەولایەنانەی باسمان کرد کە لە کەسێتی یاندا دیارەو بوونی هەیە بۆ ئەوەی سەرکەوتوو بێت لەکارەکەیدا.

٥- سیفەتە کەسیەکانی بازرگان:

پڕۆسەی بازرگانی کردن واتە پڕۆسەی بەرهەمداری نێوان دوو لایەن فرۆشیارو کڕیار، ئالێرەدا بازرگان ڕۆڵی سەرکردەو ڕێبەر دەبینێت بۆیە دەبێت زۆرێك سیفاتی تیادا بێت کە سیفاتی کەسی سەرکردەیە.
ئەو بارودۆخەی ئەم کەسەی پیا تێپەڕ دەبێ هەمیشە ئەو مانایە ناگەیەنێ کەدەبێت ڕای خۆی بسەپێنێ، بەڵکو پایەو پێگەی یەکەم بۆ کڕیارو ئارەزووەکانی دادەنرێت، دەبێ فرۆشیار ئاگای لەپایەو ڕێزی کەسی کڕیاربێت لەلایەکەوە، لەلایەکی دیکەشەوە پایەی خۆی لەبیر نەکات وەکو کەسی سەرکردەو ڕێبەر لەپڕۆسەی فرۆشتندا، بۆیە لە گشت حاڵەتەکاندا دەبێت بازرگان خاوەن صیفاتی (نەگۆڕی چالاکی بەنەدەب بوون، بەردەوام بوون، ئارامگری، نەرمونیانی بێت) دەبێ خاوەن کۆمەڵێ ڕەوشتی ئەخلاقی بێت تاکو

ببێتە جێگای دڵنیایی هەر وەك چۆن دەبێ دڵنیاو بەمتمانە بێت بۆ کارەکەی زۆر متمانەی بەخودی خۆی هەبێت، تواناداربێتێ بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کەسانی دیکەدا بەجۆرێکی بەرهەدارو بەگوێرەی ڕێبازەکانی هاوکاری کردن، بەدوور لەگیانی شەڕەنگێزی و ڕوکارو سیکمای توندو تیژی.

٦- توانا نەقڵییەکانی بازرگان

لەگشت بارودۆخەکاندا کەسی بازرگان پێویستی بەناستێکی بەرزو بالا نیە لەتوانای نەقڵی، بەڵکو هەندێك جار توانای زیادەی نەقڵی خەرجیو بارگرانی بەرهەم هێنانی دیکەی دەهێنێتە کوڵ، بەو مانایەی کە کرێ ی کرێکار بەگوێرەی لایەنێ لەلایەنەکانی دیاری بکات، لەسەر بنەمای تواناکان کە دەبێت بوونی هەبێت لای کەسەکە، پاشان خەرجدلرکردنی توانای نەقڵی بالا زۆر جار ڕێك ناگونجێ لەگەڵ ئەو بابەتەدا کە باسمان کرد لە هەڵبژاردنی کرێکاردا، بۆ کارێك کە دەبێ لەگەڵ خودی کەسەکەدا بگونجێنێ بۆی شیاوبێت، بەبێ زیادە ڕۆیی کردنو لادان تیایدا، بۆئەوەی ئەم کارە خۆشبەختی ژیانی کرێکار تێك نەدات، بۆیە دەڵێین دەبێ فرۆشیار خاوەن زیرەکیەکی مامەناوەندی بێت و شارەزابێت لەبەکارهێنانی زیرەکیەکەیدا، تاوانایەکی باش هەبێت لەسەر خەیاڵو وێناکاریو کاریگەری دروست کردن لەسەر خەڵك، لەگەڵ بوونی بیرو یادێکی تیژ بۆ لەبەر کردنی ناوی کەسەکانو ناسینەوەی دەموچاوەکان، بەڵام توانایی لەبارە چەخی تازەوە یەکێکە لەڕەگەزە گرنگەکامی سەرکەوتن لە کارەکەیدا، بەڵام ئەگەر بەڕێوەبەری فروشاو کەڵو پەل بوو لەناو

دامەزراوەیەکدا ئەو کات دەبێت تونای زیرەکی لەمامناوەند بەرز تربێت، بەم جۆرە ناستی زیرەکی ئەقڵی پلە بەندی وەرنەگرێت لەکاری بازرگانیدا بەگوێرەی ڕیزبەندیو هەرەمی کارکردن هەر لە فرۆشیارەوە تاکو سەرۆکی کارگە بەڕێژەو ناستی زیرەکی جیاجیا بەتایبەت لەبواری کارگێڕی پڕۆژەکە، وە بازاڕخستنو عەمبارکردن، ساغکردنەوەو ڕیکلام کردن بۆ کالاکانو شتەکانی دیکەش.

٧- ڕۆشنبیری بازرگان:

ڕۆشنبیری بازرگانی سەرکەوتوو چەند بوارو لایەن لەخۆ دەگرێت، ئەم کەسە کە بەڕێرسیارە بەکرینی کالای تایبەتی دەبێت ڕۆشنبیریەکی تەواوی هەبێت لەم بارەیەوە، ڕۆشنبیری بازرگان تەنیا خۆی لەچۆنیەتی دروست کردنی کالاو بەکارهێنانو پێکهاتە بنەماییەکانیو ئەو شێوازە جیاوازیانەی کە دامەزراوەکە دەری ئەکاتو کاری پێدەکات ناگرێتەوە، بەڵکو لەسرو ئەم شتانەشەوە دەبێت ڕۆشنبیریەکی تەواوی هەبێت لەمەڕ کالای کێبڕکێ کارو لایەنەکانی هێزو لاوازی لەو کالایەدا، دەبێت بەباشی بەراوردی ئەو شتانە بکات کە ئەم دەیکڕێو کەسانی کێبڕکێ کاریشی ئەیکڕن، دەبێت ئەوە بوانێت کە ئەم فرۆشتن لەگەڵ بەکاربەراندا دەکاتو دەبێت داناو زانا بێت بەئارەزوو داواکاریەکانیان هەروەك چۆن لێکۆڵینەوەی بەکاربەران ئەم ڕاستیەی سەلماندووە، بازرگانی سەرکەوتوو تەنیا لەسنوری ئەو شتەدا کە دەیفرۆشێ ڕۆشنبیری خۆی قاوغ نادات بەڵکو دەگوازرێتەوە بۆ ڕۆشنبیریو شارەزابوون لەلایەنی پیشەسازیو بۆ

ئەوەی هێنده قوڵی بکاتەوە لە بوارەکەی خۆیدا سەرکەوتوو بێتو ناسان کرین و فرۆشتن ئەنجام بدات.

دەبێت ڕۆشنبیریەکەی لایەنی ژیانی گشتی بگرێت وەتاکو بتوانێ کارلێکێکی بەرهەمدار ئەنجام بدات لەگەڵ کرپارە جۆراو جۆرەکانیدا، لەم بوارەشدا لایەنی ڕۆشنبیری دەروونی و کۆمەلایەتی سودێکی زۆری پێ دەگەیەنێ لەتێگەیشتنیدا بۆ کەسانی دیکە لەلایەکەوە، لەلایەکی دیکەشەو یارمەتی دەریەتی بۆ سەرکردەبوون لەبواری پرۆسەی کرین و فرۆشتندا.

ئەم قسانەمان بۆ ئەوە نەکرد تاکو بڵێین ئەبێ بازرگان زانابێ بەهەموو شتێ، بەڵکو بۆ ئەوەیە تاکو بڕێك شارەزابێت بە بنەماکانی ژیانی دەروونی و کۆمەلایەتی تۆزێك ئاگاداربێت بەو کالایەی کە کڕیویەتی و دەیەوێ ساغی کاتەوە، لەگەڵ لێزانینی ئەو کالایانەی کە لەبازاڕدا ئەیکڕێ و ناسینی جۆرەکانی.

٨- شارەزایی بازرگان لە قسەکردندا:

قسە ئەو ئامرازە گرنگو یەکەمینەیە کە بازرگان پشتی پێ ئەبەستێ بۆ دروست کردنی کاریگەری لەسەر کڕیار لە یاسای کرین و فرۆشتندا بۆ وەدەست خستنی دەرئەنجامێکی پڕ بەرهەم، لەبەر ئەوە زانستی دەروونناسی گرنگیێکی تایبەتی داوە بە زانستی دەروونناسی بازرگانی.

- شارەزایی لەقسەکردندا زمان پاراوی لەخۆدەگرێت، هەروەها لێزانی لە هەڵبژاردنی ووشەو وردی دەربڕین وە ڕێکخستنی ڕستەو جوان ووتنی

قسە دەگرێتەوە بەجۆرێك سەرنج ڕاکێش بێ‌و ئارەزووە کرین بوروژێنێ‌و دڵنیایش دروست بکات لەبڕیاردانی کڕیندا، بۆیە دەبێت فرۆشیار قسەکانی ڕوون بێت، دەربڕینی ڕووەو دیاربێت، قسەکانی دەوڵەمەند بێ بەڵگەو پاراوی ڕووی وشە، دەبێ ناستی قسەکردن لەگەڵ توانایی‌و ناستی کڕیاردا یەکبگرێتەوە، دەرخستنی بەڵگە لەسەر ئەوەی کە فرۆشیار خزمەتی کڕیار دەکات بە گوێرەی ئەو بڕە پارەیەی کە کڕیار هەیەتی یارمەتی ئەدات.

جا بۆیە هەرکات قسەکردن لەسەر ڕۆشنبیری فرۆشیار پشتی بەستبوو بەگونجاوی قسە لەگەڵ ناستی کڕیاردا،و تێکەڵ بوو بە زمان پاراوی‌و قسە شیرینی، ئەوە ئەو کاتە فرۆشیار لەباشترین حاڵەت‌و بارودۆخدایە بەگوێرەی ڕێساکانی شارەزایی زمانەوانی کەسی بازرگان.

۹- ئەزموونی بازرگان:

ئەزموون واتە ئەنجامدانی ئەو کارە بەشێوەیەکی واقیعی‌و بوونی تەنگ‌و چەڵەمە لەبارودۆخەکاندا، ئەمەش لایەنێکی گرنگە لەلایەنەکانی ژیانی فرۆشیاری سەرکەوتوو بۆیە هەڵی ئەزموون هێنده توانایی ئەدات بە فرۆشیار کە بە سانایی بنەماکانی سەرکەوتن لە کارەکەیدا بە ئەنجام بگەیەنێ هەروەها بەرچاو ڕوونی ئەدات لەمەڕ لایەنەکانی بارودۆخەکەو ڕێگەی ئەدات ئەم دەرئەنجامانە ببینێ پەیوەستە بەو گۆڕانکاریانەوە کە وردە وردە بازرگان دەیخاتە ناو ڕەفتارەکانی لە پرۆسەی کڕین‌و فرۆشتندا، جگە لەمانەش سەرچاوەی

ڕۆشنبیری و شارەزابوونە، هەڵێکە بۆ ناسینی کەسانی جیاوازو لایەنە تایبەتیەکانی کەسێتی یان و ڕێگای کارکردن، ئەوەش شارەزا دەبێ کە کڕیار حەز لە چ کالاێەك دەکەن و چ کالاێەکیشان ناوێت.

ئەزموون هەمیشە پێگەو پایەی ئامادەکردنی کەسی پسپۆڕە، چونکە خاڵی پێکگەشتنی فرۆشتنە لە هەردوو لایەنی تیۆریو پراکتیکی دا، هەروەها ئەم تێکەڵیە هەڵێکە بۆ ئەوەی لە هەردوو لایەنی تیۆریو پراکتیکی دا گۆڕانکاری ئەنجام بدرێت، بۆیە ئەزموون بۆ کەسی بازرگان وەك پێگەی ئەزموونە بۆ کسانی پزیشکو پارێزەرو تەلارسازو مامۆستا هیچی لە ئەزموونی ئەوان کەمتر نییە، هەر یەکە لەو کەسانە چۆن لە خوێندن فێر بووە ئاواش لە ئەزمونەوە شارەزایی وەرگرتووە دەی کەسی فرۆشیاریش هەر بەم جۆرەیە هەمیشە دامەزراوە بازرگانیەکان بەشوێن کەسانی خاوەن ئەزموندا دەگەڕێن، بۆیە ئەگەر کەسەکان لایەنێکیان لەدەستدابێ بواری ئەدرێتێ بۆ خۆتازە کردنەوەو وەرگرتنی ئەزموونی نەویشو بەوەرگرتنی کارێکی سادەو بچووك لەبری ئەوەی ناوەندێکی گەورەو شوێنێکی گەورەی کڕینو فرۆشتنی ترسناكو بەبایەخ وەربگرێت.

پێوانەکردنی گونجاوی بازرگانو تواناکانی

پێوانەکردنی تواناکانی فرۆشیارو لێهاتووی لەسەر چەند بنەمایەك بەڕێوە ئەچێت گرنگترینیان بریتین لە:

وزەو تواناکان: چەندێك توانایی‌و زیرەکی لەکەسەکەدا بوونی هەیە، ئاستی جولّەوو تونایی زمانەوانی‌و ژمارەیی لە کەسەکەدا تا چ ڕادەیەکەو....تا کۆتایی.

لێهاتووی پیشەیی: شارەزایی‌و لێهاتووی پەیوەست بە کارکردن دەوەستێ لەسەر مەرجی کارو بەرجەستەکردنی‌و خێرایی وەلاّمدانەوەو ئاگاهی لەبارەی وردە کاریەکانەوە.

ج- سیفاتی کەسێتی‌و هەستە دەماری کەسەکە: سیفاتی کەسێتی دەوڕێکی گرنگ دەبینێ لە سەرکەوتنی کەسەکەداو گرنگە بۆ خۆگونجاندنی بەشێوەیەکی باش‌و گونجاو لەگەلّ بارودۆخی ستەم‌و وردەکاری‌و ئارەزووەکان، لەگەلّ نەمانەت پارێزی‌و حەزکردن لە بەخشیش‌و هاوکاری کردن ئەمانە سیفەتی سەرەکین‌و ڕۆلّ دەبینێت لە سەرکەوتنی پیشەدا.

د- گرنگی پێدان: پەیوەندی هەلّچوونی لەنێوان فرۆشیارو بابەتی گرنگی پێدانی دا بنەمایەکی خۆشبەختی‌و سەرکەوتن لەکاردا دروست دەکەن بۆ کەسی فرۆشیار.

هـ- لێهاتووی تایبەت بە کارو ئاستی ئابووری‌و کۆمەلاّیەتی‌و ڕۆشنبیری لێکۆلّینەوە ئەنجامدراوە لەسەر ئەو سیفەتانەی کە فرۆشیاری سەرکەوتوو هەیە دەرکەوتووە کە ئەم کەسانە:

- دوور لە ڕاڕایی‌و میزاجی بوون‌و دودلّی‌و هەست کردن بە چاو برسیەتی
- بوونی زۆرترین متمانە بەخوود‌و ڕازی بوون لێی
- بوونی ئارەزوویەکی زۆر بۆ لەخۆگرتنی بەرپرسیارێتی‌و فەرمانڕەوایی‌و دەستەلاّتداری

- کەمترین هەستیان بەرامبەر بەخودی خۆیان هەیە.
- زۆر بە کەمی ئارەزووی قسەکردن دەکەن لەگەڵ خەڵکیدا لەبارەی سامانی کەسێتی یەوە
- بەزۆری ڕەخنەو پێشنیار پەسەند دەکەن
- ئارەزوو دەکەن وا خۆیان پیشان دەن کە حەزیان لەو زیادەڕۆیی هەیەو زۆر پارێزگار نین.

هەروەها توێژینەوەیەک ئەنجامدراوە لەگەڵ (٧) گەورە پسپۆڕی بواری فرۆشتن لە یەکیەتی بازرگانیدا کاردەکەن بەڕای ئەم کەسانە سیفەتی فرۆشیاری سەرکەوتوو بریتین لە:

- تێکۆشەر
- لێهاتووی
- گەرموگوڕی لە کاردا
- متمانە بەخۆبوون
- توانای خۆ کۆنترۆلکردنی هەبێت
- ئاگادارو ئامادە
- سیفەتەکانی ووکاری تیابێت
- مامەڵەی جوان
- توانایەکی بەرزی زمانەوانی
- دەسەلاتداری
- سیفەتی دەنگی باش بێت

بارودۆخی واقیعی فرۆشیار: لەو مەرجانەی کە دەبێت واقیعی بن‌و لە فرۆشیاری سەرکەوتوودا هەبن:

یەکەم: بوونی ڕەگەزێکی ئەزموونی لەبارەی ژیانی پیشەسازی‌و بازرگانیەوە

دووەم: لەمەیدانی کاردا کێبڕکێ بکات‌و باشترین شت پێشکەش کڕیار بکات.

چۆن لە کڕیار بڕوانین؟

پرۆسەی کڕین بە بڕیاری کڕیار کۆتای دێت‌و جێ بەجێ دەکرێت، بەڵام لە بڕیار لێرەدا ئەرکی ئەوەیە باشترین هەوڵ بدات بۆ تێرکردنی ئارەزوو حەزی کڕیار، پشت بە ئەزموونەکەشی دەبەستێ لەگەڵ لایەنە جیاوازەکانی ژانینی لەوکاتەدا هەوڵ دەدات کڕیار تێ بگات کێ یەو چی دەوێت، وە ئەو کاتەش کە لە هەوڵدایە بۆ قەناعەت پێکردنی لەبارەی باش‌و گونجاوی کالاکەیەوە، خودی ئەم کەسە مەرجەکانی حەزو ئارەزووی کڕیاری لەخۆیدا پێکهێناوە.

لە بنەڕەتدا کێشار (مشتەری) کێ یە؟

کڕیار ناوێکە دەبێت هەندێك هەوڵبدرێت بۆ زانینی و پێناسەکردنی، بریتیە لە یەکێ لەو دوو ڕەگەزەکەی کڕین و فرۆشتن کە لەتەمنێکی دیاریکراودایە، لەبارودۆخێکی کۆمەلاێتی تایبەت و دیاریکراودایە، گشت ئەم لایەنانەو وردەکاریەکانی دەبێتەهۆی زانینمان لەچۆنیەتی مامەڵەکرن لەگەڵی کە ئەکرێت فراوان بێت وە ئەشکرێت تەنگە بەربێت، بەلاّم لەگەڵ گشت ئەم شتانەدا ئەو بنەما دەرونیانە گرنگە کەکار لە بونیادی کڕیاردەکەن لەو ڕوانگەیەوە کە کەسێکی کریاریەو یەکێکە لەلایەنەکانی پرۆسەی کڕین و فرۆشتن ئێمە لێرەدا گرنگی بە لایەنە بنەڕەتیەکانی ئەدەین.

١- لایەنی یەکەم ئەو پالّنەرانەی کە کاردەکەن لەسەر ڕەفتاری کڕیار، بەشێك لەو پالّنەرانە گرنگە ناکرێت لەیەك جیابکرێنەوە، پاشان ئەو ماوە ژیانەی کە بەسەری بردووەو کاریگەری بەجێهێلاّوە لەسەر ئەم پالّنەرانە لەڕووی بوونیان وە لەڕووی گۆڕانکاری تیایاندا. ئەم پالّنەرانە کۆمەلێکی بەهێز دروست دەکەن لەوانەیە ململانێ و دژیەکی تیادا ڕووبدات، ئەو ململانێ و دژیەکیە بەزیانی هەوڵەکانی ئێمە دەشکێتەوە لەپرۆسەی کڕین و فرۆشتندا، ئەکرێت لەبەرەوندی پرۆسەکە بێت.

ئێمە نامانەوێت لێرەدا قسەکانمان جیابکەینەوە لەبارەی ئەم پالّنەرانەوە هێندە بەسە ناماژە بەو لایەنە بکەین لە کڕیاردا لەگەڵ جەختکردنەوە لە هێزی

پالنەرەکانو فرەییانو کاریگەری بارودۆخەکانی ژیان بەسەرجەم لایەنە جیاوازەکانیەوە لەسەر بوونو گۆڕانکاری تیایاندا.

۲- لایەنی دووەم: تیایدا کڕیار وادەردەکەوێ کە مرۆڤێکە خاوەن هزرەو فەرماندارە بەسەر ڕاو ئەزموونو بیرکردنەوەو ئاگاهیو گرنگی پێدانداً، ئەو مرۆڤەیە کە دەرک دەکاتو عاقڵەو تێ ئەگات گفتوگۆ دەکاتو گشت توانایی ئەقڵیو زانیاریەکانی بەکاردەهێنێ. بۆیە ئەم لایەنە لە کڕینو فرۆشتندا لە تێگەیشتنی ئەو قسانەوە دەست پێ ئەکات کە ئەوتریت، ئەویش بریتیە لە بەراوردکردنی کالاکە لەگەڵ قسەکانو ئەو فەرمانەی بەسەریا دراوە. سەرەڕای ئەمانەش ئەم لایەنە کارکردنە بۆ بەرگری کردن لە پێ ڕازی بوون یان پەسەند کردنی، بەرگری کردن لەقسەی فرۆشیار یاخود ڕازی بوونی، کڕیار لێرەدا هەم هێژشبەرەو هەم بەرگریکار، بەڵام لەکۆتایدا ڕێسا بنەڕەتیەکانی عەقڵی مرۆڤ کار دەکات.

۳- لایەنی سێیەم: ئەو نەریتانەی کەوای کردووە جۆرێک لەپالنەرو شێوازێك لەبڕیاری هزری دروست بکات، ئەمەش شێوازی ڕەفتاری کڕیارەکە دروستی کردووەو پێی دڵنیایە. ئەتوانێ هەمیشەو بۆ گشت حاڵەتەکان دووبارەی بکاتەوە بێ ئەوەی تووشی ماندوو بوون ببێت. ئێمە گەر ئەوە بیری خۆمان بخەینەوە کە قسە لەسەر کڕیار دەکەین لە پرۆسەی کڕینو فرۆشتندا، ئەوا ئێمە گرنگی بەو نەریتانەی کڕین دەدەین کە ڕۆژگار دروستی کردووە، لەگەڵ ئەو نەریتانەی کە پەیوەستە بەژیانەوە وای کردووە کە جۆرێك لە کالا بکڕێتو ئیتر

پێوەی ئالوده بووه. بۆیه ئەم ئەریتانه لای کڕیار بەرەنگاری هەوڵی فرۆشیار دەبێتەوه لەکاتێکدا که بڕەو بەکاڵای تازه ئەدات.

٤- لایەنی چوارەم: هەڵوێستی کڕیار له ڕێکلامی کاڵاو رووکارو جوانی کاڵا، ئەتوانین بڵێین کڕیار لێرەدا کوڕی ئەو سەعاته ژیانەیه که نێستە تیایدا دەژی بەگوێرەی ئەو هەڵوێستانەی تیایا دەژی بیرئەکاتەوه، بەگشت ئەو شتانەی لە هەڵوێستەکەو مەرجەکانیدا بوونیان هەیه، ڕوونی سروشتی کەسەکەو ڕاستگۆی فرۆشیارو ئەو چەند قسەیەی لەزاری فرۆشیار هاتۆتە دەرێ، کەلێنی کڕیار لەسەر ژمارەیەك هۆکارو مەرج دروست دەکات که پەیوەستە بەو کاتژمێرەوه که شتی تیا ئەکڕێت، کاریگەر بووه بەزۆرێك له پاڵنەرەکانو ژمارەیەك نەرت، زۆرێك له ڕەگەزەکانی زانینو ئەقڵ، بابەتی گەڕانەکەش یەریتی یە لە زانینی سروشتی مرۆڤانه، چۆن بتوانین مامەڵەیەکی بەرهەمداری لەگەڵ بکەین.

دانوستان- گفتوگۆکردن

گفتوگۆکردن بەمانا ئابووریەکەی: ئەو پرۆسەیەیه کەکاڵاو بەرهەم ئاڵوگۆڕی پێ ئەکرێت لەنێوان دوو لایەندا، هەوڵدان بۆ ڕێك کەوتن لەسەر ڕێژەی ئاڵوگۆڕی نێوانیان، سەرنجی ئەوه بدە ئێمە دانوستانو بەشێوەیەکی ئاڵوگۆڕی بەکاردەهێنین.

پلانەکانی دانوستان- گفتوگۆکردن:

- دانوستانی دابەشکردن (توزیع): کاتێک هەردوولا لەسەر مێزی دانوستان دانەنیشن هەر لایەکیان نەیەوێت فشار بخاتە سەر لایەکەی دیکە بۆ پەسەندکردنی ئەو نامانجو خاڵەی دەیەوێت پێی بگات. **بۆ** نزیك بوونەوەی لەو نامانجە بەگوێرەی توانا، **نموونەی ئەو پلانانە:** هەوڵی باوەڕ پێکردنی دوژمن بەخاڵی دیاریکراوی **نامانجی** تایبەت، گفتوگۆکردنو گەیاندنی بەرامبەر بەخاڵی **نامانجو خزێنراك** کردنەوە لە خاڵی نامانجو نزیککردنەوەی لە نامانجی بەرامبەر، خستنە ڕووی ئەو پاساوانەی وا دەکات خاڵی نامانجی تۆ دادگەری بەرجەستە بکات.
- دانوستانی تەواوکاری (تکاملی): چارەسەری گرفتی تەواوکاری دانانی سنوورێکە بۆئەوەی هەردوولا قازانج بکەن بواری دانوستانی ناتەواو کاری بۆ دروست کردنی پەیوەندی دوورودرێژو بوار بۆ کارکردنی پێکەوەیی لە داهاتوودا لەنێوان هەردوولا، ئەوەی باشە هەر کامیان مێزی دانوستانی جێهێشت هەست دەکات قازانجی کردووە، ئەم جۆرەی دانوستان جیادەکرێتەوە بەسەرپشکیو ڕوونی لە قسەکردنو گرنگی پێدانی کورتو پوخت، هەستیاری هەر لایەکیان لەبەرامبەر پێویستیەکانی دیکەدا توانایی دروست کردنی متمانە لەنێوان هەردوولادا، هەر لایەکیشیان حەز بە کارکردنی نەرمو نیانو ئاسان کاردەکەن لەمامەڵەکردندا.

پرۆسەی دانوستان بەپێنج هەنگاو تەواو دەکرێت:

١-ئامادەکردنو پلاندانان: پێش ئەوەی دەست بەدانوستان بکەیت دەبێت خۆت ئامادەو شارەزاکردبێ لەسەر سروشتی ململانێ، ئەو هۆکارانەش کە ئەم دانوستانەی دروست کردووەو لایەنەکانی دیکەش، دەبێ ئەوەش بزانێ کە توانای زانستیان چی یە بۆ ئەم ململانێیە هەروەك چۆن پێویستە بزانرێ کە چین لە دانوستان دەوێت؟ ئامانجەکانت چیت؟

تۆ ئەگەر بەرێوەبەری کرپاریت لە کۆمپانیایەکی دیاریکراو ئامانجی تۆ گەشتنە بە کەمترین نرخی گونجاو، دەبێ جەخت لەوە بکەیتەوە کە ئەمەیە ئامانجی تۆ لە گفتوگۆکانتدا جەختی لێبکەیتەوە کاریگەر نەبێ بە قسەو شتو لایەنی ناوەکی دیکە، باشتر وایە ئامانجەکانت بنوسیت پەرە بدەیت بەماوەی دەرئەنجامەکان لە زۆر گەشبینیەوە تاکو کەمترین ماوەی پەسەندکراو، بۆ وردبونەوە لە ئاگاهی خۆت، هەروەها لەسەرتە هەڵسەنگاندنێك بکەیت بۆ بیرو باوەڕەکانت کە پەیوەستە بەلایەنی بەرامبەرەکەتەوە، تا چەندیش سورە لەسەر هەڵوێستی خۆی.

دەبێ بزانی ئامانجە شاراوەکانی بەرامبەرەکەت چین. چیش پەسەند ئەکات، بۆیە ئەگەر لەبرامبەر تێگەشتی ئەوە ئامادەو زیاتر سەرکەوتووانە دەچیتە گۆڕەپانی بەرامبەرەکەتەوە ڕووبەڕووی پاساوەکانی بیتەوە بەڕاستیو ئەو شێوازانەی کە پاڵپشتی هەڵوێست دەکات، دوای ئەوەی زانیاریت کۆکردەوە دەبێ بەکاری بهێنی لەپەرە پێدانی پلانەکەتدا.

پێویستە لەسەر دانوستان کاران پلانێکی دوور مەودایان هەبێو بشزانن چۆن وەلامی ئەگەرو پرسیارەکان ئەدەنەوە لەکاتی دانوستانەکەدا، وەك بەشێکیش

لەدانوستانەکە دەبێ باشترین پاساو جێگرە دابنێی نەو رێککەوتنەی کەلە دانوستانەکەدا دەکرێت چ بۆخۆتو چ بۆ لایەنی بەرامبەر بەجۆرێك هەر خستنە رووبەك کەمترین لایەنی لەخۆگرتبێ، نەمە باشترە لەرێگای داخستن، بەپێچەوانەشەوە نابێ پێشبینی سەرکەوتن بکەی ئەگەر (جێگرەوە- بدیل)ێکی باشتری نەخستە بەردەست بەرامبەر ئەو پاساو جێگرەوەی کەخۆی وائە لایەنی بەرامبەر بۆخۆی داناوە، بەجۆرێك دەبێ برامبەر رای خۆی پێ باشتر بێتاو بەسودتربێت لە پاساوەکەی خۆی، ئەمە ئەو کات کەپێش ڕۆشتن بۆ دانوستانەکە دەبێ تۆ باشترین ڕێگەچارەت لابێ، بۆئەوەی ئەگەر بەدەستت نەهێنا بتوانی بیگۆڕی.

۲- پێناسەکردنی ڕێسا بنەڕەتیەکان: لەدوای دانانی پلانو پەرەپێدانی بەرنامەی دانوستان دەتوانی ئامادەبیت بۆ پێناسەکردنی ڕێسا بنەڕەتیەکانو ئەو رشێوشوێنانەی کە کاری پێ دەکرێت لەگەڵ لاینەی بەرامبەردا لەکاتی دانوستانەکەدا کە چەند شتێ لەخۆدەگرێت:

- کێ هەڵدەستێ بەپرۆسەی دانوستانەکە؟
- شوێنی دانوستانەکە کوێ یە؟
- کاتی دیاریکراو کامەیە؟
- ئەو بابەتانە چین دانوستانی لەسەر دەکرێت؟
- هیچ ڕێو شێنێکی دیاریکراو هەیە ئەگەر دانوستان بە ڕێگە چارەی داخستن نەگەشت؟

لەم قۆناغەدا هەردوولا گرفتی سەرەتایی و داواکاریەکانیان ئالوگۆڕ دەکەن.

٣- ڕوونکردنەوەو پاساو: دوای پاڵوگۆڕی پێشنیارەکان، هەردوولا دەست دەکەن بەڕاڤەو ڕوونکردنەوەکانیانو جەخت کردنەوە لەدواکاریو پێشنیارەکانیان. پێویست ناکات ئەم کارە ڕووبەڕووبوونەو بێت، بەڵکو ئەمە هەڵێکە بۆ هەریەکە لەلایەنەکان تاکو بابەتو گرفتو داواکانیان بخەنە ڕوو پێناسەی بکەن، چۆنیەتی گەشتنی هەر لایەکیان بۆ داواکاریە کەکەمینەکان، لەم قۆناغەدا ئارەزوو مەندی دەکرێت بۆ خستنە ڕووی هەر بەڵگەیەك کە هەبێ بۆ لایەنی بەرامبەر کەوا دەکات پاڵپشتی هەڵوێستی خۆی لێبکەیت.

٤- دانوستانو چارەسەرکردنی گرفت: کرۆکی پڕۆسەی دانوستان بریتیەلە پڕۆسەی بەخشینو وەرگرتن لە هەوڵدا بۆ گەشتن بەڕێککەوتن ئەمەش ڕەزامەندی هەردوولا پێویستە.

بۆ چاککردنی لێهاتوویت لەبواری دانوستاندا ئەم هەنگاوانە پەیڕەو بکە:

أ- بەخستنەڕوویەکی باش دەست پێ بکە: لێکۆڵینەوەکانی بواری دانوستان ئەوەیان دەرخستووە کە پێشکەش کردنو قسەی ناو دانوستان بەجۆرێکی نەرمو (تنازلی) وا دەکات ئاڵوگۆڕ باشتر بێتو ڕێکەوتن دێنێتە کایەوە، بۆیە سەرەتای ڕێکەوتن بەباشی دەست پێ بکە لەشێوەی (تنازول) کردنێکی بچووکدا پاشان لەگەڵ (تنازولی) بەرامبەرەکەدا بکەوەرە ئاڵوگۆڕکردنەوە.

ب- مامەڵە لەگەڵ گرفتەکاندا بکە نەك کەسێتی یەکان: جەخت لەسەر بابەتەکانی دانوستانەکە بکەرەوە نەك تایبەتمەندی کەسێتی دوژمنو بەرامبەرەکەت کاتێك دانوستان گەرم بوو بەدوور لەهێرش کردنەسەر

بەرامبەرەکەت لەکاتێکدا کەتۆ ڕێك نایەیتەوە لەگەڵ بیرورای کەسێتی بەرامبەرەکەتدا، جیاوازی بکە لەنێوان گرفتو کەسەکاندا هەمیشە جیاوازیەکان مەکە بەجیاوازی کەسی.

ج- زۆر گرنگی مەدە بەخستنەڕووی یەکەم، وا مامەڵەی لەگەڵدا بکە کە نەم خستنە ڕووانە خاڵی دەست پێکن، بەجۆرێك هەر کەسەو **هەڵوێستێکی** سەسەتای دەبێت، هەز دەکات مامەڵەی لەگەڵدا بکاتو **زیادەڕۆیشتی تیا** بکات لەسەر هەمان بنەما.

د- جەخت بکەرەوە لەسەر چارەسەری قازانج بە قازانج: **زۆربەی جار دانوستان** کاران هەوڵیان وایە سوود بەدەست بهێن لەسەر حسابی بەرامبەر، بەڵام نەم کارە هەمیشە چارەسەر نیە، هەندێ ڕێگەچارەش هەن کەسوود بۆ هەردوولا بەڕەوا دەبینن، بەڵام نەگەر بارودۆخ ڕێگەی نەدا نەوا بەشوێن ڕێگە چارەی تەواوکاریدا بگەڕێ (حلول التکاملیه) کار بکە بۆ دروست کردنی هەڵبژاردنی ڕێگەچارەکان لەگەڵ ڕوانین بۆ نارەزووی بەرامبەرەکەت، ڕێگەیەك هەڵبژێرە خۆتو بەرامبەرەکەت ڕازی بکات.

هـ- هەوڵبدە بواریك بکەیتەوە جیاواز بیت لەڕووی متمانەوە: دانوستانکارانی لێهاتوو لەتوانایاندایە زۆر بەچاکی گوێبگرن، زۆر پرسیار بخەڕوو لەسەر پاساوەکانی لایەنی بەرامبەر بەڕاستەوخۆیی و تۆزێك بەهێزی دوورکەوەرەوە لەو ووشەو ڕستانەی کە بەرامبەر وەرز نەکەن هەندێك زاراوەی دیکە بەکاربهێنە وەك (خستنەیەکی بەخشندانەیە، نرخێکی مامناوەندە، ڕێککەوتنێکی معقولە) بەمانایەکی دیکە نەم زاراوانە کەشێکی کراوە دروست دەکەن بۆ هاتنە کایەی متمانەو ڕێککەوتنێکی مەعقولانە.

٥- داخستنو جێ بەجێ کردن: هەنگاوی کۆتای لەپڕۆسەی دانوستاندا بڕیتیە لەدانانی ڕێکەوتن بەشێوەیەکی فەرمیی پەرەپێدانی ڕێوشوێنەکانی جێ بەجێکردنو چاودێری کردنی تایبەت بەو دانوستانانەی کە بنەڕەتیو هەموو شتێ لەخۆ ئەگرن، زۆربەی حاڵەتەکان پێویستی بەپەیمان تاوەیەکی فەرمی دیاریکراو هەیە داخستنی دانوستان زیاتر نییە لە تەوقەکردنو دەست خستنە ناو دەست بەشێوەیەکی فەرمی.

فرۆشتن

کاتێک پرسیار لەچەند فرۆشیارێک دەکەیت دەربارەی پێشەکەیان، واتە فرۆشتن، ژمارەیەکی زۆر وەلامت دەست دەکەوێت، هەندێکیان پێیان وایە سەرچاوەیەکە بۆ بژێوی، هەندێکی دیکە وای دانێنێت ڕێگای بۆ بەدەستهێنانی سامانە، یان زاڵبوونە بەسەر کێبڕکێدا بەاڵم گروپێکی دیکە وا وێنای فرۆشتن ناکەن کە دەرئەنجامی داواو پێویستیەکە کەلە داواکاریو خستنەڕووەوە دروست ئەبێت.

هەندێک کۆمپانیا فرۆشیاران بەشێوازی جۆراوجۆر ڕاو دەنێن، وەک بەڕێرس یاخود سەرۆک بەشەکان، ئەندامان، خاوەن گرنگی، وێناکاری کۆمپانیاو.. تاکۆتایی زۆر باش لەخودی کەسەکان ئەبیستنین کە ئەبێ ئێمە مایکندەی فلاڵن کۆمپانیایین نوێرەی فلانە کۆمپانیاو ئێمە سەر بەبەش پەیوەندی گشتین لە کۆمپانیا .....تا کۆتای.

لەدەرئەنجامدا بەگوێرەی فەرهەنگەکان فرۆشتن بریتی یە لە دەست هەلگرتن لەشتێ لەبەرامبەر بڕێ پارەدا، لێرەدا پێناسەکە کەموکورت دەرئەچێت چونکە

یان خزمەتگوزار نییە بەڵکو(بیرێکە —هزرێکە) بۆغوونە گفتوگۆکەرەکەمان ڕازی نەبێت هاوپەیمانی لەگەڵ هیچ کام لە گروپە داراییەکانـدا نەبەستێ، یـان یان پەسەندی نەکات بەشداری لە سەرمایەی کۆمپانیایەکی تر نـەکات، ئەمـە دانەنرێت بەپرۆسەی فرۆشتن،بەڵام فرۆشتنی بیرۆکەیە.

چاوپێکەوتنی فرۆشتن جیانەکرێتەوە بە گفتوگۆی ئاسـان لـەنێوان هـەردوولادا، لەچـوار دەوری ئـەو کەسـە دەخولێتـەوە کـە فرۆشـیارە کـە مەبەسـتە یـان خزمەتگوزاریە یان ئەو بیرۆکەیەیە ناوی بەرهەمهێنی لێ ئەنرێت.

لە دەرئەنجامدا بەو ڕاستی یە ئەگەین کە چاوپێکەوتنی فرۆشتن جـەخت لەسـەر سێ لایەن ئەکاتەوە ئەوانیش (فرۆشیار، کڕیار، بەرهەمهێن)

چاوپێکەوتن پەیوەندیەکی دەروونییە:

پێکهاتەکانی پرۆسەی فرۆشتن تەنها بۆ گرەنتـی سـەرکەوتن کارناکـات بـەڵکو بونی ڕەگەزی فرۆشیارو کڕیـار لـە چـاوپێکەوتنەکەدا پەیوەندیـەکی دەروونـی لەنێوانیاندا دروست دەبێ.

ئەگەر بڕوانینە هەندێك لەو پەیوەندیە دەرونیانەی کـە سـەرکەوتووبوون، واتـە ڕێکەوتنێکی باشی لێکەوتبێتەوە، بۆمان ڕوون ئەبێتـەوە جۆرێـك لەڕێکخـستن لەم پەیوەندیە دەوونیەدا بوونی هەیە بە چ جۆرێك ملکەچی ڕێکـەوت نـەبووە، بەڵکو لەسەر بنەمای ڕێبازو بونیادی دیـاریکراوو داڕێـژراوە، ئـەم بونیـادەش کۆکراوەیەکە پشت ئەبەستێ بە کۆمەڵێك هزری ڕازی کەر، وە هەندێك توانـایی لای فرۆشیار بۆ بەکارهێنانی پاساوەکانو کڕیـار ڕازی بکـات ئـەویش نـاونراوە

لێژانینەکان، تێگەیشتن، لەم ڕوانگەوە ئەم پەیوەندییە دەروونیە کە پڕۆسەی فڕۆشتنی لەسەر وەستاوە پێویستی بەتینی هەیە پەیوەندیو پەیوەستیەک دروست بکات لەنێوان ڕێڕەوێنەکانی ڕازی کردن.

ناسینی خۆمان ڕەگەزێکی پالێشتو چاکە بۆ ئەنجامدانی کاری فڕۆشیاری، بۆیە نێمە پێش ئەوەی قسە بکەین هەندێك کاریگەری ئەنێرین بۆ ئەوەی بمانەوێت قسەکان بسەپێنین، ئەم ڕووکارەوە وەلآمیە کە دەتوانین بەدیاری بخەین تەنیا هۆکار نیە بۆ سەپاندنی ڕاڤەکردنی خوود بۆیە کەسێتی خۆمان کار ناسانە یان کار قورس کەرە لەسەر تواناکانمان بۆ بەڕێوەبردنی بینینەکانی فڕۆشتنو گەیاندنی بە دەرئەنجامی باش.

لە کۆتاییدا ئەبێ بە ئاگابین کە نێمە تەنیا خۆمان نین، بەلکو دەبێت ڕێککەوتن یان وەکیەکیەك دروست بکەین لەنێوان خۆمان وەك کەسێك لەگەڵ وێنای خۆمان کە گروپێکین بەرگری ئەکەین لەسەر بابەتو بیرۆکەی بەرهەمهێن.

یان خزمەتگوزار نییە بەڵکو(بیرێکە —هزرێکە) بۆغوونە گفتوگۆکەرەکەمان ڕازی نەبێت هاوپەیمانی لەگەڵ هیچ کام لە گروپە داراییەکانـدا نەبەستێ، یـان یان پەسەندی ئەکات بەشداری لە سەرمایەی کۆمپانیایەکی تر نـەکات، ئەمـە دانەنرێت بەپرۆسەی فرۆشتن،بەڵام فرۆشتنی بیرۆکەیە.

چاوپێکەوتنی فرۆشتن جیانەکرێتەوە بە گفتوگۆی ئاسـان لـەنێوان هـەردوولادا، لەچـوار دەوری ئـەو کەسـە دەخولێتـەوە کـە فرۆشـیارە کـە مەبەسـتە یـان خزمەتگوزاریە یان ئەو بیرۆکەیەیە ناوی بەرهەمهێنی لێ ئەنرێت.

لە دەرئەنجامدا بەو ڕاستی یە ئەگەین کە چاوپێکەوتنی فرۆشتن جـەخت لەسـەر سێ لایەن ئەکاتەوە ئەوانیش (فرۆشیار، کڕیار، بەرهەمهێن)

چاوپێکەوتن پەیوەندیەکی دەروونییە:

پێکهاتەکانی پرۆسەی فرۆشتن تەنها بۆ گرەنتـی سـەرکەوتن کارناکـات بـەڵکو بونی ڕەگەزی فرۆشیارو کڕیـار لـە چـاوپێکەوتنەکەدا پەیوەندیـەکی دەروونـی لەنێوانیاندا دروست دەبێ.

ئەگەر بڕوانینە هەندێك لەو پەیوەندیە دەرونیانەی کـە سـەرکەوتووبوون، واتـە ڕێکەوتنێکی باشی لێکەوتبێتەوە، بۆمان ڕوون نەبێتـەوە جۆرێـك لەڕێکخـستن لەم پەیوەندیە دەوونیەدا بوونی هەیە بە چ جۆرێك ملکەچی ڕێکـەوت نـەبووە، بەڵکو لەسەر بنەمای ڕێبازو بونیادی دیـاریکراوو داڕێـژراوە، ئـەم بونیـادەش کۆکراوەیەکە پشت ئەبەستێ بە کۆمەڵێك هزری ڕازی کەر، وە هەندێك توانـایی لای فرۆشیار بۆ بەکارهێنانی پاساوەکانو کڕیـار ڕازی بکـات ئـەویش نـاونراوە

لێژانینەکان، تەنیایت، لەبەر ڕوانگەوە نەم پەیوەندیە دەروونیە کە پڕۆسەی فرۆشتنی لەسەر وەستاوە پێناوێکی بەتینی هەیە پەیوەندی و پەیوەستیەک دروست نەکات لەنێوان ڕێڕەوێنەکانی ڕازی کردن.

ناسینی خۆمان ڕەگەزێکی پالێشتو چاکە بۆ ئەنجامدانی کاری فرۆشیاری، بۆیە ئێمە پێش ئەوەی قسە بکەین هەندێك کاریگەری ئەنێرین بۆ ئەوەی بمانەوێت قسەکان بسەپێنین، نەم ڕووکارەوە وەلآمیە کە دەتوانین بەدیاری بخەین تەنیا هۆکار نیە بۆ سەپاندنی ڕاڤەکردنی خوود بۆیە کەسێتی خۆمان کار ئاسانە یان کار قورس کەرە لەسەر تواناکانمان بۆ بەڕێوەبردنی بینینەکانی فرۆشتنو گەیاندنی بە دەرئەنجامی باش.

لە کۆتاییدا ئەبێ بە ئاگابین کە ئێمە تەنیا خۆمان نین، بەڵکو دەبێت ڕێککەوتن یان وەکیەکیەك دروست بکەین لەنێوان خۆمان وەك کەسێك لەگەڵ وێنای خۆمان کە گروپێکین بەرگری ئەکەین لەسەر بابەتو بیرۆکەی بەرهەمهێن.

کەسێتی فرۆشیار

کاتێك چاومان بەهەندێك کەس دەکەوێت کە حەزیان لە فرۆشتن هەیە، دەبێتن ئەم کەسانە بەدەست ئەوەوە دەنالێنن کە ترسیان لەوەیە ئەم پیشە کەسێتی ئەوان بشێوێنێ یان بیان کاتە پیاوێکی ڕۆبۆت ئاسا.

- کاتێك قسە لەسەر کەسێتی دەکەین دەبێت جیاوازی بکەین لەنێوان دوو ڕشوکاری سەرەکیدا:

- ڕوکاری ناوەکی کە بەردەوام هەیە ناومان ناوە ڕۆکاری کەسێتی
- ڕوکاری دەرەکی ئەکرێت بەشێوەیەکی ئاسان بەدەموچاوی کەسانی دیکەوە بیناسینەوە بە ڕەفتارو هەڵس و کەوت ئاو ئەبرێت.

ڕەفتارو ڕوکاری کەسێتی کە وەرینەگرێت لەنێوان سیفەتی بۆماوەیی و ئەوەی کە تاکەکەس لەسەری ژیاوە یان ڕووبەڕووی بووەتەوە لە ژیاندا دروست بووە. بەڵام ئەگەر چاوێك بخشێنین بە بارودۆخەکەیدا ئەوەمان بۆ دەرئەکەوێت کە دروست بوونی سیفەتی کەسێتی زیاتر پشت بەڕەفتارو سیفاتی بۆماوە ئەبەستێ وەك لە سیفاتی وەرگیراوو، بۆیە لە ڕوانینمان بۆ ڕەفتاری فرۆشیار کەمتر بایەخ بە کارگەری باری وەرگیراو فێربوو ئەدرێت لەسەر کەسەکە.

ئەکرێت بەوە بگەین کە ناکرێت ڕووکاری کەسێتی بگۆڕین بەڵام ئەتوانی دەستی بەسەردا بگرین زاڵبین بەسەریدا.

ئەوەی ئەوانی دیکە نەیبینن ڕەفتارو هەڵس و کەوتەکانمانە، هەر ئەمەشە ڕێگەمان ئەدات بەڕوومالکردنی بەشەکی یان گشتی ڕوکاری کەسێتی کەوای

لێك ئەدەینەوە نەگونجاوە، هەندێك جار هەندێك شتمان لێ بەدیار دەكەوێت كە هەرگیز ڕەنگدانەوەی كەسێتی مان نییە.
ئەمەش ئەو لێكدانەوەیە كە پێشینان ناویان ناوە ڕۆڵی یاریكەری لێهاتوو لەبارودۆخە ناڕەحەتەكاندا.

هەندێك ڕوكاری باش لە فرۆشیارە چاكەكاندا:

وێنەكێشانی نموونەی بۆ كەسی فرۆشیار بابەتێكی ناواقیعی یە، گشت فرۆشیارێكی باش و چاك خاوەن كەسێتیەكە هەرگیز نابێ ڕۆڵی هاوەڵەكانی لەخۆ بگرێت و لاساییان بكاتەوە ناتوانێ ئەم كارە بكات، لە دەرئەنجامی كارەكەی خۆیەوە، لەگەڵ ئەوەشدا بەدواداچوونی بەردەوام و درێژ وانەكات هەندێك خاڵی هاوبەش دروست ببێت كە هاوبەش بێت لەنێوان فرۆشیارە باشەكاندا و لەوێشەوە بكرێت ڕاڤەو ڕونكاریەك ئەنجام بدرێت بۆ لێهاتووی فرۆشیاران، بۆیە زۆربەی فرۆشیارە چاكەكان ئەم سیفەتانەیان هەیە، (خواست و هیوا، توانایی، تێكۆشان، بوێری، هەوڵدان گیانێكی وەرزشی، دەسەلآت، زیرەكی، قسەی باش كۆنترۆلكردنی خود، زۆر هەستیاری).
پێك گەیشتنیان لەگەڵ كرپارەكانیاندا بەڵگەیە بۆ ناسانی پەیوەندی كردن، ڕوونی قسەكردن پاڵنەری ئەمان دەیانەوێت كاریگەری لەسەر ئەوانی دیكە دروست بكەن.

سەرسام دەبن بەگرنگی دانیان بەکەسانی دیکە، بەپاریزگارییان، بەتوانایی وێناکاریان، بەنامادەییان، چالاك بوونیان پشت نەبەستێ بەتوانای تێبینی بوونیان لەسەرنجیان شێوازو رێکخستنیان.

نەمانە ژنو پیاوی سەربەخۆن، کەسانی زیندوون، حەزیان لەسەر کێشی هەیە، پشت بەستن بەخود بەلاّم پەیوەندیان لەگەلّ پارەدا بەهێزو دوولایەنەیە نەویش: پەیداکردنی پارەیە لەگەلّ ئاسانی خەرجکردن؛ کاری باشیان هەیە، چۆن دەزرگاکەیان هەیەتی:

١- کۆنترۆلکردنی خوود:

- ناتوانین هیچ دەرئەنجامێکی باش بەدەست بهێنین لەچاوپێکەوتنێك کە رِقو توڕەیی ببات بەرێوە، (کاتێ قسەی گەرم دەست پێدەکات، دەنگو هەرا دروست دەبێت وشەکان بێ بیر لێ کردنەوە دەردەچن).
- کاتێ توڕەی بالّ نەکێشێ بەسەرماندا وەك پیاو وەك فرۆشیار بێت خالّی لاوازمان بەدیاردەخەین.
- هەندێك جار بڕێ لە کرپاران لەسنوری زانیاریان دەرئەچێت بۆیە پێویستە لەسەرمان:
- هێوری خۆمان بپارێزین
- بەئاگاهیەوە گوێبگرین
- دوور کەوینەوە لەدەرخستنی هەر ئاماژەیەك لەسەر دەموچاومان کە کرپار واهەست بکات بێزاربووین لە بیستنی قسەکانی، یان گوێ لە مەراقو توڕەییەکانی ناگرین دەبینین ئالێرەدا کرپار گەر هەستی کرد

ڕق لێ بوونەوە بێ ئارامی گاڵتەکردن، تۆڕەیی لەسەر ڕووی دەموچاوی دەرتەکەوێت.

- ڕیکلام نموونەیەک لە هونەری نوێ نەخاتە پێش چاوو.

- ڕیکلام ڕەنگدانەوەی هونەریانەیە لای ئەو کەسانەی کە گرنگی پێ ئەدەن ئیتر ئەگەر لەبواری ڕەنگدانەوێ یان لەبواری شێواز یان لەبواری چوارچێوەدا.....
- ڕیکلام دەری نەخات کەچۆن بەرهەمەکان بەکاربهێنێت، ئاخۆ ئەو بەرهەمانە نامرازن یان کەلوپەل.
- ڕیکلام ناشکراکردنی فەلسەفەی ئەو بازرگانانەیە کە **کارئەکەن بۆ** فرۆشتنو ساغکردنەوەی بەرهەمی ڕیکلام بۆکراو.
- زۆر جار ڕیکلام کردن خەڵك تووشی **سەرسوڕمانو سەراسیمەی ناکات** لەبەرامبەر ئەو گۆڕانە بەردەوامەی کە ئەیکات.
- ڕیکلامی نا ئەخلاقی پشت بە درۆو زیادەڕەوی و وروژاندنی پاڵنەرە نزمەکان ئەبەستێ لە ترس و ئارەزوو پەرستی دوژمنایەتی نانەوەو شتی دیکە، ئەو شتانەی کە ململانێ ئەکات لەگەڵ بەها ئەخلاقیەکاندا کە دەبێت مرۆڤ لە پشتیانەوە هەوڵبدات، بەڵام ڕیکلام وەك پەیامێك بەدوور ئەمێنێتەوە لەوەی کە خراپە بالێ بەسەردا بکێشێت.

نامانجە بازرگانیەکانی ڕیکلام کردن

نامانجە بازرگانیەکانی پشت ڕیکلام کردن زۆرو فرە لایەنن ناکرێت گشتیان لەیەك پلەی گرنگی پێداندا دابنێین ئەوانیش بریتین لە:

١- زیادەیەکی ڕاستەوخۆ لە کاڵای فرۆشراو: لەڕێگەی وەبەرهێنانەوە کرێیار بەهەندێ قازانج.

٢- وروژاندنی گرنگی پێدانی کەسانی تازە: لەوانەیە لەنێوان ناوەندی کرێیاران یان ناوەندی کرێندا بن، زۆرجار ئەم ئامانجە لەناو بەهەمە گران بەهاکاندا دەرنەکەوێت.

٣- بەرگری کردن لەستی و کەمتەرخەمی لەکرێندا: زۆرجار کەسەکان واز لە شت کرین ئەهێنن بەهۆی پالنەری سستی لەخەرج کردنو بەهۆی پالنەری تەمبەلی و تەوەزەلی کرێندا یاخود بەهۆی نەبوونی حەزی بۆ بەخەرجدانی هەوڵی پێویست بۆ کرینی نامرازو پێویستیە کەسیەکان، ئەم جۆرە لە تەمبەلی کار ئەکاتە سەر بازاڕی بازرگانی، تالێرەدا مەبەستی سەرەکی ڕێکلام کردن ئاماژەدان بێ بۆ نامرازەکانی ئاسانکاری پرۆسەی کرین لەگەڵ جەخت کردنەوە لەپێویستی ئەو بەرهەمە لەژیانی کەسەکاندا.

٤- پالپشتی متمانە بەفرۆشیاری جیاواز: دامەزراوە ئامانجی ئەوەیە کە پەیوەندیەکی باش لەنێوان مشتەری و فرۆشیاردا دروست بکات لەڕێگای دروست کردنی ڕاستگۆی تازە ئەمەش لەبەرژەوەندی فرۆشتنی ئەوبەرهەمەی کە گرنگی پێ ئەدەین.

٥- هاندانی ڕۆحی ناوەکی کرێیار: زانراوە وەصفو پیاهەڵدانی ئا ڕاستەوخۆ کاریگەری زیاتر جێ ئەهێڵی لە پیاهەڵدانی ڕاستەوخۆ. ئەم دەرئەنجامە ئامانجێکە ڕێکلام کردن هەوڵی بۆ ئەدات لەڕووی کرێکارانەوە ئەویش لەڕێگەی بانگەشەکردن بۆ بەرهەمەکانی کارگەو دامەزراوەکە، لەڕێکلامدا زۆر دەرناکەوێت بەڵام کارگە هەمیشە باس لەوە ئەکات کە هەوڵو توانای کرێکارەکانیەتی ئەم بەرهەمە دروست

نەکات، بەلام ڕیکلام نامازە بەم کارە نەکات بۆ ئەوەی پێگەی بەرهەم بچەسپێنێ.

٦- بڕخستنەوەی لای خەڵك کە بەرهەمی تایبەتی کارگەیە: زۆرجار کات بەسەر هەندێك دامەزراوەدا تێ پەڕ نەکات دامەزراوەکان وا هەست نەکەن کە بازاڕ لەولاتێکدا تەنیا نەسەر ئەو بەرهەمەو ئەو داواکاریە زۆرەی کە بۆی خراوەتەڕوو بەڕێود ئەچێت، وا ئەزانی ئەمە ئیتر بەسە بۆ پەیداکردنی دڵنیایی بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم دامەزراوانە بەردەوام لەڕێگەی ڕیکلام کلادنەوە حەز ئەکات خۆی وەبیر خەڵك بهێنێتەوە بەسەلماندنی بونی خۆی بەهەر ڕیچگایەك بێت.

٧- ڕووبەڕووبونەوەو بەرەنگاری ململانێ: دەبێ ئماژە بەو ململانێیە بکەین کە پاڵنەری کارگەیە یان بازرگانەو هەمیشە لە هەوڵی بەرەنگاری بوونەوەیدایە ڕیکلامیش نامانجێگی تایبەتی ئەم بوارەمان بۆ مسۆگەر ئەکات، هەڵمەتێکی ڕاگەیاندنیەوە بۆ پاڵپشتی کردنی مەترسیەکانی ململانێ لەڕێگەی خستنی ڕیکلامی نوێو نوێگەرەوە بەزۆر جۆرو شێواز.

نامانجە دەروونییەکانی ڕیکلام کردن:

زانستی دەروننناسی لەڕوانگەی ئەو قسەیەوە هەڵوێست ئەگرێتە بەر ڕووەو کاری ڕیکلام کردن کە ئەڵێت بابەتی ڕیکلام لەبنەمادا بۆ ئەو کاریگەریە دەگەڕێتەوە کە دروستی ئەکات لەسەر ڕەفتاری تاکەکانو ناڕاستەکردنیان لەبەر ئەوە دەروننناسی هەوڵ ئەدات وەلامی ژمارەیەك پرسیار بداتەوە لەمەڕ ئەو

ڕێگایانەی کە نەکرێت بگیرێنەبەر لەڕەفتاری تاکەکانو ناراستەیاندا، نەو نامرازانەش کە پەیڕەو نەکرێتو نەو پاڵنەرانەش پشتیان پێ نەبەستریت، نەو پاڵنەرانەش کە نەکرێت وروژێنەر بن نەکرێت هەڵوێستی لەمەڕ ڕیکلامەوە ڕۆچووبێ بەناو هەڵوێستی گشتی دا لە بەرامبەر کاری ڕیکلام کردندا، زانستی دەروونناسی ئینکاری ئامانجە بازرگانییەکانی ڕیکلام ناکات وەهەروەها ئینکاری نەو سودانەش ناکات کە نەکرێت ڕیکلامی سەرکەوتوو دروست بکات. نەوانیش بریتین لە:

- ڕاکێشانی کڕیاری تازەو هاندانی کڕین لەلای کڕیاران.
- بونیادنانی کەسێتیەکی سەربەخۆ لەبەرهەمهێن هەر نەمەشە کە ناو نەبرێت بە کەسێتی بەرهەم.
- چاککردنی بەهاو سومعەی کارگەو بەرهەمهێن.
- پاڵنان بە بەرهەمهێنانەوە ڕووەو پێشو بونیادنانی فرۆشراوی بەردەوام.
- قایم کردنی بەرهەمهێن لەڕێگەی پلاندانان بۆ ڕیکلام لەچوارچێوەی کارکردن.

ڕیکلام ڕووی دەمی لەخەڵکە تاکو کاریگەری دروست بکات لەسەر ڕەفتارو ناراستەیان لەڕوانگەی کڕینەوە، لەبەرنەوە لەڕوانگەی زانستی دەروننناسیەوە نامانجەکانی ڕیکلام نەمانەی خوارەوەن:

١- ڕاکێشانی سەرنج: گرنگترین نامانجی ڕیکلام بەومانایەی کە خاڵی دەرچوونو تێکەڵیە لەگەڵ بینەردا یان بیسەرو گوێگردا یان خوێنەری ڕیکلام، واتە ئەم سەرنج ڕاکێشانە تەنیا بۆ فزولی کەسەکان نییە

بەڵکو بۆ ئەوەیە نەو وروژاندنە بۆ دڕێژترین ماوە بمێنێتەوە لە دەرونی کەسەکەدا.

٢- کاریگەری دانان لەسەر یادەوەری: ئێمە یاخود خەڵك زۆرجار نەو کاتانە ڕیکلام ئەبینن یان گوێمان لێ ئەبێت یاخود ئەیخوێنینەوە کەکاتی بازاڕو سەردان کردنی بازاڕ بن، بەڵام ئەوکاتەی کە ئەچینە بازاڕو ئەمانەوێت شتێ بکڕین ئەو شتانەمان بیردێتەوە کە ڕیکلام پێی ووتوین، ئەمەش کاریگەری ڕیکلامە لەسەر یادگاو بیرەوەری تاکەکان واتە کاریگەری خۆی دانەنێو دور مەوداش لەلای کەسان ئەم کاریگەریە ئەمێنێتەوە.

٣- پڕکردنەوەی پێداویستیەکان: خەڵك تەنیا بۆ نارەزوو توانا شت ناکڕێت بەڵکو لەپشت ئەم شت کڕینەیەوە پێویستیەك هەیە کە دەبێ پڕبکرێتەوە لەبەرئەوە ڕیکلام پێویستیەکان ئەوروژێنێ زۆر جاریش پێویستی تازە دێنێتە کایەوە. گشت ئەو داواکاریانەی پێویستی بە وردەقەو قەڵەم هەیە تابنوسرێتو جۆری نەو نامرازانەیە زۆرن ئەکرێت ڕیکلام ڕووەو لایەکی تایبەت نەو پێویستیانە ببوروژێنێ وەك نەو قەڵەمەی کە زۆر بەرگە ئەگرێت، جۆری نەو لاپەڕەیەیی کە زۆر جوانو نەرم لەسەری ئەنوسرێت، بۆیە ڕیکلام بەهێزکردنی نەو پێویستیەیە لەحاڵی ململانێدا کە کەمترخەمی پیادا تێپەڕ ئەکات.

٤- پێکهێنانی بیروڕاو قەناعەت: تەنیا وروژاندنی پێویستیەکان بەس نین بۆ ئەوەی تاکەکان کالای ڕیکلام بۆ کراو بکڕن بەڵکو نەو ڕیکلامە جۆرێك لە باوەڕ دروست بکات لایان کە ئەمە نەو پێویستیەیەکە

بەراستی جێگایەك یاخود پێویستیەك بۆ ئەوان پڕ نەکاتەوە، بەباشترین شێوە، دەبێت کاری پڕۆپاگەندەو ڕیکلامەکە گشت نەو ڕێگرانە کە دێنە بەردەمی وەلامیان بداتەوە تاکو باوەڕو قەناعەتی باش دروست بکات بۆ کڕینی نەو کالایەی کە خراوەتە پێش چاوی لەڕێگەی دروست کردنی باوەڕو گرنگیو پێویستی نەزموونکردنی بەلای کەمەوە.

٥- پێك هێنانی توانای کارو جێ بەجێ کردن: تەنیا ڕیکلام نابێت کاربکات بۆ دروست کردنی باوەڕو قەناعەت، بەڵکو دەبێت نەو گۆڕەشی تیابێت کە توانایی کارو جێ بەجێ کردن دروست بکات، خۆی دروست کردنی بڕوباوەڕ بەرامبەر کالا کارێکی گرنگە چونکە هۆکاری پشت جێ بەجێ کردنە وە لەبەرنەوەی هۆکار بۆ گواستنەوەی زانیاری لە کەسی باوەڕ پێکراوەوە بۆ کەسانی دیکە، بەڵام دەبێ ڕیکلام زیاتر گرنگی بداتە چالاکی جێبەجێ کردن کە نەویش کڕینە، وە دەبێ تەنیا کڕین مەبەستی نەبێت بەڵکو مەبەستی بێت زیاترین زانیاری لەسەر کالاو بەرهەمهێن بداتە کڕیار.

٦- پێکهێنانی نەریتی تازە: دەبێت ڕیکلام کاربکات بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی نەریتی کۆنو پێکهێنانی نەریتی تازە، نەکرێت بوترێت کە ئەم سێ مەبەستەی کۆتای بەشوێن یەکدا دێن ئەوانیش یەکەمیان دروست کردنی باوەڕ و دووەم پاڵنەرو سێیەم ناراستەمان وا لێ بکات ببێتە نەریتێو لە کارەکانماندا ئیتر نەوەندە پێویستمان بەبیرکردنەوە نەبێت.

ئەو بنەما دەروونیانەی کە بردوپێدانی ڕێکلام پشتی پێ ئەبەستێ

١- پاڵنەر: لەپشت هەر ڕەفتارێك پاڵنەرێك یان کۆمەڵێك پاڵنەر لەپشتی یەوە هەیە، ئەمەش ڕاستیەکە تۆژینەوەی بواری دەروناسی گشتی و لێکۆڵینەوەی دەروونی لەبواری ڕاگەیاندن سەلماندوویەتی، ئەگەر نەم کارە وابێت ئەوا نامانج لە ڕێکلام بریتیە لە ناراستەکردنی ڕەفتاری تاکەکان لەبەرژەوەندی بەرهەمی ڕێکلام بۆکراوبێت، دەبێ ڕێکلام بەشوێن ئەو پاڵنەرانەدا بگەڕێ کە کالاو بەرهەمەکە ئەورۆژێنێ، هەروەها کارکردن بۆ ئەو حاڵەتانەی کە ململانێ دروست دەکات لەسەر دەرونی کەسەکان، ئەو پێویستیانەی کەڕێکلام ئەورۆژێنێ لەوانەیە بەهێز بێت، بەاڵم پاڵنەری پارێزگاری کردن لە پارەکانمان لەوانەیە لەو بەهێزتربێت بۆیە ئەو ململانێیەی کە دروست ئەبێ لەو نێوانەدا لەوانەیە لەبەرژەوەندی کڕێن کۆتایی نەیەت.

بۆیە ئەگەر شارەزا بووین لەمەڕ حاڵەتەکانی ململانێوە ئەو کات ئەتوانین بەوجۆرە ناراستەی ڕێکلام بکەین کە هەوڵێك بێت بۆ بەهێزکردنی پاڵنەری کڕین، پاڵنەری جەخت کردنەود لەخودو پاڵنەری خاوەندارێتی، پاڵنەری پەیوەست بەڕەگەزو پاڵنەری سەلامەتی کەسێتی و پاڵنەری پەیوەست بە فزولی و زانین و ئەوانی دیکەش گشتیان پاڵنەری بەهێزن ڕێکلام حیسابیان بۆ ئەکات و گرنگی یان ئەداتێ بۆیە تاکو کاری کڕین سەرنج ڕاکێشتر بێ ئەبێ ڕێکلام جەخت بکاتەوە لەسەر زیاد لەیەکێ لەو پاڵنەرانەو کاریگەریەکانیان.

دەبێت ئەوەمان لەبیر بێت کە مرۆڤ تەنیا ئەو شتانە ناکڕێت کە گرنگە بۆ مانەوەی بەڵکو ئەو شتانە ئەکڕێت کە باشترین خۆشگوزەرانی و مانەوەی بۆ

فەراهەم دەکات، هەندێك جار پاڵنەری بۆ دروست نەبێ کە ئەوە پێویستی پڕ ئەکاتەوە لە هەمان کاتدا لەوانەشە کە تا ئێستە پێویستی نەبووبێ بەکاری بهێنێ.

٢- هەستو هۆشداری: گومانی تیا نییە کە ئێمە لەڕێگەی هەستەکانمانەوە پەیوەندی بەجێهانی دەرەکیەوە دەکەین دەبێت بە هەستەکانمان ناراستە بگرین ڕووەو نەو وروژێنەرە بۆ ئەوەی زانیاریەکی لێوە دەست بخەین، ئەم لایەنە گرنگی دەروونی ڕیکلام زۆر گرنگی پێ ئەدات و پشتی پێ ئەبەستێ، بۆیە نەو وروژێنەرانەی کە دەوریان داوین زۆر جۆرن، دەبێت ڕیکلام ڕەگەزی وروژێنەر بۆ هەستەکانمان لە خۆبگرێت بەجۆرێك هەردوو لایەنەك لەخۆبگرێت، جولّەو بزاوت لە وروژێنەردا ڕەگەزێکی هاوکارن بۆ وەرگرتنی هەستو سەرنج ڕاکێشان، ئەمەش ڕاستی یەکە لەڕاستی یە دەروونییەکان دەبێت ڕیکلام ئاگاداری ئەم لایەنە بێت بەلاّم جولّە تەنیا هۆکار نییە بۆ وروژاندنی سەرنج، ئەکرێت ڕەنگیش هۆکارێکی بەهێز بێت، ئەکرێت وێنە گرنگو بەهێز بێت یاخود ئەکرێ چوارچێوە هۆکارێکی سەرەکی بێت.

بۆیە گرنگە لە بەئاگاهیەوە بڕوانینە هەستەکانمانو سەرنجو گرنگی پێدان لەکاتی خوێندنەوەی ڕیکلامدا یاخود لەکاتی سەیرکردنیدا، سەرەڕای ئەوانەش دەبێت ڕیکلام کاری کردبێت بۆ وروژاندنی سەرنجو هۆشداری نەویش لەڕێگەی تەرخانکردنی کاتێکی گونجاوەوە.

٣- کاریگەری دوبارە کردنەوەو هۆکارەکانی دیکە لەسەر لەبەرکردنو بیرهاتنەوە، ڕادەی سەرنج ڕاکێشی ڕیکلام لەسەر نەو لایەنە وەستاوە کە تا چەند نەو کاریگەریانەی لەلای کەسی بەرامبەر هەڵدەگیردرێتو لە یادگە _زاکیرە_ دا دەمێنێتەوە، دووبارە کردنەوە **پێگەیەکی** تایبەت دیاری نەکات لە پاراستنو لەبەرکردنی ڕیکلامدا **هیچ جێگای** سەرسوڕمانیش نییە چونکە هەر شتێ کە **فێری نەبین لەبەرکردن** کاریگەری خۆی لەسەر دانەنێت، بۆیە دووبارە **نەکرێتەوە تاکو** بپارێزرێت لای کەسی بەرامبەر هەروەها **چونکە نازانرێت کاتی گرپار** لەچ کاتێکدا نەچێو کالاکە نەکڕێتو کارەکەی **نادیارە**. ڕیکلام بۆنەوەی حازربێتو بوونی هەبێت دەبێ **هەمیشەی** و ڕاوەستاوبێت بۆنەوەی هەلێك بێت بۆ کەسی بەرامبەر تاکە شتەکانی بکڕێت. بۆیە دوبارەکردنەوە بابەتی لێکۆڵینەوەی ژمارەیەکی زۆری پەیوەست بە ڕیکلام بووە، بەڵام هەندێك گرفت هەن دەگەڕێنەوە بۆ دوبارەکردنەوەی بەردەوام زیانەکانی نەگەڕێتەوە، ئەم توێژینەوەیە ئەوەی سەلماندووە کە دەبێت ماوەی کەم هەبێت وەکو پچڕانێك بۆ ڕیکلام، بەڵام نابێت نەو ماوە هێندە زۆر بێت کە ڕیکلامەکە لەبیر بچێتەوە هەروەها پشتگیری جۆراو جۆری و فرەڕەنگیان کردووە لە دوبارە کردنەوەکاندا.

٤- هۆکاری پێکەوە بەستراوو بانگهێشت کاری: کاتێك ڕیکلامێك نەبینین لەناو چوار چێوەکەیدا پێکەوە بەستراو هەیە بۆ جۆرێك لەبەرهەمو لەنێوان ڕووداوێکی گرنگی میژوویدا، نەو بنەمایەی کە ئەمڕۆ ڕیکلام پشتی پێ ئەبەستێ بریتیە لە بوونی ئارەزوو بۆ وەبیرخستنەوەی مرۆڤ

ئاخۆ دروست کراوبێت یان ڕاستەقینە وا ئەکات بینەر دووبارە بیربکاتەوە لەو حاڵەتەی کە بەسەریا تێپەڕ ئەبێت، دا ئەنرێت بە پرۆسەی بانگهێشت کاری بونیادنانی هزرەکان لەسەر بنەمای پێکەوە بەستنی پێشینەی نێوان ئەو ڕوداوە گرنگانەی کە ڕیکلام کاری لەسەر کردووە.

ئەو پێکەوە بەستنەی کە مەبەستە ئەکرێت شوێنی بێت وەک پێکەوە بەستنی جۆرێك لەبەرهەمو ناوو شوێنێکی ناسراوو، یان لەوانەیە پێکەوە بەسترانەکە زەمانی سەردەمی بێت وەک بەکارهێنانی بەرهەمێك لەیەکەم کاتیدا لە ڕێگەی سەرکردەیەك یان پاڵەوانێ یاخود هونەر مەندێکی بەناوبانگ، لەوانەشە مەبەستی پێکەوەیی بوونەکە بریتی بێت لەبەستنەوەی مانای تایبەتی ڕیکلام بۆ کراوو لەگەڵ ئەو مانایەی کەوا خەڵك لێی ئەڕوانن، نەك بەستنەوە لەنێوان سەرکێشی پاڵەوانانو بەرهەمێکی کارگە یان بازرگانی ئەوانەی کە ئێستە دەر ئەکرێن لە ڕیکلامەکانی ڕۆژگاردا.

یان لەوانەیە ئەو پێکەوە بەستنە پێکەوە بەستنی لێك دژیو جیاوازی نێوان دوو بابەت بێت، پشت بەستن بە بانگهێشت کاری بۆ ئەوەیە کەسی بینەر ناسان لە ڕیکلامەکەی تێبگاتو لەبەری بکاتو بیرەوەری بەهێز کات، بەڵکو مەبەستی ئەوەیە لە گواستنەوەی ڕوداوەکانەوە بیرەوەری کەسەکە وا لێ بکات کەوا هەست بکات شتێکی کەش ڕوو ئەدات.

٥- پاساوی عەقڵی و هۆکاری ڕازی کەرو ناماژەدەر: زۆر جار کالایەکمان هەیەو ئەمانەوێت ڕیکلامی بۆ یکەین بەڵام ئەم کالایە زۆر گرنگ نییە لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکدا بەڵام دەمانەوێت بیانسێنین بەخەڵکو پاڵنێین بۆ کڕینی، لەم کاتانەدا پەنا ئەبەینە بەر لایەنی عەقڵی پاساو ڕازی کردنی ئەقڵی ئەوکات دادگایەکی ئەقڵیانە دروست ئەکەینو تیایدا گرنگترینی ئەم کالایە ئەکەین بە فەرمان، بۆیە زۆرجار خەڵکو فرۆشیارانیش بەم ڕێگایە کاریگەر دەبنو زۆر جار فرۆشیاریش ناماژە دەکاتە ئامرازی خۆی بۆ ڕازی کردنو باوەڕ پێکردنی کڕیار.

٦- جیاوازی تاکایەتی: ڕیکلام بۆ خەڵکی ئەکرێت بەڵام خەڵك گەورەو بچوك و پیاو ژن کەسی زۆر خوێندەوارو کەسی زۆر نەخوێندەوار لەخۆ ئەگرێت، ئەم جیاوازیانەی نێوان خەڵك لەڕووی ڕەگەزو گەشەی تواناکانو لێهاتوویی و لایەنەکانی گرنگی پێدان، باسێکە کە ئەبێ ڕیکلام گرنگی و بایەخی تایبەتی پێبدات، قسەکردن لەسەر حاسبە- بژمێر- زۆر جێگەی گرنگی خەڵك نییە، باسکردن لەکەڵو پەلی ناومالێ زۆر جیچگەی هەرزەکاران نییە، جلوبەرگی گەنجانە سەرنجی پیران بۆ لای خۆی ڕاناکێشێ، هەندێك دامەزراوە لە دەرئەنجامی توێژینەوەوە ئەوەیان زانیوە کە زۆرینەی ئەو کەسانەی کە بەپێی بیرکردنەوەو ژماردن پارە خەرج دەکەن هەرزەکارانن ئەوانەن کە بیری داهاتوویان نییە، بەرپرسیارێتی داهاتوو لە خەیاڵیاندا بوونی نییە، بۆیە زۆرێك کار ڕیکلامیان ئاراستەی ئەم نەوەو تەمەنە کردووە

بـەزمانی گونجـاو، بـەلآم هێنـدە سـادە نـا کـە تەمـەنی (٣٠،٤٠) ناوەڕۆکەکەی دەرك بکەن.

٧- سوعبەت گالّتەکاری: زۆر جار ڕێکلام پشت بەگالّتـەکاری ئەبەسـتێ بـۆ دروسـت کردنـی کاریگـەری لەسـەر خوێنـەرو بینـەر، زۆر جـار بەستنەوەی گالّتە نامێزانەی نێـوان نـاوی بەرهەمەکـەو ڕێکلامێکـی پێکەنیناوی زیاتر کاریگەرە بـۆ خسـتنەڕوو ناوەکـەی ، ئـەم کـارەش دەبێتە هۆی چێژی گـشتی ڕووبـەڕووی ژیـانو لایـەنی گالّتـەو گـەپ دەبێتـەوە، ئـەو بانگەشـەیەی کـە ئـەوانی کـە بابەتیـەتی زۆر بـاش خوێنەرو بینەر پەسەندی ئەکەن لە چاو ئـەو بانگەشـەیەی کـە خـۆی ئەکاتە بابەت بۆ ئەوانی دیکە، بۆیە ئەو ڕیکلامە سوعبەت ئـامێزەی ڕووبـەڕووی جـەماوەر ئەکرێتـەوە کاریگـەری زۆر بـەهێزترە لـەو ڕیکلامەی کە ڕووبەڕووی تاکەکان ئەکرێتەوە.

لە هەموو حالّەتەکاندا نابێ زۆر گالّتـەو گـەپی ڕیکـلام بـۆ کالایـەك سنور ببەزێنێ، بەجۆرێك ئەوەندەی گالّتەو گەپ لە زاکـیرە- یادگـەی تاکەکاندا بمێنێتەوە کە ئیتر هیچ گرنگیەك نەدرابێ بە کالآ ڕیکلام بـۆ کراوەکەو تایبەتمەندیەکانی، بۆیە گـەر زانیمـان ڕادەی گالّتـەو گـەپ لاوازە، دەبـێ هاوسـەنگی ڕاگـرین لـەنێوان مەبەسـتەکانمانو گالّتـەو گەپو کاریگەریان وە لە پەیوەنـدێتی دا بـەو کـالآو بەرهەمـەی کـە ڕیکلامی بۆ کراوە.

٨- نوێکاریو تۆکمەیی: زۆر قورسە تۆ لە ڕیکلام کردندا تەنیا پشت بـە شتی دووبارەو بەرچاو خراو ببەستی، بۆیە ڕۆڵی ڕیکلامـی تازەگـەرو

نوێکـار زۆر گەورەیـە لـە بـەدیهێنانی ناماڤجەکانیـدا، تۆکمـەیی لـە ڕێکلامدا زۆر کاریگەرەو ناسەوار لە هـزری مرۆڤـدا بـەجێ نـەهێڵێ بەجۆرێك هاوکاربێت بۆ کڕین، ڕەگەزی نوێکاری لە چۆنیەتی دەربڕینی صیفاتی تایبەتی بەرهەمهێناندا بەدیار دەکەوێت.

۹- دروشمە پەیوەستەکان: زۆر جار ڕیکلام کردن خۆی بەدوور ناگرێت لـە دروشم، بەڵکو دروشمێـك بـەکار نـەهێنێ کـە ناماژەیـە بـۆ پێکـەوە بەستنەوەی ڕیکلام کارو کالاّو بەرهەمەکە، زۆر جاریش دروشم ڕۆڵـی باشی گێڕاوە لە بەجەستەکردنی ناماڤجی ڕیکلامەکەدا، خۆ بـۆ خـۆی دروشم کاریگەری زۆری لەسەر خەڵك هەیە وشەی کورتو مانای پڕە، سەراپای ژیانو بۆنەو خۆشی‌و ناخۆشـی خـەڵکو میللـەتی لـە چـەند ووشـەیەکی کورتـدا کۆکردۆتـەوە زۆر بـاش هـەمان دروشمـی نـاو کرمەڵگەیەکە بەکار نەهێنرێتەوە.

بۆیـە نەگـەر ڕیکـلام بایـەخ بەدروشـم بـدات نـەبێ زۆر بـەڕوونی پەیوەسـتیەك دروسـت بکـات لـەنێوان دروشمـی بەرهـەمهێنانو زۆر بەباشیش دروشمەکان ببەستێتەوە بە بۆنەکانی ژیانی نەو کەسانەی کـە ڕیکلامەکەیان بۆ نەکرێتو نەرێتە پێش چاویان، سـەرەڕای نەوانـەش دەبێ دروشم زیرەکیەکی تیابێ تاکو فـزولی‌و ڕادەی گـەڕانی بیـسەرو بینەر زیاد بکات، دروشـم زۆر بـەکار نـەهێنرێت تـاوەکو ناوێـك بـۆ کالاکە بێنێتەوە زۆر جار لەگـەڵ ڕیکلامـدا دروشـم ناخرێتـەڕوو یـان لەگەڵ هەڵمەتی بانگەشەی بەرهەمهێندا.

باشترین ناوەند بۆ بڕەودان بە بەرهەمەکان:

ڕێکلام وێنای پەیوەندیەکی پالنەرانەی نا کەسێتیە لەڕێگەی ناوەندەکانی بلاوکردنەوەوە ئەگوازرێتەوە، ناوەندەکانی بلاوکردنەوەش بەشێك لەو پێناسە دیاریکراوە پێك ئەهێنن کە بۆ مەبەستی ڕێکلام (بانگەشە کردن)ە لەڕێگەی پەیامێکو بەناو ناوەندێکی بلاوکردنەوەو ڕاگەیاندن کارەکە ڕاپەڕێنرێت، واتە ڕووبەڕوو یان دەنگ بەرامبەر دەنگ نییە، دواتری دانەنرێت بە ناوەندێك بۆ گەیاندنی پەیامە گرنگەکەتو سەرکەوتنی ڕێکلامەکەت ئامرازەکانی ڕاگەیاندن ڕێکلام کردن زۆر لە خوارەوە باس لە گرنگترینیان ئەکەین:

١- ڕۆژنامەکان: لە پێشی پیشەوەی ئامرازەکانی ڕێکلام کردنەوە دێت، چونکە بەردەوام هەوڵ ئەدات لەبەش بەش بوونو فرە بابەت بووندا بێو سەرنجی بینەرو خوێنەر بۆ لای خۆی ڕاکێشێ، بۆیە ئەگەر ڕۆژنامە هەڵبژێردرا بۆ ڕێکلام ئەوا دەبێ چی گونجاوە بۆ خەڵك ئەوەی تیا بلاوبکرێتەوە ڕۆژنامەش خاوەنی چەند تایبەت مەندیەکە ئەوانیش

أ- هەموو ڕۆژێك چاپ ئەکرێت بۆیە زۆر دووبارە ئەبێتەوە هەروەها ئەگەر پێویست بە گۆڕان لە ڕێکلامەکەدا بکرێت مادام ڕۆژنامە چاپ ئەبێت ئەم گۆڕینی ڕێکلامە زۆر ئاسان دەبێت ئەگەر هاتوو ئەو گۆڕانکاریە گرنگو پێویست بێت.

ب- زۆر بلاوەو ئەگاتە دەست گشت چینەکانی کۆمەڵگە بەخەڵك ئەگات ئەگەر لەناوەندێکدا بن یان لە شوێنێکی خۆی یان لەناو

هەریەکدا وە گونجاویشە لەگەڵ ژینگە کۆمەڵایەتیەکەدا بۆ ڕیکلام کلادن لەسەر بەرهەمهێن.

ج- زۆر شێوازو قەبارەی جیاوازی ڕۆژنامەکان بوار بۆ ڕیکلام خۆش نەکەن ئەکرێت بەگوێرەی شوێن لە ڕۆژنامەدا ڕیکلام نەنجان بدەین.

د- تا نێستەش ڕۆژنامە ناوەندی یەکەمینە بۆ ڕیکرم کارە خۆ جێیەکان بەجۆرێك ڕۆژنامە نەو پەیامەی کە بەرهەمهێن هەیەتی بۆی بڵاو نەکاتەوە ڕاوەستاوە لەسەر بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەیی بەشێوەیەکی ڕێکخراو و ڕۆژانەو هەفتانەو مانگانە.

٢- گۆڤارەکان: گۆڤار ماوە درێژترە لە مانەوەدا لە چاو ڕۆژنامە، هەروەها ڕەگەزی توێژینەوە زیاتر لە گۆڤاردا دەرنەکەوێت لەچاو ڕۆژنامەکان، پاشان توێژینەوەی زانستی توانای بڵاوکردنەوەی زۆر زیاترە لە گۆڤارەکاندا لە چاو ڕۆژنامە ڕۆژانەییەکاندا، سەردڕای نەوەش پسپۆڕیو تایبەتمەندێتی لەناو گۆڤاردا زیاترە بۆیە نەگەر ڕیکلام کار گۆڤاری هەڵبژارد دەبێ بگەڕێ بەدوای جۆری خوێنراوی گۆڤارەکەو ڕادەی بڵاوبوونەوەیو نەو ژینگەیەی کە تیایدا بەشکراوە هەروەها جەخت کردنەوە لەو خاڵانەی کە گرنگی پێدانی ڕۆژنامەکەیەو بەو هۆیەوە ناوبانگی پەیداکردووە.

٣- ڕیکلام لەسەر نەنتەرنێت: دوو ڕێگای سەرەکی هەیە بۆ ڕیکلامی نەنتەرنێت:

أ- تۆمارکردنی (وێب سایت)ێکی تایبەت بەخۆت لەشوێنی گەڕانە سەرەکیەکاندا بەوجۆردش سەردانکەرانی نەنتەرنێت نەیدۆزنەوە.

ب- دانانو ڕاگەیاندنی دروشمی ڕیکلامەکەت کەلەسەر ویپ سایتێکی دیکە بەم جۆرەش سەردانکەران نەتوانن بگەڕێنو بێنە ناو شوێنەکەتەوەو دروشمەکەت ببینن.

٤- ڕیکلام لە ڕێگەی ڕادیۆوە: یەکێك لەو ئامرازانەی کە ڕیکلامی پێ ئەکرێتو لە زۆر ولاتانی جیهاندا باو بەلاوە بەتایبەت لەناو سەیارەی بارو ناومالان، ڕادیۆ ئەوەی چاکە نەتوانی گوێت لە ڕیکلام بێو چەند کارێکی دیکەش ئەنجام بدەیت، هەروەها ڕادیۆ هەندێ هەلی دیکەی تیایە لە گۆڤارو ڕۆژنامەدا بوونی نییە، لە ڕادیۆدا کاریگەری دەنگ موسیقا قسەی ڕاستەوخۆ چیرۆکی زیندوو ناو هونەر مەندی بەناو بانگ لە کاری ڕیکلامەکەداو چێژو زاراوەی وشەکانی ڕیکلامەکە ئەکرێت بلاوبکرێنەوە، بەو جۆرەش ئەکرێت کەشو پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆ لەڕێگەی گوێگرتنەوە بۆیە ئەم تایبەت مەندیانە وا ئەکەن کاریگەری ڕادیۆ ماوە درێژترو کاریگەر تربێ لە ئەوانی کەو هەروەها ڕیکلامی ڕادیۆ جیا ئەکرێتەوە بەسادەیی.

٥- ڕیکلام لە ڕێگەی شاشەی بچوك tv یەوە: تەلە فزیۆنو شاشەی بچوك دانەنرێت بە نوێترین ئامرازی ڕیکلام بەلاّم کاریگەرترینیانە لەو بوارەدا کە بەردەستە بۆی، ڕیکلام لەم ئامرازانەدا زیندوو ڕاستەوخۆیەو بە بیستنو بینین بە وێنەو قسەوە ڕووی لەکەسی بەرامبەرە، لەم ڕێگایەدا ئەکرێت ڕیکلام کار ئەو لایەنانە بەکار

بهێنێت که لەوانی دیکە نیـەو نـەتوانی چـۆنیەتی بـەکارهێنانو کارکردن بەبەرهەمەکە

ڕاستەوخۆ شەرحو ڕافە بکات بـۆ بەرامبـەرەکانی، بـەکارهێنانی لایەنی مرۆیی‌و کەسانی سەرنج ڕاکێشەر هەندێك لایەنی کەم هەن tv شاشەی بچووك نەتوانن ئامانجی ڕیکلامی تیا بەدەست بهێنن.

أ- لێرەدا ڕیکلام کار وێنەی زیندوو بلاّو نەکاتەوە بەیەك جار نەیخاتە بەر چاوی بنەرانی‌و ڕۆژانـی یەکـەمی دامەزراوەکـە هەسـت نـەکات کـە ملکلانێیەکی دروست کردووە، کاتێك کە بەرهەمێکی تازەی دروسـت کردووە لە زۆرێك لە شـارەکاندا بـلاّوی کردۆتـەوە هـەورەها شاشـەی بچوك ئەو چاکەیەشی هەیە کە دەر نـەنجامی ڕوونـە لەمـەڕ خـستنە ڕووی چۆنیەتی بەکارهێنانی بەرهەمی ڕیکلام بۆ کراوو.

ب- ئەمان گەیەنێ بـە هـەزاران کـەس ئەچـنە مالّەکانیانـەوە سـەرنجی هەرکەس ڕائەکێشن بە ناراستەیەکی بەهێز ڕوو هەر کەسێك کە دێتـە بەردەمیان.

٦- پەیوەندی پۆستی ڕاستەوخۆ: ئەو جـۆرە لـە پۆسـتی ڕاسـتەوخۆ چوار جۆر لەخۆ ئەگرێت:

یەکەم: ڕیکلامی پۆستی: ناردنی کۆپیـەکی ڕیکلامـە پۆسـتیەکە بـۆ کڕیـاران بەکار بەران‌و فرۆشیاران.

دووەم: فرۆشتنی لەڕێگەی پۆستەوە: لە ڕێگەی ناردنی بەهای بەرهەم‌و تێچوونی ناردەنیەکانی بەرهەمەکان.

سێیەم: داواکردنی لەڕێگەی پۆستەوە: لەڕێگەی دروست کردنی ڕێبەرێك پێك هاتووە لە بەهاو جۆرو شێوازو ڕێگاکانی کڕینی.
چوارەم: ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی پۆستی: ئەو ئامرازانە بریتیە لەو بلاوکراوە وەرزیو بلاوکراوە تایبەتو نموونەی بچوکو ڕێبەری گشتی بەرهەمهێن.
ئامرازەکانی دیکەی ڕیکلام کردن: هەندێك ئامرازی گرنگی دیکە هەیە لەوانە خراوە ڕووی خۆجێیو نێو دەوڵەتی لافیتەی بابەتیو ڕێگای هەڵواسینو لەسەر سەیارەی گواستنەوەو ڕیکلامی لاستیکیو لەسەر دیوارو ڕێبەرەکانو مفکر-هزر نوسی سالانەو لە ڕێگەی ئامرازە نوێکاریەکانی دیکە وەك ئامێری کبریتیو بەردە شەستێ و چەخماخو وشك کەرەوەو ئامرازەکانی دیکە.

گرنگی برەوپێدان لەکاری بازرگانیدا

ئامانج: برەو پێدان ناسینی بەکاربەرو ڕازی کردنیەتی بۆ کڕینی بەرهەمەکان، برەو پێدان بریتی یە لەو گۆڕانە سحریەی کە سەرکەوتن دروست ئەکات لە بازاڕی کاردا، مەبەست لە برەو پێدان گشت ئەو وێنە ناراستە کارانەیە کە ئەخرێتە بەردەست بەکاربەر لەسەر کالاکانو گونجاوە لەگەڵ پێویستیو حەزەکانی بەکاربەردا، تیایدا تۆکمەییو ئارەزوو نرخی گونجاو بۆکڕین لەخۆ دەگرێت لەلایەن بەکاربەران.
هەروەها بردو پێدان بریتی یە لە پێدانی زانیاریو خستنە ڕووی سەرجەم تایبەتمەندی یەکانی کالا بۆ بەردەست کەسی بەرامبەر بۆ ئەوەی گرنگی پێدانی بوروژێنرێت بۆیە لەو پێناسانەی سەرەوە بەو پێناسەیە بگەین کە برەو پێدان بریتی یە لە پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆ یان نا ڕاستەوخۆ بە ئاراستەی بەکاربەرانو

بەکارهێنەرانو کاریگەریو چاودێران بۆ ئەوەی بوروژێنرێتو ڕازی بکرێت بەوەی دەستیان بگاتە ئەو کالاّیانەی کە پێیان وایە سودێکی باشی ئەبێت بۆیان دواتریش ئامانجە سەرەکیەکانی بڕەو پێدان بەمانەی خوارەوە دانەنرێت:

- پێدانی زانیاریەکی باش بەکەسی کڕیار لەبارەی کالاّو بەرهەمەکەیەوە.
- وروژاندنی گرنگی پێدانی بەکاربەر پەیوەست بەبەرهەم هێن
- دروست کردنی هەڵوێستێکی باش لەبەرامبەر کۆپانیاو بەرهەمەهێن.
- ڕازی کردنی کڕیار بۆ کڕینی بەرهەم.
- بەهێزکردنی لایەنداری بۆ ئەو جۆرەیکە بەرهەمەهێن لەخۆی گرتووە.
- ناردنی پەیامێك بۆ کێبرکێ کاران و ژینگەی کارگەو کۆمپانیا بەشێوەیەکی گشتی.

بڕەو پێدان تەنیا کالاّ بەرجەستەکان ناگرێتەوە بەڵکو بڕەو پێدان گشت ئەو وێنە ڕازی کەرانە دەگرێتەوە کە پەیوەستە بەخزمەتگوزاریو بیرۆکەو بیرو ڕاکان و.....هتد.

پرۆسەی پەیوەندی پێك دێت لە:

١- پەیام نێر: بریتی یە لەو لایەنەی کە بەرپرسە لە ناراستەکردنو گەیاندنی زانیاری بەرەو لایەنی حەزی لێ کە،و ئەو لایەنەی پێی ئەگات، نێرەر ئەکرێت بەرهەمهێن بێت یان خاوەن دەرامەت یان کەسی دابەشکاری بەرهەم بێت ..... تا کۆتایی.

هەریەکەیان ئەیانەوێ بەرامبەر بیر بکاتەوە یان ڕازی بکات یان بیناسێنێ بە کالاّو بەرهەمەکەو ڕێنوێنی کردنی بەرامبەر لە چۆنیەتی

بەکارهێنانی ئالیرەدا ڕاستگۆیی نێرەرو بەهای کەسەکە بەشێوەیەکی گشتی هاوکارە لەسەرکەوتنی پرۆسەی پەیوەندیەکان، بۆیە دەبێت لایەنی نێرەر زۆر ئاگاداربێت بەتواناییەکانی لایەنی دووەمو لەخۆگرتنی پەیامو ماناو کرۆکی داواکراو لەو پەیامەدا.

٢- وەرگر: بریتی یە لەو لایەنەی کە پەیامەکەی ئاراستە دەکرێت، بریتی یە لە لایەنی بەکاربەرو بەکارهێنەرو نەو ناوەندەی کە کارەکەی پێ ئەکرێت، ڕادەی سەرکەوتن لەپەیوەندیە بازارییەکاندا ڕاوەستاوە لەسەر دیاریکردنی سیفاتی کەسی نێرەرو پێویستی و ئارەزووەکانی، بەجۆرێك ئەبێتە بنەما لە پرۆسەی پلاندانان بۆ بەرنامەکانی پەیوەست بە پەیوەندیە بردو پێدانیەکان، هەروەها ئەشکرێت دابنرێت بەپێوەر لەسەر ڕادەی تێگەشتنی وەرگری پەیامەکە حاڵەتی دەروونی و هۆکارەکانی دیکە.

٣- پەیامەکە: بریتی یە لەو زانیاریانەی کە کۆمپانیا ئەیەوێت بیگەیەنێ بەکەسی وەرگر پەیامەکە زانیاری لەخۆ گرتووە لەسەر شێوەی ووشە یاخود مانا یان شێوەو هێما....

٤- ئامرازی پەیوەندی: بریتی یە لەو ئامرازانەی کە بەهۆیەوە پەیام لە پەیامنێرەوە ئاراستەی وەرگر دەکرێت، لەگرنگترین ئامرازەکانی پوەیوەندیش ڕۆژنامەو گۆڤارو بلاۆکراوەکانو بریکارەکانی ڕاگەیاندن وەك ڕادیۆ tV و ئەنتەرنێتو .....تا کۆتای.

نامرازەکانی بڕەوپێدان

ڕێکلام، چالاککردنی شتە فرۆشراوەکان، پەیوەندی گشتی، فرۆشتنی کەسی‌و وەبازاڕ خستنی ڕاستەوخۆ، دیاریکردنی ڕەگەزێك بەبێ دانەیەکی دیکە لەسەر هەندێك هۆکار ڕائەوەستێ لەوانەش:

أ- سروشتی کالاکە: لەبەرهەمە کارگەییەکاندا ڕێگای فرۆشتنی کەسی دانەنرێت بەباشترین ڕێگاو زۆریش بەکار نەهێنرێت لەم جۆرەدا ڕیکلام بۆ کالاّ بەکاربەرەکیەکان پلەی یەکەم داگیر نەکات.

ب-پلەی کێ بەرکێ: نەکرێت کۆمپانیا ڕستێك یاخود تێکەڵەیەك لە نامرازی بڕەوپێدان بەکاربهێنێ نەمەش پشت نەبەستێ بە سروشتی کێ برکێ کاران‌و نەو نامرازەی بڕەو پێدان گرتوویەتیە بەر.

ج- قۆناغەکانی ژیانی کالاّو بەرهەمەکە: نەکرێت هەندێك نامرازی بڕەوپێدان بۆ کالاّ بەکاربهێنرێت بەگوێرەی ژیانی بەرهەمهێن‌و گواستنەوەی لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی دیکە.

و- ڕادەی بەردەست بوونی خزمەتگوزارییە بڕەو پێدانیەکان: وەك بریکاری ڕیکلام کردن، دامەزراوەی دابەشکردن‌و گواستنەوەی بڕەوپێدان، گۆڤار، ڕۆژنامە، ڕادیۆ‌و نەنتەرنێت.....

ژ- ژمارەی نەو بەش‌و کەرتانەی کە دامەزراوە نابوریەکان خزمەت نەکات وە قەبارەی هەر یەکە لەو کەرتانەو ڕادەی بلاّوی‌و جەخت کردنەوەی پێگەی جوگرافی کەرتەکان یان بەکاربەران.

ر- توانای دامەزراوەکە لە بازاڕدا: کە دانەنرێت بەگرنگترین هۆکار لە دیاریکردنی نەو نامرازانەدا کە بردو پیدانینو نەکرێت بەکاربهێنرێت.

ز- پێگەی دامەزراوەکە لەبازاڕدا: بەجۆرێك دامەزراوە پێشەنگەکان بڕێك لەسودی ڕیکلامیان دەست نەکەوێت زیاتر لەو سودەی کە لە چالاککردنی فرۆشراوەکان پەیدای نەکەن، بەهۆی شکۆو بەهای ناوو پێگەیان لە بازاڕدا.

پۆلێنکردنی نامانجەکانی ڕیکلامی بازرگانی

١- ڕیکلامی هەواڵی: نامانجی نەوەی هەواڵ بداتە بەکاربەر لەمەڕ دروست بوونی بەشێکی بەرهەم هێنانی تازە زیاتر هەواڵ نەدات جۆرێك لە داواکاری سەرەتایی دروست بکات لە چوارچێوەی خستنەڕووی سودەکانیبەرهەم بۆ بەکاربەران.

٢- ڕیکلامی باوەڕ پێکردن: کاتێك دێتە مەیدانی کێ برکێ زۆر توندوتیژ دەبێت، نامانجی دروست کردنی باوەڕێکی گوازراوەیە لە چوارچێوەی ڕازی کردنی کڕیاردا بەوەی کە بەرهەم لەو کۆمپانیایەدا خاوەنی گرنگیو جرۆیەتیەکی بەرزە.

٣- ڕیکلامی وەبیر هێنانەوە: بەگرنگ دانەنرێت بۆ نەو بەڕهەمانەی کە لەقۆناغی پێگەیشتوویی دان، نامانجی دروست کردنی بەردەوامی یە لەبیرکردنەوەی بەکاربەراندا بۆ بەرهەمەکە.

نەکرێت ڕیکلامو بانگەشەکەران دابەش بکرێنو پۆلێن بکرێت بۆ چەند جۆرێك لەڕووی گشتیو تایبەتیەوە:

- ڕیکلامی گشتی: ئەگەر هاتوو بەرهەمی ڕیکلام بۆ کراو گرنگ بوو لای بەکاربەران لە گشت کۆمەڵگادا.
- ڕیکلامی خۆجێی: کاریگەریەکەی کورت ئەبێتەوە لەسەر ناوچەیەکی دیاریکراوو بەجۆرێك کە بە پەیامە ڕیکلامیەکە بۆ ناوچەیەکی دیاریکراو دانراوە.
- ڕیکلامی کۆمەڵکاری: تیایدا زیاد لەبەرهەمێكو مەهنەتێكو کۆمپانیایەك بەشداری نەکەنو تێچووی کالاکەش بەیەکەوە لە نەستۆی نەگرن.
- ڕیکلامی پیشەسازی: ناراستەیە ڕووەو جەماوەرێکی ناسراوو دیار نامانجی ئەوەیە نەو جەماوەرە ڕازی بکات لەسەر کالایەکی پیشەسازی.
- ڕیکلامی بازرگانی: ناراستەیە ڕووەو بازرگانی کۆفرۆش-جملە فرۆشو بەش بەش کار، تایبەتە بەو کارە بازرگانیانەوە کە مەبەستیان قازانجو سودە لەم جۆرەدا ڕیکلامی پۆستی ڕاستەوخۆو گۆڤاری تایبەت بەکار نەهێنرێت.
- ڕیکلامی پیشەیی: نامانجی ئەوەیە زانیاری بگەیەنێتە کەسە پیشەییەکان تاکو ڕازی یان کات بۆ کڕینی بەرهەمێکی تایبەت بە پیشەکەیان لەم بوارەشدا ڕیکلامی هونەری تایبەت بەکار نەهێنرێت.
- ڕیکلامی کشتوکاڵ: ڕووی دەمی لە گشتیارانو جوتیارانە بۆ ئەوەی ڕازی یان کات نامێرو نامرازە کشتوکاڵیەکانو ئەوانەش پەیوەستن بە تۆو شتەکانی دیکەوە بیکڕنو دەستی بخەن.

پێشکەش کردنی بەرهەم:

ژیانی بەرهەم بەناو وەرزەکانی خستنەڕوو گەشەدا نەڕوات تا نەگاتەوە گەڕانەوەو دابەزین بەگوێرەی سروشتی بەرهەمەکان ژیانی بەرهەمەکانو وەرزەکانیان نەگۆڕێ، بەرهەمە کۆنەکان پاراوی و جوانی خۆیان لەدەست نەدەنو تا کۆتای ڕێگە نا بڕنو سود کۆناکەنەوە، بۆیە نەکرێت کەسانی پسپۆڕ دەستی هاوکاریت بۆ درێژ بکەنو دەرەوەی دامەزراوەو لە چوارچێوەی کارەکەتدا بۆ خستنە بازاڕی هەندێك بەرهەمی تازە، نەکرێت بریکارەکانو داهێنەرانو کرێکاران یان هاوکاری بکەن بۆ دروست کردنی داواکاریەکانو هێنانە بەرهەمی کالاّ بەرهەم، پسپۆڕانی بەرگ تێگرتنو پڕکردنەوەش دەستی هاوکاری بۆ گشتاندنی ئەم خزمەتگوزاریە درێژ نەکەن، هەروەها ئامادەکردنی نامێری گواستنەوەی بەرهەمەکان لە ڕێگەی پەیمان بەستن لەگەڵ بریکارەکانی ڕیکلامدا کاری بانگەشەکردن بۆ بەرهەمەکان ئەنجام نەدرێت.

هەروەها نەتوانن کەسانی پسپۆڕی کارگێڕیو بازاڕ دابەزرێنن، بەجۆرێك بتوانن یارمەتیت بدەن لە هەڵسەنگاندنی فرۆشراوە جیاوازەکانداو کالاّی فرۆشتن دیاری بکەن، شیکارکردنی بارودۆخی کێ بەرکێو لێکۆڵینەوەی سەرچاوەکانی داهاتی خاوو بەگوێرەی تێچونیانو ڕادەی بەردەست بوونیان، ئالێرەشدا ڕۆڵی نەندازیاری شێوە ساز بەدیار نەکەوێت بۆ خستنەڕووی بەرهەمێکی تازەو جوان بەکەمترین تێچوونو لێهاتووی، ڕوکاریشی جوانتربێت هەروەها نەشتوانن بەرهەمە کورت بکەنەوە لەهەر کەموکوڕیەك.

تایبەتمەندیەکانی پێشکەشکردنی بەرهەمی تازە لەمانەی خوارەوەدا خۆی نەبینێتەوە:

أ- زیادکردنی کالای فرۆشراو بەرزکردنەوی ڕێژەی قازانج.

ب- سنوورێك لەتێچوونی بەرهەمی گشتی، نەمە بەدووبارە قۆستنەوەی توانا نەقۆزراوەکانەوە.

ج- پالپشتی کردنی بەرهەمی هەبوو، چونکە بەرهەمی تازە ڕێژەو قەبارەی بەرهەمی گشتی زیاد نەکات.

د- خۆ خستنە ناو بازڕەکانو کەنالەتازەکانی دابەشکردنی کالا لەڕێگەی بڕیاردان بەپێش کەش کردنی بەرهەمی تازە، دیاریکردنی نەو جۆرانەی ئەیان خەینە ناو بازاڕ. بۆیە ئەبێ ئەم پرسیارانە ئاراستەی خۆت بکەیت:

- قەبارەی نەو داهاتە چەندە کە ڕێگەی پێدراوە بۆ بەرهەمهێنانی بەرهەمی تاوە؟
- ژمارەی نەو یەکانە چەندجن کە نەتوانرێت بخرێنەڕوو بۆ فرۆشتنو بە چ نرخێك؟
- توانای بەرهەمە چەندە لە قازانج کردندا؟
- بەهای شتە گەڕاوەکان چەندە لە وەبەرهێناندا و خاڵی هاوسەنگی کامەیە؟ ئایا درێژی ماوەی داخستن کەیە؟
- ڕێژەی سوڕانەوەی سەرمایەی چاوەڕوانکراو چەندە؟
- ئایا هیچ پابەندیو گرفتێك دێتە بەردەم بەرهەمهێنانی تازە؟ ئایا ناستەنگ بۆ هەلی دابینکاری دروست نەبێ؟
- ڕادەی ئاسانیو دڵنیایی لەبەکارهێنان چەندە لە دوبارە چاککردنەوەو پڕکردنەوە؟
- کێ برکێ کاران کێن ئایا خاڵی بەهێزیان کامەیە؟

- چۆن بڕەو بەبەرهەمە ئەدرێت؟
- ئەگەرەکانی سەرکەوتنی بەرهەم چین؟
- وە بازاڕ خستنی بەرهەمی تازە چەند کات ئەگرێت؟
- کەناڵەکانی دابەشکردنی کامانەن؟
- سوڕی ژیانی چاوەڕوانکراوی بەرهەم کامەیە؟

لە قوتونان بۆ دەرخستنی بەرهەم

ئەکرێت دەربڕینی شێوازی کڕیارو بیرۆڕاو بایەخو ژینگەکەی بێت بەگوێرەی شێوە گیری کارتو ناوی قوتوەکەو خاڵەکانی دیکەی پەیوەندی بنەمای، ڕەنگی قوقتوەکانیش ڕەنگدانەوەی ڕەنگی سروشتیو کەشو هەوان لە وەرزە جیاوازەکاندا.

- زەردو پرتەقاڵیو سەوز بۆ وەرزی هاوینو بەهار.
- نالتونیو پرتەقاڵیو بوونی قاوەیی تۆخ بۆ پایز.
- سپیو زیویی بۆ زستان.

ئەو تایبەتمەندیانەی بەرهەمەکە ئەکرێت لە ڕێگەی لە قوتونانەوە بگەیەنرێت ئەمانەن:

- پێکهاتە سروشتی یەکان ١٠٠٪
- بەبێ بوونی مادەی پارێزەرو زیادە
- دەستی لێ نادرێت.

- **لەگەڵ ژینگە گونجاوە.**
- **پێکهاتەکانی پارێزراوە بۆ گشت خێزان.**
- **ئاسان هەرس نەکرێت.**
- **لە شوێنێکی سارد دوور لە شێو گەرمایی نەپارێزرێت تاکۆتایی.**

پرۆسەی بەدەستهێنانی ناوەندێك بۆ بەرهەم:

بەشێوەیەکی گشتی ئەم پرۆسەیە لەمانەی خوارەوەدا بەدەست ئەهێنرێت:

- ناسینی بەرهەمە کێ بەرکێ کارەکان
- ناسینی تایبەتمەندیە بنەماییەکانی بەرهەمو مەوداکانی.
- کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر نموونەیەکی کرپاران، تایبەت بە تێڕوانینیان لەسەر گشت تایبەتمەندیەکانی بەرهەمەکە.
- دیاری کردنی ئیشی بەرهەم لای کرپار.
- دیاری، کردنی پێگەی ئێستای هەموو بەرهەمێ لەبواری بەرهەمهێناندا.
- دیاریکردنی پێکهاتەی تایبەتمەندیەکانی بازار.
- ئەزمونکاری و تاقیکرنەوەی رێکەوت لە نێوان:

أ- ناوەندی کێ بەرکێ کارەکانی بەرهەمهێنان

ب- ناوەندی بەرهەمەکەت

ج- ناوەندی نموونەی

د- ناوەندی مأمول ( )

خودی ئەم پرۆسەیە بۆ دەست گەشتنە بەناوەندێك بۆ خزمەتگوزاری کۆمپانیاکەت، جگە لەوەش خزمەتگوزاریەکان تایبەتمەندی کردارو پەرچە کردار لەخۆ ناگرێت، واتە ناتوانین هەستی پێ بکەین یاخود دەستمان بەری بکەوێت یان وێنەیەکی جوانی بخەینە پێش چاوی خۆمان بۆیە سەرەتا پێویستت بە پرسیارکردنە لەسەر کرپاران پاشان پرسیار لەخودی خۆت بکەیت: ئەو بەهایە چەندە کارکەران بەدەستی دەخەن لە خزمەتگوزاریە راستەقینەکانت؟ چۆن نەتوانرێت کارەکانت ناسانکاریان بۆ بکرێت لە رووی بازرگانیەوە، پاشان ئەو بەهایە کۆکەرەوە کەسەردان کەران پوختەیان کردووە ئەو تایبەتمەندیانەش کە خزمەتگوزاریەانت هەیانە بۆ دانانی تایبەتمەندی سەرەتای بۆ ناوەندەکەت، پاشان لەگەڵ ئەو خەڵکانەدا تاقی بکەرەوە کە هیچ نازانن دەربارەی ئەو کارانەی کە ئەیکەیتو ئەیفرۆشی، چاودێری ناماژەی دەموچاویان بەو گوێبگرە لە ڕاڕاییەکانیان، کاتێك ویستیان زیاتر بزانو پرسیاریان کرد بزانە کەتۆ لەسەر ڕێگایەکی دروستیت.

چەمکەکانی دەست گەشتن بەناوەندێکی بازرگانی

بەشێوەیەکی گشتی سێ جۆر چەمکمان هەن بۆ دەست گەشن بەناوەندێکی بازرگانی

١- ناوەندی ئەرکگەرایی

- چارەسەرکردنی گرفتەکان
- ڕەخساندنی کەشێك بۆ سەردان کەران

٢- ناوەندی هێمایی

- چاککردنی وێنەی خودی
- پێناسەکردنی من- ألنا
- لایەنداری و مانای کۆمەلایەتی
- نەدای چالاك

٣- ناوەندی ئەزمونکاری

- ڕەخساندنی پالنەری هەستی
- ڕەخساندی پالنەری دەرەکی

پێوانەکردنی ناوەندی بازرگانی

پرۆسەی دەست گەشتن بەناوەندێکی بازرگانی لە ڕێگەی تەکنیکی سادەوە ئەنجام ئەدرێت بەناوی چاوپێکەتنی دەرککاری هەستی یەوە، هەورەها تەکنیکی

استگلاعی فرەڕەنگو تەکنیکی ناماری وەك پێوانەکردنی فرە لایەن، شیکاری هۆکاری، شیکاری پێکەوە بەستنی و شیکاری ژمێرەیی.

هەندێك رێگا هەن جۆرێك لە جیاکاری دروست نەکات بۆ کارە بازرگانیەکان وەك نرخ دانانی دابەزیو جیاوازیەکانی خزمەتگوزاریەکان تاکو نەگات بە تایبەتمەندی گرنگو سودی گەورە بەبەراورد لەگەڵ کێ بەرکێ کاران، لە گشت حاڵەتەکاندا.

دەبێت جیاکاری بکرێت بۆ کارە بازرگانیەکانت لە چوارچێوەی پەیوەندیان بەبەرهەمو خزمەتگوزاری دیکە کە کڕیاران نێستە بەکاری نەهێنن، نەگەر جیاوازیەکان هێنندە گەورەو کاریگەر نەبون بۆ کڕیار تاکو بیکڕێت نەو ئەو جیاوازیانە گرنگ نابن، زۆرجار سەردانکەر نرخ بەیەکێ لەتایبەتمەندیە گرنگەکانی کڕین دانەنێت.

جیاکاری بریتی یە لە کۆمەڵێ جیاوازیو تایبەتمەندیو قازانجو سودەکانی بەرهەمدا، بەبەراورد لەگەڵ کێ بەرکێ دا، کلیلی کارەکەش ڕادەی بەهای نەم جیاوازیانە بۆ کڕیارە لەوانەشە گرفت دروست بێ لەگەیاندنی هزری خۆت لەسەر کارەکەت بۆ کەسانی بایەخ دار بەکڕینی بەرهەمەکان، دەبێت ڕێژەیەك لە جیاوازی دروست بکەینو لە ڕێگەی لەقوتونانو نرخ دانانو دیزاینی بەرهەمو تایبەتمەندی بەسود ڕەنگو ناوەندەکانی ڕیکلام کردنو بڕەوپێدانی بۆنەی گشتی یەوە بگەیەنرێت بە کەسی کڕیار، نەکرێت بەشێوەیەکی وەبەرهێنی گشت شتێ بۆ خزمەتگوزاریەکانت بخەیتە کار، نەتوانین بەو چاوە بڕوانین لە ناوەندی دروست بەوەی کە چارەسەرە بۆ گرفتەکانی وەبازاڕخستنی هەمەڕەنگ یان نەو ڕێگەیە کە ناونراوە بە چوار وشەکەی وەبازاڕخستن بریتین لە:

١- بەرهەم
٢- نرخ
٣- برەو پێدانو ڕیکلام
٤- دابەشکردن .

هەروەها ناو ئەبرێن ئەم چوار وشەی خوارەوە

١- پێناسەی کۆمپانیا
٢- پێناسەی کێبرکێ کاران
٣- پێناسەی بەکاربەر (ئامانج)
٤- پێناسەی کەناڵەکان

چالاککردنی کالاً فرۆشتەنییەکان

برەوپێدان سەراپای چالاکیەکان ئەگرێتەوە جگە لە فرۆشتنی کەسیو ڕیکلامو پەیوەندیە گشتی یەکان کە دەبێتە هۆی پاڵنەر دروست کردن بۆ کڕینی کالاً لەلایەن سەردانکەرەوە، نموونەش بۆ چالاککلادنی شتە فرۆشتەنیەکان، خستنە ڕووی ناو پێشانگاکان، خستنەڕوی تایبەت بە بازرگانو پێشبڕکێ کان.....تا کۆتایی.

- برەو پێدان بە کالاًی فرۆشتەنی ناوەندێکی گرنگی پلانی خستن بازاڕ داگیر ئەکات بەهۆی هەندێك هۆکارەو لەوانە قەرەباڵغی بازاڕەکان لە کالاًی ناوخۆیو دەرەکی بەجیاوازی تایبەتمەندیو پەیوەندیەکانیەوە.

- چالاککردنی کالا فرۆشتەنیەکان هەوڵێکی ڕاستەوخۆیە بۆ فریودان تاکو گرێبەستێکی بازرگانی ئێستەیی‌و حازری دروست بکات، پرۆسەیەکی نەرم‌و گیرە چونکە لە چەند کاتێکی دیاریکراودا ڕوو نەدات‌و دوبارە نەبێتەوە.
- نامانج لە چالاککردنی کالاکان بریتی یە لە زیادکردنی کالای فرۆشتەنی لە ڕێگای ڕیکلامەوە کە نامانجی بەدێهێنانی ناو بانگ‌و تایبەتمەندی یە بۆ پەیوەندیەکان.
- چالاککردنی کالاکان لەوانەیە بەکاربەرانی تازە ردوست بکات‌و هاندەربێ بۆ دوبارە کڕینەوە.

تەکنیکەکانی چالاککردنی فرۆشتەنییەکان

١- نموونەکان: ئەم نموونە خۆڕاییانە دابەش نەکرێت لە شوێنی فرۆشتن‌و لە ڕێگاکان‌و لەگەڵ بەرهەمێکی دیکەدا.....تا کۆتای.

٢- دیارییەکان: ئەم نامرازە نامانجی ئەوەی ناگاهی تاکەکان زیاد بکات لە ڕیگای هاندان بۆ پرسیارو ڕاوبۆچوونی سەرەتایی، نامانجی بۆ چەند نموونەیەکی خۆڕای کە لەوانەیە نوسراوێکیان لەگەڵدا بێت دەربارەی تایبەتمەندیەکانی ئەمە بەرهەمەو لەگەڵ ئەو ئاانکاریانەش کە بەکاربەر لەگەڵ ئەم بەرهەمەدا دەستی نەکەوێت.

٣- یاری‌و پێشبڕکێ: نامانجی ڕاکێشانی سەرنجی بەکاربەرەو دروستکردنی نارەزووە لەلای بۆ ئەزموونکردنی بەرهەمو دووبارەکردنەوەی ئەو

ئەزموونە، سەرەڕای ئەوەش جولاندنی کەسی تازەش بۆ ئەزموونکردنی بەرهەم.

٤- پالنەری بڕیاردانی ئەختیارکردنەی لە نرخ دا: ئەم ئامرازە بەکار ئەهێنرێ بۆ هاندانی داواکاری لەو کاتانەدا کە ئابووری تووشی چەق بەستووی بووەتەوە لەو کاتەدا کە نرخ وەک گرنگترین بنەما بۆ کڕین دێتە ئەژمارکردن.

پلانی چالاککردنی فرۆشتەنیەکان

١- دانانی ئامانجەکان: ئەگەر ئامانجەکە سەردانکەرو کڕیارە دەبێت ئامانجەکە خۆی هاندانی بەکارهێنانی زیاترو بونیادنانی ڕێبازی ئەزموونکردن بێ لەنێوان بەکارهێنەرانو بەکارهێنەرانی کالایەکی دیکەدا، لەڕووی ناوەندەکانیشەوە ئەتوانی قەرەبوویان بکەیتەوە لە ڕێگەی چالاککردنی کێبەرکێ کاریو پاداشت دانەوەوە.

٢- تاقی کردنەوەی ئامرازەکانی بڕەوپێدان بۆ بازاڕو پەیداکردنی کالاکان.

٣- پلان دانان بۆ بەرنامەگکانی چالاککردنی فرۆشتەنیەکان، ئەمیش دیزاییینی بەنامەو پالنەرەکان لەخۆ ئەگرێت.

٤- جێبەجێ کردن: لە کاتێکی دیاریکراودا جێبەجێ ئەکرێت.

٥- هەڵسەنگاندن: بۆ دیاریکردنی ماوەی بەدەستهێنانی چالاکی بڕەوپێدانو ئامانجەکانی ڕادەی توانایی بوونی بۆ پێوان.

شکۆدارکردنی ناوەندی بەرهەمەکەت

هەندێك کۆمپانیاو کارگەی بچووك وایان باوەڕە ناکرێت هیچ کارێك بکەن بۆ بەدەستهێنانی ناوەندێکی ڕاستەقینە بۆ بەرهەمە خزمەتگوزاریەکانیان، لەبەرئەوەی دارایییەکی وا پێویستیان خستۆتە بەردەم پەرەپێدان کە نامانجی گەشتنی بەرهەمە بەکڕیاران.

دەست گەشتن بەناوەندێك هۆکاری زۆر گرنگو چالاکە لە بەدەستهێنانی ڕیکلامو ڕەوپێدانی چالاکیدا. لەڕاستیدا ئەگەر کارگەیەکی بچووك کەمترین دارایش بۆ ڕیکلامو بڕەوپێدان بەخەرج بدات، ئەوە واتە خاوەن پایەیەکی گرنگو ناوەندێکی چاکەو کێبرکێ کارە بۆ بەرهەمەکانی. بۆیە پێویستە لەسەر کارگە بچوکو گەورەکانیش بەم کارانەی خوارەوە هەستن:

١) کارکردن بەدانایی لەسەر ناساندنی تایبەتمەندیەکانی پەیوەندی بازرگانیو سوودەکانی تاکو خۆیان جیابکەنەوەو دەگمەنییەك بەخۆیان و بەرهەمەکەیان بدەن.

٢) گەیاندنی جیاوازییەکان ئەزموونکردنیان: ئەم دوانە هۆکاری زۆر گرنگن بۆ کڕیارو بەکاربەران بۆ بڕیاردانی کڕینی کالاکەی تۆ لەبری کالای کێبرکێ کارەکانی دیکەدا.

٣) کارکردن بۆ گەیاندنی زۆرینەی جیاوازییەکان کاریگەر لەسەر کڕیارو بەکاربەران، ئەمەش بۆ بەدەستهێنانی (بەهای پەیوەندی بازرگانی) (کەسێتی نیشانەی بازرگانی) کە ئەکرێت

دەست وەردەنە ناو کێبرکێیەکی تازە لەبازاڕدا.

٤) ئەنجامدانی توێژینەوەی باش و جۆری، وەك چاوپێكەوتن لەگەڵ ژمارەیەك خەڵك، توێژینەوەی بڕی زۆر بەڵگەكاری و خەرجی دارە بۆئەوەی دیاریبكات كە كرێكار چۆن لێ تێنەگەن توانای جیاوازییەكانیان هەیە لەبازاڕی كێبركێدا كە یارمەتی دەرە لەكاری بازرگانی و بڕەوپێدانێكی باشتردا.

٥) پێویستە زۆر زیادەڕەوی نەكەیت لەهەوڵداندا بۆ بەدەستهێنانی ناوەندێك، چونكە نەبێتە هۆی پێدانی پەیمانو بەڵێن بۆ تایبەتمەندی و سوود بەجۆرێك ناكرێت بەرهەمەكە بەدەست بهێنی یان بەرهەمەكە لە توانایدا نییە نەو پەیمانانە جێبەجێ بكات. دەبێت دووربكەویتەوە لەشڵەژاندنی خەڵكی لەمەڕ تایبەتمەندییەكانی بەرهەمو خزمەتگوزاری و سوودەكانیان،وەك سیفاتی بەرهەمەكان (ڕەنگ و بۆن و شێوەو لەقوتوونان و نرخەكان) لەكاتێكدا واخۆی وێنا نەكات كە سوود نەخاتە بەردەست كرێیارەكەی (ڕازی كردن و متمانەو جوانی و بەدەستهێنانی نەرك بەخێراترین كات) بۆیە واباشترە لەبری درێژەدان بەكارەكە هەندێك تایبەتمەندی بنەمایی بەدیاربخرێت.

تێگەیشتن لە کێشار

فرۆشتن پیشەیەکی ڕاستەقینەیەو دەوڵەمەند بە پێکهاتە ئەقلانی‌و دەروونییەکان کە ناکرێت لەیەکتری جیابکرێنەوە. بۆیە ئەگەر لەسەرمان بێ بزانین کامەیە ناوەندی هەر پرۆسەیەکی فرۆشتن، ئەوا جەخت ئەکەینەوە لەسەر گرنگی زانیاری پێشین بۆ پێداویستییەکان‌و ڕێگای بیرکردنەوەی کڕیارو لایەنی دەروونی کەسەکە.

کڕیار بریتییە لەو کەسەی کە بەڕوونی بێ یان بەشێواوی ئەزانێ‌و چاوەڕێ نییە کە بارەی بەرهەم‌و خزمەتگوزاری‌و ئەم بیرۆکەیەی کە هەمانە لەبارەی شتی پێ فرۆشتنی هیچی پێ بڵێین.

شارەزابوون لە تێڕوانینی لە ناو دڵی دانوستانەوە دروست نەبێ، گشت پرۆسەیەکی فرۆشتن ناماژەیە بۆ گفتوگۆیەکی تایبەت‌و دەگمەن ناتوانین پێشتر بڕیاری دەرەنجامەکانی بدەین، لەم پرۆسەیەشدا فرۆشیار ناوەندی توانایەکی ڕاستەقینەیە بۆ ئاراستەکردنی کڕیار ڕووەو بەرژەوەندی خۆی.

* فرۆشتن‌و هێزی فرۆشتن‌و تێگەیشتن لەکڕیار ناماژەن بۆ پێکهاتەی وەبازارخستن، جا ئیتر بابەتەکە پەیوەست بێت بە زانستە دەروونییەکانەوە بۆ پەیوەندی یان پەیوەست بێ بەزانینی کەسەکانەوە چۆنیەتی پەرەپێدانیان یان پەیوەست بێ بە لێکۆڵینەوەی ڕەفتار یان تیۆریەی بەیەك گەیشت‌و ناماژەکان‌و هۆکارە کاریگەرەکان لەسەر بڕیاردان، یان بەزانیاری لەسەر ڕشتەو پێکهاتەی ئابووری‌و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەو شارەکە، یان بەتایبەتمەندی دامەزراوەی

ڕێکخستنو بەرهەم بۆ گشت سەردانکەرو کڕیارێک. بۆیە گشت ئەم شتانە ئەکرێت هزر بجوڵێنن‌و فزولی زیاتر بکەن بۆ ژیانێکی تەواو کامڵ.

* فرۆشتن چالاکییەکی پیشەییە بەدەست جیانەکرێتەوە کە گشت تاکێك تواناو هێزی تەواوەتی هەیە بۆ ئەم کارە، ئەکرێت بەرجەستەی بکات‌و فێری ببێت لەڕێگەی ڕاهێنان‌و بوونی تواناییەکی باش بۆ کۆنترۆڵکردن، فێربوونی فرۆشتن پەرەپێدانی تایبەتمەندییە کەسییەکان‌و لێهاتوویی دانوستان لەناو بەرپرسیارێتی پەیوەستِ بەکاردا خۆی حەشارداوە.

ئەنجامدانی چاوپێکەوتن

- زۆر بەوردی ئەو ئەرکانە دیاری بکە کە پەیوەستە بەکاری بازرگانی‌و ئەو ڕەفتارانەی کە بەشوێنی دا ئەگەڕێی لەگەڵ کەسەکەدا (کڕیار-بسێن).
- گرنگ نییە کە تۆ بەزمانێکی فەرمی قسە بکەیت.
- دەبێ مەبەست دابنێی لەچاوپێکەوتن دا، تا ئەتوانی با قسەکانت ڕوون بێت.
- داوا لەکەسی چاوپێکەوتوو بکە ئەوە بگێڕیتەوە کە گەیاندووتە لەپێناو گەڕانەوەی تێەشتنی ئەوداو خۆگونجاندنی لەگەڵ قسەکانتدا.
- پێویست ناکات واخۆت بسەپێنی کە تۆ لەسەر هەمان ناراستەیت کە لەگەڵ ئەو کڕیارەدای کاری لەگەڵ کەیت ئەمەش بەتایبەت پەیوەستە بەنامانجە تایبەتەکانتەوە لە پرۆژەیەکت دا.

* کاتێك کرپار دەبێتە گوێگرێکی باش‌و تۆش پەیوەست دەبیت بـەلێهاتوویی‌و شارەزاییەکانی پەیوەندی کردنەوە نەم هەنگاوانە جێبەجێ بکە

- زۆر خۆت قورس مەگرە بەعەقڵێکی کراوەوە بێدەنگ بە، جارجار زۆر قورسی مەکە.

- زۆر خۆت بپارێزە لە زیادەڕەوەی کردن لەمامەڵەداو زۆریش پیشەی بارگـاوی بەهەستو سۆز بەکارمەهێنە.

- بۆ خاڵە گرنگەکان بێدەنگ بەو خۆت گیل بکە لەناست شتی بێ خێرو بێردا. لەسەر ئەو ڕاستیانە هەوڵ بدە کە پەیوەست بەخاڵە سەرەکییەکانەوە.

- تێبینییەکانت بۆ سەر تێگەیشتن بەقوولّی دووركـەوەرەوە لـە عـەمبارکردنی زانیاری زیادە لەسنووربێکی زیاتری هزرو مێشکت.

- دوورکەوەرەوە لەو شتانەی کە لە بابەت‌و باسی سەرەکی دوورت ئەخاتەوە.

- لەڕووی ئامانجی کارەکەتەوە پرسیار ئاراستە بکە.

هەوڵ بدە بۆ خۆت ڕاڤەی بکەی، جوولّەی جەسـتە، زمـانی ئامـاژە، ئامـاژەی دەم‌و چاو، ئاوازی دەنگ.

- نێوان دێرەکان بخوێنەوەو ئەوەشی نەتوتووە بیخوێنەرەوە.

- دوورکەوەرەوە لەفریودان‌و کەوتنە ناو حاڵەتی پێبڕینەوە.

بەکارهێنانی وشەی دروست لەچاوپێکەوتندا

یەکێ لەو بابەتانەی زۆر سەرسوڕهێنو جێگای سەرسامییە لەپەیوەندی نێوان دوو کەسدا، ئەوەیە ئەم دوو کەسە هەریەکە بەڕێگای جیاوازی خۆی لەیەك وشەی نێوانیان تێبگەن، لەوانەیە بۆ بابەتی هزری بێت، لەوانەیە گرفت دروست بێت یان خۆی حەشاردابێ لەناماژەکان دا بۆیە کاتێك بۆ خۆت دابنێ لەپێناوی ئەوەی:

- گرێانەکان ڕوون بکەیتەوە.
- وشەکان بەناگاییەوە هەلبژێریت.
- دۆزینەوەی لادانو گرفتە چاوەڕوانکراوەکان.

ڕەگەزەکانی پەیوەست بە ڕۆڵ بینین بزانە

سیفاتی هزری: وەك زیرەکیو توانایی شیکارکردنی داهێنانکاری بڕیاردەرکردنو هێزی بیرەوەریو یادگەو بیرکردنەوەی خێرا پشت بەستن بە لۆژیك لەبیرکردنەوە. تایبەتمەندی کەسێتی: وەك داهێنانکاری پێشگەشتوویی سۆزی فراوانی فرتو فێڵ، گونجان لەگەڵ گۆڕاندا، هەستکردن بە بەرپرسیارێتیو ڕاستگۆییو گەرمو گوڕییو هیممەت بەرزی، خۆشەویستی سەرکێشی متمانە بەخۆبوون.

- شارەزاییە کەسییەکان: وەک پەسەندکردنی ڕەخنەو دانان بەهەڵەو نەرمو نیانی‌و توانای دەربڕینو خۆکۆنترۆڵکردن بەسەر تووڕەیی‌و لەخۆبوردووییو توانای خۆچەپاندن لەسەر هەستو ناڕامگری.
- شارەزایی گەیاندن: وەک نوسینو قسەکردنو گوێگرتنو خوێندنەوەو ناماژە.
- تایبەتمەندی سەرکردە: وەک بوونی دیدگاو بڕیاردەرو هاندەری نەوانی دیکە، ڕازیبوونو دانان بەبیرکەی کەسانی دیکەدا، گرنگی دان بە دەرەنجامەکان توانایی فێربوون، لێبووردەیی لەکاردا توانای گەرمو گوڕکردنی کەسانی دیکە وەرگرتنی ڕێزو حورمەتیان.
- خەسڵەتی شوێنکەوتەیی: وەک شارەزایی بەشداریکردن لەکۆبوونەوەو ڕاستگۆیی‌و توانای کارکردن بەبێ سەرپەرشتیار، چێژ وەرگرتن لەخزمەتگوزاری کارو بەشداری کردن بەشێوەیەکی باش ناو گروپی کارکردنەدا، پەسەندکردنی دەسەلاتی بەرپرسەکانو بەدەستهێنانی متمانەی کەسانی دیکە.
- شارەزاییە تەکنیکییەکان: وەک وردی‌و گونجاندن لەگەڵ بواری کاردا زانستو ناگایی بە سەرجەم بوارەکانی‌و دواپێشکەوتن گونجان لەگەڵ تەکنیک‌و شتی نوێدا، بوونی توانایەکی جەستەیی باش بۆ کارکردنو تۆماری پیشەیی بەڵگەدار تایبەت بەخۆی.

یەکەم چاوپێکەوتن لەگەڵ کڕیار

ئەم ساتە زۆر جیاوازە، چونکە هەردوو کەسەکە بەیەکتر ئەگەن، واتە دانوسان کارو کڕیار، بۆیە کەم جار یەکتر نەبینن، دەبێ هەموو بینینێ وەك یەکەم چاوپێکەوتن حسابی بۆ بکرێ.

- ئایا ئەم یەکەجار چاوپێکەوتنە بۆ فرۆشیار چ گرنگییەکی هەیە؟ دەبێت بەدیاری بخات بەخێرایی و لەکاتێکی زۆر کەمدا، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کە فرۆشیار پانی کاتەوە بۆ کڕیار یان ماستاوی بۆ بکات، نەخێر، بەڵکو نەبێ فرۆشیار بەگرنگییەوە لە کڕیارەکەی بڕوانێ، کەسێك بێت هاوتابێت لەگەڵ ئەو بەرپرسیارێتییەی کە ببینێت کڕیاری چاوەڕێی نەکات لێی. ئەم یەکتر بینینە بۆ هەردوو کەسەکە تازەیە بۆیە کۆمەڵێ گرفتی لەگەڵ خۆی هەڵگرتووە بەتایبەت بۆ کەسی فرۆشیار، لەوانەیە یەکەجار کەسی کڕیار کەسێتی فرۆشیار شارەزابێتو نەیناسێت، ئەم کارەش لایەنێکی خراپە یان پاڵنەرێکی ڕەش نەبێ بۆ کڕیارو وانەکات کڕینەکە ڕەت بکاتەوە، تەنانەت نەگەر یەکتریشیان دی بێت، کڕیار بابەتەکە بیر خۆی نەباتەوە، بەڵام نێمە (واتە فرۆشیار) باوەڕمان بەقوولی باوەڕو دروستی ڕێبازی بەرهەمەکەمان هەیە. ئەم یەکتربینینە بەگرنگ ئەزانین یان زۆر بەسادەیی نێمە بەرپرسیارێتێ بەشێوەیەکی دروست لەڕووی پیشەییەوە لەنەستۆ نەگرین، بەڵام نەمرۆ زۆر زیاتر زۆر چالاکی تەواومان نییە.

یان نێمە لەسەرەتای یەکتر بینینەکەدا زۆر چالاکین هەموو نەو شتانەش کە بەنادیار دەرئەکەوێت لەسەر کارەکەمان حسابە.

- نەو ئامانجە چییە کە حەزمان لێیەتی لەسەرەتای چاوپێکەوتنەکەماندا بەدەستی بهێنین، بریتیە لەژیانو زیندوکردنەوەی جۆرێك لە گەرمو گوڕی لەچاوپێکەوتنەکەدا، دیاریکردنی ناودرۆك، کۆتو بەند، دوورکەوتنەوە لەهەڵە لەیەك تێگەیشتن.

زەردەخەنە نیشانەی بەهێزییە

هەموومان لەو جۆرە کەسێتییە نین کە ساددەو ساکارو نەرمو نیانن، هەموومان خاوەن ڕووکارو دەمو چاوێکی سەرنج ڕاکێش نین، بەڵام هەموومان نەو توانەیەمان هەیە کە پێبکەنینو زەردەخە بکەین، واتە زەردەخەنەیەکی تەنگ کە ڕادەو ڕاستی پێ خۆشبوونی نێمە دەربخات بەچاوپێکەوتنەکە. تەنانەت نەگەر چاوپێکەوتنەکەش قورس نارەحەت بێ، دەبێ زەردەخەنەمان هەبێ بۆ نەو ڕێزەی تایبەتی نەکەین بۆ کڕیارەکە، بۆ نەو کرانەوەو نەرمو نیانیەی کە نەمانەوێت وەکو ڕەنگێ بەچاوپێکەوتنەکەی بدەین.

نەرم‌و نیانی

نایا هیچ ڕۆژێ بەڕاستی بیرمان کردۆتەوە لەم ناوات خواستنانەی خوارەوە؟ بەیانیت باش، ڕۆژێکی بەختەوەرت بۆ بەناوات نەخوازم؟ هێندە دووبارەمان کردۆتەوە هێندە زۆر بەکاری نەهێنین کە ڕەونەق‌و جوانێ سەرەتای پێنوە نەماوە، بۆیە دەبێ ئەو دیوارە پێستییە وێران بکەین تۆزێک نەرمی‌و شێداری بگەڕێنینەوە بۆی. دەبێت زۆر بەئەدەبەوە ئەو شتانە بەکاربهێنین‌و دواتر بڕۆین بۆ قسەکردن لەسەر کارەکان. دووربکەوینەوە لەبەکارهێنانێ گالتەو گەپ بەجۆرێك کە دوورمان بخاتەوە لەچوارچێوەی چاوپێکەوتنەکە. وشەی ڕێزو سوپاس زۆر سادەیە، بەلام تیایدا کڕیار هەست بەسۆزو هەستێ شارەزاوەمان نەکات بەشێوەیەکی ڕاستگۆیانە.

پیشەیی بوون‌و پیشەکاری

هەمیشە لەفرۆشیاری سەرکەوتوو چاوەڕێی ئەوە نەکەین گشت کردارەکانی بەجۆرێك بەوردی جیابکرێتەوە تەنیا لەکاتی یەکتر بینیەکەدا نا، بەڵکو ئەوکاتە کە بیرنەکاتەوە لەفرۆشتنی پارچە کالایەکی، ئەو کاتەش کە سەردانی کڕیارانی ناماده نەکات یان وەبەری نەهێنێ.

- پەرەپێدان‌و بەهێزکردنی وێنای پیشەیی فرۆشیار لەچوارچێوەی خستنەڕووەکانی لەبارەی شێوازو گرفتە نموونەیبەکانی پەیوەست بە پیشەی

کرپار، گوێگرتن یەکێکە لەگرنگترین تایبەتمەندییەکانی، لەم چوارچێوەیەدا هەریەکە ئەیەوێت بەرامبەر ڕازی بکاتو تێڕوانینی خۆی لەکەسانی دیکە بگەیەنێت. هەرکەسەو ئەیەوێت پاساوەکانی بەرامبەر لەبار ببات تاکو بیرۆکەکەی پێچەوانە بکاتەوە لەگەڵ کەسانی دیکەدا، بەجۆرێك وێنەیەکی پیشەیی لای فرۆشیار دروست بێت بەگوێرەی ئەو هاوسەنگییەی کە پەیوەندی لەگەڵ کڕیار ببێتو دیاری بکات.

- دوورکەوەرەوە لەو قسانەی کە پەیوەندی نییە بەبابەتە سەرەکییەکەوە سەردانەکەمان ئامانجی هەندێك مەبەستی دیاریکراوە، بۆیە دروست وایە بێ پێچو پەناو ڕاستەوخۆ بڕۆیتە ناو بابەتەوە، پێویستە بابەتەکان کورت بکەیتەوە بۆئەوەی کاتی کڕیار زۆر سەرف نەکەیت، لەبەرئەوەی زۆر سەرقاڵە، لەدوای ئەوەی ڕێککەوتینو مامەڵەمان کرد ئەکرێت گفتوگۆی شتی خۆمان بکەین وەك قسەکردن لەسەر خێزان، تەندروستیو شتانی دیکە.

- پشت بەستن بەشێوازی ڕاستەوخۆ لەسەرەتای چاوپێکەوتنداو چەندجار دووبارەکردنەوەی ناوی کڕیار کارێکی زۆر گرنگە لەچاوپێکەوتنی بازرگانیدا.

دەربڕینی جەستەیی

ڕێگا ڕێو ڕۆشتن، دانیشتن، یان وەستاوی جەستە، جوولەی دەست، جلو بەرگ، دەمو چاو هەموویان قسە نەکەن لەسەر جۆرێتی کەسەکە پێش ئەوەی خودی کەسەکە باسی کارو گرنگییەکانی بکات.

* دەمو چاو:

نێمە جاری وا هەیە بەجۆرێك لەدایك نەبین هەندێك عادەتو نەریتمان هەیە نەستەمە بیگۆڕین، نیتر ڕاڕایی بێت، یان ڕوگرژ بەگوێرەی لایەنی ئالۆزی ڕووکارەکانی لەگەڵ ئەوەدا لەڕاستیش شێوەی ڕاست تەنیا ڕووکارو دەمو چاو بەو ڕادەیەی کە چاو و تێڕوانین گرنگن، چونکە ڕوانین قسەیە پێش هاتنەدەرەوەی وشە لەسەر زار، نابێ لەڕوانیەکانمان خەڵك بتۆرێنین، بەجۆرێك قسەبکەین بەرامبەر واهەست بکات کە دوودڵو ڕاڕاین، بەجۆرێك کە قسەکردن زۆر ئازارام بێتو وابکات ببێتە پاڵنەر بۆ ڕاکردن لەچاوپێکەوتنو سروشتی چاوپێکەوتنەکە لە لێك نزیکبوونەوەو گەرمو گوڕی بێبەش ببێت.

بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ ئەگەر پێویستی کرد ڕوانینی ورد بەکار نەهێنێ، بۆیە لەکاتی خۆیداو بۆ پێویستی چاوبڕینە چاوی سەردانکەرو کڕیار بۆئەوەی هێزی باوەڕ بەخۆبوونو ڕاستی قسەکردن بۆ بەرامبەر بسەلمێنیت، کێ ناتوانێ زەردەخەنە بکات با نەبێتە فرۆشیار، هەروەك پەندە (چین)ییەکە ئەڵێ

"زەردەخەنە ڕووناکی دەمو چاوە، بەڵام بەو مەرجەی بەسروشتی خۆی دەربخرێت سووکو شاراو" واتە دوور لەزەردەخەنەی بازرگانانە.

* جوولّەی جەستەیی:

ئەو کەسانەی کە ڕووبەڕوو چاوپێکەوتن ئەکەن تابێت لەباریّکی نەگۆڕدا بێنێتەوە، بەڵکو بەپێچەوانەوە، حاڵەتی جەستەیی هەریەکەیان ناماژەیەکی گرنگە، ئەگەر کەسی کڕیار دانیشت بەئارامی نەوە واتە کەسەکە یان زۆر ئارامە بەکەسی قسەکەر، یان نایەوێت بابەتەکە کەبت بکاتو زۆر گرنگی بە بابەتەکە نادات، کاتێك کڕیار هەست ئەکات هێرشبەرە بەرەو پێش مالّی خۆی ئەگۆڕێت ناماژەیە بۆ بەرەنگاری کردن لەسەر مالّی هێرشبەرییەکەی.

* ماوەی پێکگەیشتن:

تۆێژینەوە هاوچەرخەکان بەتایبەت ئەوانەی تایبەتن بەچەمکی کەسێتییەوە دەبێت ڕێزی لێ بگرین، ڕێگەی داوە بە بواردان بەو قەبارە بۆشاییەی کە هەریەکە تیایدا هەست ئەکات خاوەنی خۆیەتیو بەزاندنی ئەو سنوورە بەجۆرێك لەڕەفتاری دەستدرێژی کردن یان جۆرێك لەجوولّەی پاشەکشێی دروست ئەکاتو ڕێگە ئەدات بەدیاریکردنی ماوەی هاوسەنگی نێوانیان، ماوەی هاوسەنگی بەکارئەهێنین لەپەیوەندییە مرۆییەکاندا بەشێوەی خۆبەخۆو بەگوێرەی ئەو پەیوەندییەی کە ئەمانەوێت دروستی بکەین لەگەڵ کەسانی دیکەدا.

* دەربڕینی گشتی:

نیمە لێرەدا نەمانەوێت ئەو سیفاتو ڕوکارانەی کەسێتیمان دیاری بکەین بەو جۆرەی کە تێڕوانینی ئەو کەسانەیە کە پێمان ئەگەنو ئەیانبینین، لەڕەفتاری جەستەیی و ئاماژە، دەربڕینی گشتی، جانیتر بەقەڵەوی جیابکرێتەوە یان بەقەبارەی بچووکی، یان بەڕووکار، ڕوانین، دەنگ، قسەکردن، تۆنی دەنگ.

لەوانەیە جۆرێك لەگەشبینی دروست بێ بۆمان، چونکە شانازی نەکەین بەشێوەیەکی گشتی خۆمان لەگەڵ بوونی تۆزێك ڕەشبینی بەهۆی هەستکردنمان بەیەکێ لە کەمو کوڕییەکانمان، بەڵام بەگشتی شتی تەواو چاك و تەواو خراپ بوونی نییە، یان بەجۆرێکی فراوانتر بڵێم دەربڕینی تەواو چاك و تەواو خراپ بوونی نییە. ڕێگا پێکهاتەی گشتی خۆمان هەیە، لەچوارچێوەی ڕەگەزەکانی گرفتەوە کارنەکەین بۆ ئەو پێکهاتەیەمان بەگوێرەی چاك و خراپییەکانی.

تەکنیکەکانی دەربڕین

سێ لایەن هەیە دەبێت کاریان لەسەر بکرێت بۆ چاککردنی وێنەو ڕووکاری دەرەکیمان، بۆتەوەی لەگەڵ کەسانی دیکەدا ئاسان پێك بگەین، لەم خاڵانەی خوارەوەدا کوورت ئەبنەوە:

- ماوەی بەیەکگەیشتن.
- هەڵقوڵینی قسەکان لەزار.
- تۆنی دەنگ.

کاتێك قسەی پرژاوو تۆنی دەنگی بەرز دروست بێ جۆرێك لە پاڵنەری هەڵچوونی نادروستو نالێکۆڵراو دێتە کایە، بەپێچەوانەشەوە قسەکردنی هێواش‌و تۆنێکی دەنگی نەرم جۆرێك لەئارامی‌و متمانە دروست ئەکات، بەڵام دەبێ ئاگاداربین زۆر خاو نەبین لەگەڵ کرپارەکانمان کە وای لێ بێ خەومان لێبکەوێت لەگەڵیان، بەڵام قسەی هێواش‌و تێکەڵ بە تۆنێکی رەقی دەنگی‌و دەولەمەند بە وشەو زاراوەی جوان هێز بەوشەکان ئەبەخشێ، بەجۆرێك رێگە ئەدات بە دروستبوونی هاوسەنگییەك لەنێوان هێواشی‌و دیاریکراوی تۆنی دەنگدا.

- لەگەڵ دەنگێکی زبرو رەق دا دەبێت رەچاوی ماوەی نێوان پێککەیشتنی کەسەکە گەورە بێت، بەو مانایەی کە تۆندی لێك تێگەیشتن لاواز ئەبێت، بۆئەوەی ئەم لێك تێگەیشتنە زیاتر بکرێت ئەبێ تۆنی دەنگ بەرز بکرێتەوە، بەڵام گەر دەنگمان هەر زبرو رەق بوو دەبێ ئاگامان لەماوەی نێوانمان بێت کە کەمتر بێت لە مەترێك، تۆنێکی بەرزو ماوەی کورت هێز بە پێککەیشتن ئەبەخشێ.
- ئەکرێت تۆ کرپار هێور کەیتەوە لەرێگەی قسەکردنی هێواش‌و پێدانی ماوەیەکی درێژ لەنێوان خۆت‌و ئەودا، لەکاتێکدا ئەم ماوەیە نزیك بوویەوەو گەرمو گوڕی تێکەوت، ئەوکات نێمە ئامادە بەهێوری‌و متمانە بەخۆبوونمان ئەکەین، لەکاتێکدا کە قسەکردنی خێرا پەیوەست بەماوەیەکی گەورە جۆرێك لەوشکی‌و بێ زەوقی بەمامەڵەکردنەکە ئەبەخشێ.

چارەسەرکردنی پا جیاییەکانی مامەڵەکردن

بۆ چارەسەرکردنی ئەو پا جیاییانەی کە لەگەڵ کڕیاردا دروست ئەبێ ئەم هەنگاوانەی خوارەوە پەیڕەو بکە:

أ/ گوێبگرە: پێش ئەوەی وەڵامی بدەیتەوە، بەتەواوی گوێ بگرە لەقسەکانی کڕیار، ئەم کارە هێوری ئەکاتەوەو باشتر ڕوون ئەبێتەوە بۆتو پێدانی زانیاری لەوەڵامدانەوەدا پێویستی بەزیرەکی‌و وریایی هەیە، پاشان کە سەرەی هات بۆ قسەکردن، گوێ لێ بگرە، چونکە تۆ کەسی بەرامبەرت لەڕێگەی گوێگرتنەوە خاڵی کردۆتەوە لەهەستو سۆز، پاشان سەرەی هەستو سۆزو بیروڕاکانی دیکەیە.

ب/ لەڕێگەی ناراستەکردنی پرسیارەوە بابەتەکە ڕوون بکەرەوە یان دووبارەکردنەوەی ئەوەی وتراوە بەشێوەیەکی جیاواز. جەخت بکەرەوە لە تێگەیشتنی ئەوەی کە وتویەتی‌و هەندێك پرسیار بکە بۆ ڕوونکردنەوە وەك ئایا مەبەستت وایە....؟ پێم بڵێ ئایا ئەمە ئەوەیە وتوتە...؟

ج/ هێوری بپارێزە: هەرچەند کڕیار کەم زانیاری بێ و هەڵەو قسەی بریندارکەر ئەنجام بدات ئەبێ تۆ هەمیشە هێور بیت.

د/ جیاوازی کەسی بەرامبەر قبوڵ بکە.

ز/ بزانە هۆکاری سەرەکی هەستو سۆزی کەسی بەرامبەرت چییە.

ر/ بونیادنەر بە، پلانێکی دیکە دانێ بۆ هەرشتێ کە دژیەکی لەگەڵیدا، بیرۆکەو هزری کڕیار وێران مەکە ئەگەر تۆ شتێك باشتر شك نابەی لەهی ئەو.

خ/ بەسە وەصف کردن، بڕیارمەدە: زۆر نموونە بهێنەرەوە بۆ پاڵپشتی کردنی خزمەتکردنەکانت، بونیادی قسەکردنەکانت لەسەر ڕاستی بنێ.

س/ بەکارهێنانی ئاماری پشت ڕاستکراوەو بەکارهێنانی قسەی کەسانێك کە جێگای ڕێز بنو ڕێبازی جێگیرو زانراو بەکاربهێنن.

ش/ دوورکەوەرەوە لە سووکایەتی پێکردن هەمیشە با نەدەبت پێوە دیاربێ: ئەو ڕەفتارەی کە ئەتەوێ بیگۆڕی بیزانە، یان ئەو هەڵوێستەی ئەتەوێت چاکسازی تێدا بکەیت.

ص/ بەرپرسیارێتی لەئەستۆ بگرە: ڕۆڵی خۆت بزانە تاکو بتوانی کەسی بەرامبەر هان بدەیت بۆ گەیشتن بەچارەسەرێك، هەرکات زانی گونجاوە داوای لێبووردن بکە.

ل/ جەخت بکەرەوە لەدۆزینەوەی چارەسەرێك: ئەوە بزانە تۆو کێشەکەت هەردووکتان چاوتان لەداهاتووە، هەوڵ مەدە بەسەر دوژمنەکەتدا سەرکەویت لەڕێگەی وێران کردنییەوە.

ع/ گەرمو گوڕی لەدەست مەدە: کاتێك تووشی بۆشایی و شکست بان بەسەر گفتوگۆکەدا نەگرێت.

غ/ پابەندبە بە خشتەی کارەکانەوە: جەخت بکەرەوە لەسەر ئەو ڕەگەزەی کە گفتوگۆی لەسەر نەکرێت لەخشتەی کارەکاندا.

ڕێکخستنی چوارچێوەی پاساوەکانی فرۆشتن

زۆرێك باوەڕیان وایە فرۆشتن واتە پاساو هێنانەوە، وا خەیاڵ نەکەن کە فرۆشیار کەسێکە بەهرەو توانای هەیە لەقسەکردندا، خاوەن توانایەکی باشە لە خەیاڵکردندا، فرۆشتن جەخت نەکاتەوە لەسەر دۆزینەوەو ئاشکرا کردن، بەڵام نابێ گرنگی پاساو هێنانەوە لە فرۆشتندا بەکەم بگرین.

پاساوهێنانەوە واتە بەکارهێنانی زاراوەو ئاماژەکان تاکو کەسی گوێگر – کڕیار- ڕابکێشرێت بۆنەوەی ئەو بڕیارە بدات کە ئێمە لێی چاوەڕێ نەکەین.

نەکرێت پێناسەی پاساو هێنانەوە بکەین بەوەی هەوڵدانە بۆ دەرخستنی بەرهەم بەو جۆرەی کە ڕێك بێتەوە لەگەڵ پێویستیو پاڵنەرەکانی کڕیاردا. لەچاوپێکەوتنەکانی ڕازیکردندا پاشان ئاشکراکردنو دۆزینەوە دێت، لەڕاستیدا ئاشکراکردنی مانایەك بۆ پاساو هێنانەوەی کەسی دروست نەکات کە پەیوەستی ئەکاتەوە بەکڕیارەوە.

- ئێمە پاساوەکانمان لەسەر بنەمای ناراستەکردنی عەقڵو دڵو عەقڵگەرایی ئەنجام نەدەین، ئەی لایەنە سۆزداریو عەقڵانیانە هاوکاری یەکتر نەکەن، ئاشکراکردنو دۆزینەوە بەئاسانی جیاکاری نێوان (تایبەتمەندی سەلماندن) واتە بەڵگەکاری بەدیار نەکەوێت.
- سەرنج بدە لەدەربڕینی جیاوازیو تایبەتمەندیدا ناراستە بەردو پاڵنەرەکانی قسە بۆکراو – کڕیار- کار نەکەین وەك:

- چاولەشوێنی –تەماع- زیاد نەکات، نابووری کاری نەکات، قازانج نەکات، زیانەکان کەم نەکاتەوە، زیانەکان دانەبەزێنێ، زیانەکان ناهێڵێ.
- ناسایش: نەپارێزێ، ڕێگری نەکات، بەگری لێ نەکات، بەڕێوەی نەبات، پارێزگاری نەکات، مەترسییەکان کەم نەکاتەوە، مەترسییەکان ناهێڵێ.
- خۆشەویستی و قوربانیدان: نەبەخشێ، زیاد نەکات، شادی و چێژو خۆشگوزەرانی پێشکەش نەکات...تاکۆتایی..
- پێویستی دەربڕین، دروست نەکاتو جوانکاریش نەکات.
- ڕێزگرتن لەکەسانی دیکە، هێور نەکاتەوە، ڕاستگۆیی، جیاوازی نەکات، سەرنج نەدات.
- نارامی: ناسانکاری نەکات، دوورنەکەوێتەوە لەوەڕزکردنو نازار، هەوڵ، ناستەنگەکان.
- پێویستی داهێنان، کار نەکات، بەدەست نەهێنێ، دروست نەبێت.
- تایبەتمەندی گشتی و تایبەتمەندی کەسی و تایبەتمەندی تایبەتی و بەڵگەکاری بریتین لەزارەوەی ڕوون، گرنگ لێرەدا ئەوەیە بزانین لەکوێوە زانیاری لەسەر بەرهەم دێت و دەست نەکەوێت، نامرازەکانی ئامادەکردنی ئەو زانیاریانە چین؟

نموونەیەك لەسەر لیستی ناماددەکاری بەرهەم:

بەشێوەیەکی هاوکاری ئەم تۆمارە بیرهێنانەوەی لەخۆگرتووە لەسەر ئەو نامانجانەی بۆنەوەی تایبەتمەندییەکانی بەرهەمی تەڕوو لەپێناو ناشکراکردنی جیاوازیو تایبەتمەندییەکانی ئەو بەرهەمەی نەخرێتەڕوو.

مێژوو: کێ داهێنەری بەرهەمەکەیە؟ کەی؟ چ بیرۆکەیەك لەپشت ئەو داهێنانەوەیە؟ چۆنیش ئەو بەرهەمەی داهێناوە؟.

پێکهاتە: ماددە سەرەکییەکانو ڕەگەزە تێچووەکان، بنەماکانی، پێوەرەکانی هەڵبژاردنی پێکهاتەکان، جیاوازی لەسەر کێبرکێ کاران.

وەربەرهێنان: ڕێگا بەکارهێنراوەکان، زانیاری کۆمپانیاو کارگە، کۆرتی ڕێگاکان ناوبانگی کارگە، پلەی نالۆزی نامێرەکانی وەبەرهێنان، توانای تایبەت بەکرێکارانو چاودێری.

تایبەتمەندییەکان، بونیاد، کێش، دووری، قەبارەی توانای بەش بەشکاری، ڕەنگ، دەستە، دەنگ، بۆن، تام، جێگیری تام، کۆرتی تامەکە، ماوەی وەرگرتن، پاکو خاوێنی، مەرجی تەندروستی، بەرگری، صیفاتی تایبەتیو ڕێکخراوە، سیفاتی جیاکەرەوە لە کێبرکێ کاران، جۆرەکەی، ناوبانگو کۆرتی جۆرەکەی، بەهای جۆرەکەی، بیستراوی بەرهەم.

بەکارهێنان: بەکارهێنانی بنەمایی‌و چاوەڕوانکراو بەکارهێنانی لاوەکیو بەکارهێنراو.

پێکهاتەی دروستکردن: چوارچێوەی پێکهاتە (قەبارەکەی) فرەڕەنگی پێکهاتەو دروستبوونی، مۆدێڵو گروپی بەرهەمەکانو خێزانەکان.

نرخو مەرجەکان: نرخی بەکاربەر، پێگەی بەرهەم بەگوێرەی کێبرکێ کاران، نرخی فرۆشیاران، نرخی ناوەندەکانی کڕینو بڕیاردان لەسەر دروستی جیاوازییەکان، پەراوێز وەك ڕێژەی سەدی، پەراوێز بۆ کێبرکێ کاران، مەرجی تایبەتی (تەسلیم کردن) بڕیاری سالانە، مەرجی داخستن، مەرجی لەخۆگرتنو مەرجی نالۆگۆڕکاری.

خزمەتکردنی کڕیار – بسێن: ماوەی سپاردن، نامرازی سپاردن، ڕێوشوێنەکانی سپاردن، خزمەتگوزاری پێشکەشکراو بۆ کەسی بسپێرەر، ژمارەی کۆگاکانو نزیکیان، تاقیکردنەوەی بەرهەمی عەمبارکراو، داواکاری بە تەلەفۆن، ماوەی چەککردنەوە، خزمەتگوزاری دوای فرۆشتن، دوودڵ فرۆشیار، خزمەتگوزاری دیکە.

بنەماکانی ناو دانوستان

یەکەم: ڕۆڵی تایبەتمەندییە کەسییەکان لە دانوستاندا: ئایا پێشبینی کەسێتی کڕیار نەکرێت ئەگەر هاتوو شتێکمان زانی لەسەر کەسێتی کەسەکە؟ وا دائەنێین ئەو کەسانەی بەمەترسیو خۆخستنە مەترسی جیانەکرێنەوە زۆر کەسێکی ڕەقو دوژمنکارن لەدانوستاندا، زۆر کەم (تنازل) ئەکەن لەقسەکانیاندا، بەڵام تووشی سەرسامی ئەبین بەوەی ناماژەکان زۆر پاڵپشتی نەم گفتوگۆیە ناکەن.

لێکۆڵینەوەکان ڕوونیان کردۆتەوە کە لەبواری پەیوەندی کەسی تایبەتمەندی کەسی کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر پرۆسەی دانوستان نییە، یان لەسەر

دەرەنجامی دانوستان، ئەم دەرەنجامەش بەگرنگ دانەنرێت، کاتێك کەوا گرێان ئەکەین پێویست ناکات جەخت بکەینەوە لەسەر کەسێتی کرێار بەو ڕاددەیەی کە جەخت لەسەر بابەتو هۆکاری هاوڕا تایبەتمەندی گشتی پرۆسەکانی دانوستان دەکەینەوە.

دووەم: ئەو دانوستانانەی کە لە لایەن کەسی دووەمەوە جێبەجێ ئەکرێت: هەندێکجار لەدانوستانەکاندا هەردوولا ناتوانن بگەنە ڕێککەوتنێك، بەو هۆیەوە کە ناتوانن چارەسەرێك بۆ ناکۆکییەکانیان دابنێن، لەم حاڵەتەدا لایەنی سێهەم دێتە ناو کایەکەوە بۆ یارمەتیدانیان، چوار ڕۆڵی سەرەکی هەیە بۆ لایەنی سێهەم ئەوانیش (ناوەند، دادوەر، چاکساز، ڕاوێژکار).

- ناوەند: مەبەست لێی لایەنی سێهەمە یارمەتی ئەدات لەپێناو گەشتن بە چارەسەرێك لەدانوستانەکاندا، لەڕێگەی لۆژیکو ڕازیکردنەوە وە لەڕێگەی هێنانی بدیل (جێگرەوەکان) زۆرجاریش ناوەند ناتوانێ دانوستان بەئەنجام بگەیەنێ، بەڵکو ڕۆڵێکی چالاکی نەبێت لەپرۆسەکەدا، بەجۆرێك کە پێویستە خۆی زۆر بێ لایەن درەنجات و هەوڵ نەدا هیچ لایەکیان ملکەچی وەرگرتنی چارەسەرەکە بکات.
- دادوەر: لایەنی دووهەمەو توانای هەیە بەسەر مەبەستی ڕێککەوتنەکەدا، نەکرێت نەو دادوەرە خۆبەخشانە بێ واتە هەڵبژێردرێت، جیاوازی دیار لەنێوان دادوەرو ناوەنددا، نەوەیە ئەم هەمیشە ئەگاتە چارەسەر بۆ ململانێکە، بەڵاّن لایەنی خراپ بوونی هەیە لەدادوەردا ئەوە ئەگەر هاتوو لایەکیان واهەستی کرد دۆڕاوە

لەڕێککەوتنەکەدا بڕیاری دادوەر پەسەند ناکات و جارێکی دیکە ململانێ دروست نەبێ دوای ماوەیەك ڕێککەوتن.

- چاکساز: لایەنی سێیەمەو هەڵدەستێ بەپرۆسەی نافەرمی و بەستنەوەی نێوان لایەنەکانی ململانێ کاران، ئەم چاکسازە بەڕێژەیەکی گەورە پشت بەناکۆکییەکان دەبەستێ بۆ وەرگرتنی هەردوولا بۆ پەسەندکردنی چارەیەك بۆ گرفتەکە، لەپراکتیکدا چاکسازان تەنیا نامرازی پەیوەندی نین بەتیا، بەڵکو کارنەکەن بۆ گەیشتنە ڕاستییەکان و ڕاڤەکردنی پەیامەکان و زیادکردنی ململانێ کاران بۆ گەیشتن بەڕێککەوتن.

- ڕاوێژپێکراو- پسپۆڕ- شارەزا: لایەنی چوارەمەو پسپۆڕەو یارمەتیدەرە بۆ گەیشتن بەچارەیەك لەڕێگای پەیوەندی و شیکارکردنەوە، بەپشت بەستن بەو ئەزموونەی کە خۆی هەیەتی لە بەڕێوەبردنی ململانێکان، بە بەراورد بەو ڕۆڵانەی لەپێشتردا بوویەتی. ڕۆڵی شارەزا تەنیا گەیشتن نییە بە ڕێککەوتن، بەڵکو کارنەکات بۆ چاککردنی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو لایەن و زیاتر لەیەك تێگەیشتنیان. ئەم لایەنەش لەسەر مەودایەکی دوورخایەن کارنەکات بۆ بونیادنانی تێگەیشتنێکی باش لەسەر یەکتری و پێشینەی ڕۆشنبیری کاریگەرییەکی باشی هەیە لەسەر دانوستانە بازرگانییەکان، بۆیە تاکو دانوستانێکی باشتر بەڕێوە ببرێت دەبێ لایەکی بەلادا بکرێتەوەو گرنگی پێ بدرێت.

دەسەلآت پێدان لەرێگەی توانا شایستەگییەکانەوە

دیاریکردنی گرنگیو بایەخی کەسانی دیکە، بە مانای ڕزگاربوون نییە لەدوودڵیو بەرپرسیارێتی، نموونەی ئەم شێوازە وەك ڕێگایەك بۆ خۆ قوتارکردن دانەنرێت، بەدەست لێ هەڵگرتن (تنازل) نەك دەسەلآت پێدان، کەسی دەسەلآت پێدراو داواکراوە بەوەی بیربکاتەوە چۆن چۆنی هەڵسو کەوت بکات پێویستە لەسەری جەخت بکاتەوە لەوەی ئەو هەنگاوانەی کە گرتوونیە بەر لەپێشدا نابێ هاوڕێك بێ لەگەڵ ئەو هەنگاوانەدا کە خاوەن دەسەلآتە سەرەکییەکە گرتونیەبەر، ناستەنگێکی گرنگ هەیە کە ڕووبەڕووی پرۆسەی دابەشکردنی دەسەلآتداریێەکان (صلاحیات) نەبێتەوە، دەسەلآت پێ دەرو دەسەلآت پێدراو بارودۆخی نێستایی پێکەو هاوکاری دەکەن لەگەڵ یەك زۆر گرفتی لەو بابەتەدا بەدیار نەخەن.

ناستەنگەکانی کەسی دەسەلآت پێدەر

- بە باش دانانی جێبەجێ کردن.
- خەیاڵ پلاۆ بەو قەناعەتەی کە وتراوە نەتوانم زۆر بە باشی ئەم کارانە ئەنجام بدەم.
- نەبوونی متمانە.کەی ئەزموونی کار لەبارەی بابەتی دەسەلآت پێدانەوە.

- ترس لەوەی کە خۆشەویست نەبێ.
- ڕەتکردنەوەی نەخامدانی هەڵە.
- کەمو کوڕی متمانە بەژێردەستەکان.
- سوربوون لەسەر گەیشتن بەپلەی تەواوەتی -کەمال- بەجۆرێك کە قورس کاری دروست بکات.
- کەمو کوڕی شارەزایی ڕێکخستن لەدروستکردنی هاوسەنگی بۆ لەخۆگرتنی کەمو کوڕییەکان.
- کەمو کوڕی توانایی لەسەر وەرگرتنی بەرپرسیارێتی دەبێتە هۆی شکست لە پرۆسەی دەسەلآت پێداندا.
- نەبوونی تێگەیشتن لە نەرك و ناڕوونی.
- کەم توانایی لەدروستکردنی چاودێرییەکی چالاك و نەبوونی توانایی بەدواداچوون.

ناستەنگەکانی کەسی دەسەلآت پێدراو

- کەم نەزموونی.
- کەمو کوڕی لێهاتوویی.
- ڕاکردن لە بەرپرسیارێتی.
- زیادەڕەوی کردن لە پشت بەستن بەسەرۆك.
- زۆری کەمو کوڕی و چاك و چۆنی لەکارەکاندا.
- ڕۆچوون بەناو بابەتە ناگرنگەکان و لاوەکییەکاندا.

ئەو ئاستەنگانەی بارودۆخ ئەیسەپێنێت

- سیاسەتی خستنەڕوو پێشانگایی لەسەر بنەمای هەوڵی تاکەکەس.
- نەبوونی ئامادەیی بۆ لەئەستۆگرتنی هەڵەکان.
- خێراییەك كە بوار بۆ ڕوونكردنەوە ناهێڵێتەوە.
- کەمو کوڕی ئامێری بەڕێوەبردنی بازرگانی.
- مەترسی کڕیارەکان.

لەپێشتربوونی جێبەجێکردن

ئەو کاتەی کە پرۆسەی دەسەلآت پێدان کارێکی کردە نییەو ئەگەر ویستمان هەستین بەبێ جێبەجێکردنی کارە پراکتیکییەکان پێویستە:

- بڕیار بدرێت کە چی بکرێت.
- کەسێك دیاری بکرێت کە جێبەجێی بکات.
- گوێبگیرێ لەو هۆکارانەی کە ئەنجام نەدان ئەگۆڕن، یان بۆچی کەسێکی دیکە بەم کارە هەڵئەستێ؟ یان بۆچی بەو ڕێگا جیاوازە جێبەجێ بکرێت؟
- بەدواداچوون بکرێ بۆی ئاخۆ جێبەجێ کراوە؟.
- ئەوەش ئاشکرا بکرێت بۆچی جێبەجێ نەکراوە؟.
- ئەوەش بەرجەستە بکرێت کە بۆچی جێبەجێ نابێت.

- گوێبگرە لەو پـۆزش هێنانـەودی نـەو کەسـەی کـەك لەسـەری بـووە جێبەجێی بکات.
- بەدواداچوون بکات کە ئاخۆ بەشێوەیەکی باش جێبەجێ کراوە.

ئەو خەیاڵ پلاوە کە تاکەکەس خۆی بە کەمالی بڕوانێ یان بڵێ (من ئەتوانم بـە باشترین شێوە جێبەجێی بکەم) کـارێکی بـاوە لـەناو گەنجانـدا. توانـاو گـوڕوو زیندوویـیان ئەبێتە بنەمایەکی سـەرەکی بـۆ ڕووبەڕووبوونـەوەی مـاوە کـورتو ناڕەحەتەکان لەگەشەکردنیاندا لەسەرەتای کاردا، نـەم تایبەتمەندیانـە پرۆسـەی دابەشکردنی توانایی‌و دەسەلاتەکان قورستر ئەکات.

هەروەها ڕوونە کە کەمی متمانە بەکەسانی ژێردەسـتە یـان دەسـەلات پێـدراو یەکێکە لە ئاستە سەرەکییەکان لە پرۆسەی دابەشکردنی دەسەلاتەکان، ئەوکات کە لای کەسانی دەسەلات پێدراو تواناو کارایـیەکی ئەوتۆ نەبێت کە بتوانن نـەو دەسـەلاتە ڕابپـەڕێنن، ئەمـەش واتـە کـەمی نـەزموونو توانـایی‌و ڕاهێنـان لەپڕکردنەوەی داواکارییەکانی کارکەران لەو بوارەدا.

(ئۆریس) ئاماژە بەوە ئەکات کە هەندێك حاڵەت هەن تیایدا دەسـەلات دان بـە دەسەلاتی سەرەکی گونجاوە کاتێك کە بارودۆخ یـەکێ لـەم بابەتانـەی خـوارەوە ئەسەپێنێ:

ستایش‌و پاداشت: ڕێزلێنـان زۆر بـەهادار نـەبێت بـۆ کەسـانی دەسـەلات پێدراو ئەگەر لەلایەن بەڕێوەبەری سەرەکییەوە بێت.

پێشکەشکردنی هاوکاری: زۆر باشتر نەبێت ئەگـەر لـەنێوان خـاوەن کـارو بەڕێوەبەری فرۆشراوەکاندا ڕووبدات نەم هاوکارییە.

بڕیاری چارەنووس ساز: پەیوەستە بەتوانایی تایبەتەوە، بریتییە لەو تواناییەی کە بەڕێوەبەری سەرەکی خاوەنییەتی بەنەزموونێکی شارەزا دانەنرێت بۆ بەشداری پێکردنی لەبڕیاردا کارێکی زۆر گرنگە.

بۆچی کەسانی خوارەوە -ژێرەوەسەلآت- لەدەوەسەلآت پێدان ڕانەکەن

بەلای کەمەوە ٦ هۆکار هەیە وانەکات ڕاکردن دروست بێت لەدەوەسەلآت پێدان دا، نەوانیش:

١) نارەزووی کەس ژێردەستە بۆ دوورکەوتنەوە لەخۆخستنە مەترسییەوە، ئاسانتر وایە کە کەسی سەرۆک بڕیار بدات نەک نەمە خۆی بخاتە ناو نەو بڕیاردەو خۆی بۆخۆی بڕیاربدات، ئاراستەکردنی سەرۆک لەم کاردا جۆرێکە لەجۆرەکانی بەشداری پێکردن لەبەرپرسیارێتی، واتە نەگەر ڕاکردن نەبێت لێی بەپێی تێپەڕبوونی کات بابەتەکە نەبێتە پشت بەستن بەخەڵک، بۆ دەست گرتن بەسەر نەم نەریتەدا، پرسیارێکی کورت نەنجام بدە وەک (داواکاریت چییە؟).

٢) ترسی کەسی ژێردەوەسەلآت لەڕەخنە، بەتایبەت ڕەخنەی خراپ، یان نەگونجاو یان ڕەخنەی ناشکرا، ڕەخنەی باش بەسروشتی خۆی بەردو پێش چوون دروست نەکات.

٣) کەمو کوڕی متمانە لای کەسی ژێردەوەسەلآت: نەمەش لەنەزموونو زانیارییەوە دروست نەبێت، بۆ پەرەپێدانی نەم متمانە پێویستە هەلی

بدرێتێ خودی کەسەکە کـە خـۆی تـاقی بکاتـەوە لـەڕووی زانیـاریو زانستییەوە دەربارەی چالاکی کارەکانی.

٤) کەمو کوڕی زانیاری لای کەسی ژێردەستە بەجۆرێك کە یارمەتیـدەری بێت بۆ بە ئەنجام گەیاندنی کارەکانی.

٥) نارەزووی سەرۆك بۆئەوەی هەمیشە کەسانی دیکـە پێویـستیان پێـی بێت، نەمەش هەڵوێستێکە کە ئەستەمە بـشاردرێتەوە لای کەسـانی ژێردەسەلاّت، سەرۆك واهەست ئەکات کە بڕیاردان لـەبری نەنـدامانی دیکە توانییەکە ناتوانێ دەستی لێ هەڵبگرێت.

٦) کەمو کوڕی سەرۆك لەسەر وتنی (نەخێر) لەکاتی داواکردنی هاوکاریدا بۆی، ناراسـتەکاری ڕووەو کـاری هاوبـەشو بەشـداری پێکردنـی وای کردووە سەرۆکەکان حەزیان پێش بکەوێت لەپاڵپشتی و هاوکاریدا بـۆ کەسانی ژێردەستیان، دەربڕینـی ڕای خـاوەن کـار بریتییـە لـەجۆرێك لەبڕیاردان، بەڵکو فەرمانی ڕاستەوخۆیە لەلایەن نەو کرێکارانەوە کـە لایەنەکەن لە کاری سەرکێشی.

بازارِو وەبازارِخستن

بازار: بەمانا نابوورییەکەی، چوارچێوەیەکە هەندێ فرۆشیارو کڕیار لەخۆنەگرێت پەیوەندی نێوانیان تۆکمەیە، ئالۆگۆڕکاری ئەکەن لەنێوان خۆیاندا بەبێ بوونی هیچ کۆت‌و بەندێك بەڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆیی، ئەمەش واتە پێکگەیشتنی کڕیارو فرۆشیار لەبازارِدا گرنگییەکی زۆری هەیە.

بازارِ: ئەو شوێنە جوگرافییەیە تیایدا پرۆسەی فرۆشتنو ساغکردنەوەی بەرهەم بەئەنجام ئەگەیەنرێت لەڕێگەی ناوەندو کەناڵەکانی دابەشکردنو زانیاری دەربارەی بەکاربەرانی پێشبینی کراو، ئەوانەی کە گومان ئەبرێت پێویستیو داواکارییەکیان هەیەو هەوڵ نەدەن پڕی بکەنەوە لەڕێگەی کڕینی نەو کالاّیەوە. بۆیە بوونو پێویستیو نارەزوو کڕین دروست نەکەن، بەجۆرێك کڕیار یان بسێن بەگوێرەی نەو داهاتەی هەیەتی بڕیاری کڕین نەدات، بەگوێرەی سەلیقەو پێویستیو سروشتی خۆی.

لەو پێناسانەی سەردەو بۆمان دەرئەکەوێت بازارِ ئەو شوێنەیە تیایدا کالاّیەك ئەخرێتەڕوو کە داواکارییەکی لێ چاوەڕوان کراوە، تیایدا پەیوەندی بەڕپا ئەبێت لەنێوان کڕیارو فرۆشیاران، ئەوانەی کە پرۆسەی دانوستانو قسەو باسو پەیانی کڕینو فرۆشتن دروست نەبێ لەنێوانیاندا، ئەم پرۆسەی پەیوەندییەش لەچەند نامرازێکەوە ئەکرێت، لەم ڕوونکردنەوە پوختەدا بۆ چەمکی بازارِ ئەکرێت ئەم دەرەنجامانە بگرین:

- له مانا نابوورییه‌که‌یدا هیچ بازارێکمان نییه به‌تەنیاو بۆ گشت کالاکان، به‌ڵکو هەر کالایەك و بازاڕی خۆی هەیه.
- له‌چوارچێوه‌ی ئەم چەمکەدا ئەکرێت بازاڕ هەبێت خۆجێیی بێت، ئەکرێت کورت بکرێته‌وه له‌چوارچێوه‌ی جوگرافیانه‌ی دیاریکراوی ناو دەوڵەتێك دا، پێویستییه‌کانیشی بەشێکی دیاریکراوه لەو شارو دەوڵەته.
- بوونی ئەو بازاڕه خۆجێییانه کارکردنه بۆ ئاسانکاری ئالوگۆڕی کالاو خزمەتگوزارییه‌کان له‌ناو ژمارەیەك یەکێتی نێوده‌وڵەتیدا، ئەوانەیان که خاوەن سیفاتی هاوبەشن له‌ناو یەك هەرێمدا.
- بوونی بازاڕی نێوده‌وڵەتی کارکردنه بۆ ئاسانکاری ئالوگۆڕی کالاکان له‌سەر ئاستی دەوڵەتانی جیهان بەبێ جیاکاری له‌چوارچێوه‌ی ڕێککەوتنی نێوده‌وڵەتیداو جێبەجێ کردنی بەبێ بوونی هیچ ڕێگرییەك.
- ژمارەی کارکەران له‌بازاڕه‌کاندا جیاوازن، سیاسەتی دەوڵەتانیش به‌هەمان شێوه جیاوازن له‌جێبه‌جێ کردنی یاساکانی بازاڕدا، به‌ڵام بازاڕه‌کان به‌گشتی هەموویان هەڵگری یەك سیفاتن، ئەویش بریتییه له‌وەی تیایاندا پەیوەندی نێوان به‌کاربەرو فرۆشیاران دروست ئەبێ و ئالوگۆڕی کالاو خزمەتگوزارییه‌کان ئەکرێت له‌نێوانیاندا.

ئەو هۆکارانەی کە چوارچێوەی بازاڕ دیار ئەکەن

١) جۆری کالاکان: چوارچێوەی بازاڕ زۆر بەڕوونی ئەکەوێتە ژێر کاریگەری جۆری کالاکانەوە، ئەو کالایانەی کە ناتوانرێت بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ هەڵبگیردرێن ئەبێ لەناو چوارچێوەی بازارێکی خۆجێیدا ئالوگۆڕی پێ بکرێت تاکو بەزوویی ساغ بکرێتەوە لە لەناوچوون بپارێزرێت، بەڵام ئەو کالایانەی پیشەسازین ئەکرێت عەمبار بکرێن و بگوازرێنەوە بەبێ ترسان لە تێکچوونیان ئەکرێت بازارێکی جیهانیان بۆ دروست بکرێت لەزۆر جێگای جیهانەوە ئالوگۆڕیان پێ بکرێت.

٢) داب و نەریت: داب و نەریت ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە لەدیاریکردنی چوارچێوەی بازاڕدا، بێگومان هەندێك کالا هەیە ناکرێت لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی کاریان پێوە بکرێت، چونکە هەندێك کۆمەڵگا ئەو کالایانە ڕەت ئەکەنەوە، بەو پێوەرەی کە ناگونجێت لەگەڵ داب و نەریتیاندا. بۆیە بڕەودان بەو کالایە نەبێ لەچوارچێوەی بازارێکی خۆجێیدا بێ، چونکە ڕەوایەو پەسەند ئەکرێت لەناو خۆی ئەو شوێن و جێگەیەدا و ئەگونجێ بە نەریتی کۆمەڵگەکە.

٣) ئامانجی پەیوەندی نێوان فرۆشیارو کڕیار: پێشکەوتنی ئامرازە میکانیکییەکان کە هاوکارە لەپرۆسەی پەیوەندی دروستکردندا لەنێوان فرۆشیارو کڕیاردا، کاریگەرییەکی گەورەی هەیە لەسەر

زیادبوونی چالاکی ئابووری لەبازاڕدا خێرایی پەیوەندیو گواستنەوە بۆتە هۆی خێرایی ئالوگۆڕی ئابووری لەبازاڕە جۆراوجۆرەکاندا.

٤) تێچوونی گواستنەوەو دڵنیایی: بەرزبوونەوەی تێچوونی گواستنەوەو دڵنیایی هەندێك کاڵا وانەکات کەسی فرۆشیار لەناو سنووردێکی تەنگەبەری ئابووریدا تازەگەری بە بەرهەمەکەی بکات لەسنووری چالاکییەکی ئابووری سنووردارداو. بۆیە بازاڕی ئالوگۆڕی ئەم بەرهەمە زۆر خۆجێییانە سنووردارە، چونکە لەوانەیە کرێی گواستنەوەی بۆ ولاتانی دیکە بەقەد کرێی تێچوونی بەرهەمهێنانەکەی بوێت لەو ولاتەدا کە لێی بەرهەم هێنراوە.

٥) یاسای داڕێژراوو سیستەمە ئابووریەکان: ڕۆڵێکی گرنگ نەگێڕن لەدیاریکردنی چوارچێوەی بازاڕدا، بۆیە هەستانی دەوڵەت بەدانانی باجی گەورە لەسەر هاوردەی کاڵاکان لەسەر بنەمای ڕادەی بلاوی ئەو بەرهەمەیە لەبازاڕەکانی دیکەدا، یان دەوڵەت یاسای بەش بەشەکی نەسەپێنێ بەسەر هاوردەنیدا، ئەمەش بۆ خۆی کاریگەری دروست نەکات لەسەر بڕی کاڵاکانو کرێی گواستنەوەیان بۆ بازاڕەکانی دیکە دواتریش سنووردارێ نەداتە بازاڕ.

چەشنەکانی بازاڕ

یەکەم: بازاڕی کێبڕکێی تەواو: بەم تایبەتمەندییانەی خوارەوە جیاندەکرێتەوە:

أ/ زۆری ژمارەی فرۆشیارو بەرهەمهێنەران: لەم حاڵەتەدا تاکەکەسی بەرهەمهێن ناتوانێ کاریگەری دروست بکات لەسەر بڕی خراوەڕووی کاڵای بازاڕ، بەهەمان شێوەش تاکی بەکاربەر ناتوانێ کاریگەری دروست بکات لەسەر داو خواست لەسەر ئەو بڕەی کە ویستراوە هیچ کامیان ناتوانن کاریگەری دروست بکەن لەسەر نرخی کاڵاکان. بۆیە کارێکی ناشکرایە ئەو بەهای کاڵایە کاریگەریش لەسەر بازرگانو گشت فرۆشیاران دروست ئەکات.

ب/ لێکچوونی کاڵاکان: واتە توانایی خستنە بری کاڵایەك لەجێی کاڵایەکی دیکە، بۆنەوەی هەمان ئارەزووی بەکاربەر پڕبکاتەوە. بۆیە ئەبێ لەم جۆرە بازاڕانەدا کاڵای لێکچوو زۆر بەرهەم بهێنرێت تاکو کەسیش نەتوانێ دەست بگرێت بەسەر نرخی ئەو کاڵایەدا کە ئەیفرۆشێ.

ج/ ئازادی ڕۆشتنو هاتن لەناو ئەم بازاڕەدا: هیچ کۆتو بەندێك نییە تاكو گروپەکان مەرجدار بکات لەهاتنو ڕۆشتنیان دا بۆ ناو ئەم بازاڕە، هەروەها ئازادانە ڕەگەزەکان ئەگوازنەوە لەکارگەیەکەوە بۆ یەکێکی ترو لەزۆر بواری جیاوازدا ئەیخەنە کار.

د/ بوونی زانیاری تەواو لەسەر بارودۆخی بازاڕو نرخی باوو لە بازاڕەکەدا: واتە هەموو کڕیارو فرۆشیاران تەواو شارەزای نرخی کاڵاکانو مەرجەکانی ئەزانن،

هیچ فرۆشیارێك ناتوانێ بەکاربەر فریو بدات بە بەرزکردنەوەی نرخی کالاکەی بەجۆرێك کە جیاواز بێ لەگەڵ ناوچەکانی دیکەی بازارەکەدا.

دووەم: بازاڕی کێبرکێ کاری ناتەواو: ئەکرێت دابەش بکرێت بەسەر سێ جۆردا:

أ/ بازاڕی قۆرخکاری تەواو: ئەم بازاڕەش بەم تایبەتمەندییانەی خوارەوە جیانەکرێتەوە:

١) دەست بەرسەرداگرتنی سەرجەم ماددە سەرەتاییەکان لەلایەن بەرهەم هێنەوە: لەم حاڵەتەدا قۆرخکار خاوەنی گشت داهاتە سەرەتایی و پێویستیەکانە بۆ ئەم دروست کردن و پیشەسازییە، بۆیە نە ئەیانفرۆشێ بە کێبرکێ کارانی دیکە، نە کارناسانیان بۆ ئەکات تاکو بەدەستی بهێنێت.

٢) داواکارییە سەرمایەدارییەکان: بەتایبەت هەندێك پیشەسازی پێویستی بە گوژمەیەکی گەورەی دارایی هەیە بەجۆرێك ناستەنگ دروست ئەکات بۆ کێبرکێ کارانی دیکە تاکو بێنە ناو پێشبڕکێکەوە، بۆیە لەم کارەدا قۆخکار مادام خاوەن پارەیە بۆخۆی خاوەنی هەموو شتێکە.

٣) هەندێك ڕێگری هەن ناهێڵن دامەزراوەکان بێنە ناو بازارەوە: بەجۆرێك کە لایەنی کالاێك بەرهەم ئەهێنێ و ئەیخاتە بازارەوە، کالاێەکی دیایکراو نەفرۆشن ڕێگری نەکەن لەکەسانی دیکە بێنە ناو بازارەکەوە و کێبرکێی نەم لایەنە بکات.

٤) بـوونی یەکـەم بەرهـەمهێن لـەبازاڕدا: بـەجۆرێك ئـەم کەسـە تاک سەرمایەدارە لەناو بازاڕدا بۆ بەرهەمهێنانو نەتوانێت کۆنترۆڵی بـازار بکات لەڕێگەی بەرزکردنەوەی نرخی کالاکان یان کەمکردنـەوەی بـڕی کالای خراوەڕوو لـەبازاڕدا، یـان ئەگـەر وێـستی بەپێـچەوانەوە. بـەو مانایەی کە کەسی قۆرخکار نرخ دیاری ئەکات، بۆیە داواکاری نرخـی کالای قۆرخکراو واتە داواکاری نرخی بازاڕ بەهۆی تاکایەتی کەسەکەو تەنیا بوونی لە بەرهەمهێنانی کالاکە.

٥) نەبوونی جێگرە بۆ ئەو بەرهەمەی قۆرخکـار بەرهـەمی دێنێـت، بـەو مانایەی کە داواکاری لەسەر کالای قۆرخکار داوایەکی گونجـاوو نـەرە نییە. بۆیە گۆڕانی نرخ زۆر کاریگەر نییە لەسەر بڕی کالاکان.

ئەکرێت قۆرخکاری ئەم شێوازانەی دیکەش لەخۆبگرێت:

أ/ قۆرخکاری یاسایی: وەك پێدانی ڕێگەو لەپێشتری بۆ تەنیا یـەك سەرچـاوەی بەرهەمهێنان، بەرهەمهێنانی ئەو کالایە.

ب/ قۆرخکـاری ڕاسـتەقینە- کـرداری-: بـەهۆی سـەرهەڵدانی داواکـاری سەرمایەدارانی گەورە پرۆژەیـەك وانـەکات ڕێگـە نـەدرێت بەهاتنـە نـاوەوەی کەسانی دیکە بۆ ناو ئەو کەرتە.

ج/ قۆرخکاری سروشتی: ئەم جۆرە بـەو هۆیـەوە دروسـت نـەبێ کـە سروشـتی هەندێك پرۆژە هەن هێندە گەورەن وانەگونجێن کە زۆر پرۆژە بوونی نەبێت لـەناو بازاڕدا، وەك پرۆژەی هاوڕایی گشتی.

ب/ بازاڕی کێبرکێی قۆرخکاری: ئەم جۆرە بازاڕە تێکەڵەیەکی کێبرکێو قۆرخکاری تەواوەتی لەدیارترینی تایبەتمەندییەکانی ئەم بازاڕە:

١) بوونی ژمارەیەکی زۆر لەکریارو فرۆشیار: بەجۆرێك کاری گشت بەرهەمهێنێك بەروومالّی رێژەیەکی سەرەتایی لەبازاڕ واتەکات کاریگەری هەر تاکێ لەسەر بازاڕ بەدیار بکەوێت، بەڵام ئەم جۆرە بازاڕە رێژەیەکی کەم لە بەرهەمهێنەران لەخۆگرێت وەك ئەوەی لەبازاڕی تەواوەتی دا هەبێت.

٢) لێك نەچوونی بەرهەمەکان، بەڵام نزیکیان لەیەکترەوە: بەو مانایەی نەتوانین کالاکان بەجێگرەوەیەکی باش دابنێین، بەڵام نابنە پرکەرەوەی تەواوەتی بەکاربەران. جیاوازی کالاکان ئەگرێت ڕاست بێت، ئەگرێت خەیاڵاوی بێت، بوونی زۆری شێوازەکانی وەبازاڕخستن واتەکات بەکاربەر ڕازی بێت بگەڕێ بەشوێن جۆرێك لەکالای دیاریکراوداو بەبێ گەڕان بەدوای دانەیەکی دیکەدا.

٣) نازادی هاتنو چوونە ناو ئەم بازاڕە: واتە دامەزراوەکان ئەو ماڵەیان هەیە بڕۆنو بێنە دەرەوە لەناو ئەو بازاڕانەداو بەرهەمی تازە بخەنەم بەبێ هیچ کۆتو بەندێك کە بەرهەمی دامەزراوەکانی دیکە نەبێت واتە جۆرێك لەستەربەخۆیی بەرهەمهێنان دروست ئەکرێت.

٤) پەیژەو کردنی سیاسەتی جیاکاری کالاکان: واتە پرۆسەی جیاوازکردنی کالاکان، ئەوانەی کە ئەوانی دیکە نەخەنەڕوو هەرچەندە زۆر لەیەك نەچن. ئەمەش لەڕێگەی چاککردنی بەرهەمو ناسانکاری کردن بۆ کڕیار تاکو بیکڕێت بە بەکارهێنانی نامازەی بازرگانی بەجێهانی

جەختکردنـەوە لەسـەر شـێوازی رێکـلام کـردن بـۆ پێناسـەکردنی تایبەتمەندییەکانی ئەو کالایە بۆ بەکاربەران.

ج/ بـازاڕی قۆرخکـاری کەمینـە: لـەدیارترین تایبەتمەندییـەکانی ئـەم بـازاڕە ئەمانەن:

١) بوونی دامەزراوەی کەم: ژمارەی دامەزراوەی بەرهەمهێن لەم بـازاڕەدا لە چوار دامەزراوە تێناپـەڕێت، واتـە هەریەکـەیان بەشـێکی باشـی بازاڕیان بۆ خۆیان قۆرخ کردووە.

٢) پەیڕەوکردنی جیاکاری کردنی کالاکان: لەم بازاڕەدا ئەم سیاسـەتە زۆر بەڕوونتر پیادە ئەکرێت لەچاو بازاڕی کێبەرکێی قۆرخکاری.

٣) هـیچ رێککەوتنێك نییە لەنێوان بەرهەمهێنەرانـدا لـەبارەی ئـەو بـڕە بەرهەمەی کە بەرهەم ئەهێنرێتو دیاریکردنی نرخەکانیان.

٤) هـیچ کام لەبەرهەمهێنەران ناتوانن کایگـەری دروسـت بکـەن لەسـەر گۆڕینی بڕی خراوەڕووی کالاکان.

٥) ئەتوانین لەم بازاڕەدا بوونی کـالای لێـك چـوونی کـالای لێـك نەچـوو ببینین.

کێبرکێ کاران

ئەم سەردەمی زانیارییە هەلی زیاتری ڕەخساندووە بۆ کاری بازرگانیو بەرهەمی تازە دروست کردن، هەروەك چۆن خێرایی دروستکردووە لەگۆڕینی بەروبووم‌و کالاً تازەکان‌و گەیاندنی بە بازاڕ، هەروەها ئەم سەردەمە ناسینی کێبرکێ کارانی کردۆتە کارێکی گرنگ:

- کێن ئەوانەی کێبەرکێ ئەکەن.
- خاڵی لاوازو بەهێزیان کامەیە؟
- پلانیان چییە بۆ کاری داهاتوویان؟
- ئایا ویستی فروانکاری لای ئەوان بە چ شێوەیەکە؟

کێبرکێ کاران کێن؟

کێبەرکێ کاران هەمیشە ئەوانە نین کە وێنایان دەکەین، دەبێت هەر کارگەیەك هەڵبژاردەکانی دیار بکات‌و بڕیار بدات کە کێبرکێی دەکات لەڕووی پێشەسازی‌و کەرتەکانی بەرهەمهێنان‌و خزمەتگوزارییەکان‌و کەناڵەکانی دابەشکردن‌و ئەوانی دیکەش.

ناستەکاتی کێبرکێ کاران

ناستی یەکەم: نیشانە بازرگانییەکان کە وێنای کێبرکێ کارەکانت دەکەن بۆ خۆتو بەرهەم و خزمەتگوزارییەکانت لەو شوێنە جوگرافییەی کە تۆی تێدایت.
ناستی دووەم: ئەو کێبرکێ کارانەی بەرهەمی هاوشێوە ئەخەنە ڕوو لەناو گروپەکانی کاری بازرگانی دا بە چەشنە جیاوازەکانییەوە نرخ دانەبەزێنن بەسوودترینو بەقازانجیترین بەشەکانی کاری بازرگانی ڕاو ئەکەن.
ناستی سێهەم: ئەو کەسانەن کە کێبرکێی تۆ ئەکەن لەسەر هەمان بیرۆکەی بازرگانی کە تۆ لەسەری کار ئەکەن، ئەم بیرۆکەیە ڕانەوەستێ لەسەر ڕچاوکردنی گشت ئەو ڕێگە چارانە بکرێت کە کڕیاران وەك جێگرەوەی بەرهەمەکەت لێی نەڕوانن، ئەکرێت زانیاری خۆت وەبەریهێنی لەم جێگرەوەدا بەجەخت کردنەوە لەپێشکەشکردنی بەرهەمێکدا کە بەسەریاندا سەرکەویت، سەرەتا بە لەپێشترینی کێبرکێ کارەکانت، لەڕاستیدا ئەتوانین لاسایی بیرۆکەی ناستی دووەمو سێهەم بکەین بۆ کێبرکێ کاران نەمەش بۆ سەرکەوتن بەسەر کێبرکێ کارانتدا لەناستی یەکەم.

خاڵی بەهێزو لاوازی کێبرکێ کاران

دەبێت کێبرکێ کاران لە ئاستی یەکەم زۆر بە باشی بناسێ زۆر جار بەناو ئەناسرێن، لەوانەیە سەر بە هەمان یەکێتی پیشەیی بن، ئەگەر تائێستە ئەم کارەت نەکردووە ئەوا هەر ئێستە دەست بکە بەناسینی سروشتی بازرگانی کەسانی کێبرکێ کارت.

لەڕیکلامو بلاوکراوەی وێنەیی ماددە بڕەوپێدانییەکان وردبەرەوە، ئاوچەی کاریان بناسە قسە لەگەڵ مشتەرییەکانیان بکە، نرخەکانیان شیبکەرەوە. چی بە باشی دروست نەکەن، چی بە خراپی دروست نەکەن، ئەتوانی جەخت بکەیتەوە لەچاکسازی کردن تیایاندا.

ئەکرێت بۆ زانیاری لاوەکی سوود وەربگریت لەهێزی فرۆشتنو پەیوەندی کردن بەسەردانکەرانو کرپاران، بۆنەوە زانیاری دەوڵەمەندت بخەرە بەردەست لەبارەی خاڵی بەهێزو لاوازی کێبرکێ کارانت نەو زانیاریانەش کە بنەڕەتینو ئەبێ کۆمپانیاو کارگەیەك لەسەر کێبرکێ کارەکانی بیزانێ ئەمانەی خوارەوەن:

- بەشی هەر کەسەو کارگەو کۆمپانیایانە لەبازاڕی کێبرکێ دا بە بەراورد لەگەڵ بەشی خۆتدا.
- جەماوەر چۆن سەیری بەرهەمو خزمەتگوزاریی کێبرکێ کارەکان ئەکەنو بڕیاری لەسەر ئەدەن.

- هێزی دارایی کۆمپانیا کێبرکێ کارەکان، نەو هێزەی کە کاریگەرە لەسەر خەرجکردنی دارایی لەڕێکلامو پرۆسەکانی بڕەوپێدانو شتەکانی دیکە.

چالاکییە کێبرکێ کارەکان

لەدوای نەوەی کێبرکێ کارەکانت ناسیو ناسنامەیان شارەزا بوویت زانیاری باشت بۆ دەرکەوت لەسەریان، ئەوا دەبێت تۆزێك خۆت سەرقاڵی نەو کارانە بکەیت کە نەوان لەسالّی داهاتوودا نەیکەن، نەمەش پشت نەبەستێ بەو زانیارییەی کە تۆ هەتە لەسەر کێبرکێ کارەکانت، هەروەها لەڕێگەی هێزە ناوەندەکەیان لەبازاڕو دەرامەتەکانیانەوە.

نەم زانیاریانە بە بنەما دانەنرێن بۆ چالاکی کارگەو کۆمپانیاکەت لەڕوانگەی:

- پێشبینی سالانەی فرۆشراوانو خەرجیو قازانجەکان.
- بەرنامەکانی بڕەوپێدانو ڕێکلام.
- هێنا ناوەوەی بەرهەکانو خزمەتگوزارییەکانو پاڵپشتی کردنیانو ڕادەی سەرکەوتنیان.
- نارەزوو کردن بەردو لای بازاڕو بەرهەمە بنەڕەتیو لاوەکییەکان.
- ناراستەگرتن ڕووەو گەشەپێدانی داهاتوو.

کۆکردنەوەی زانیاری واتە جیاوازی کردن لەنێوان پلانی کۆمپانیاکەت لەگەڵ نەو وتارانەدا کە لەدەستتدا داونو ناتوانێ قەرەبوویان کەیتەوە، جا لەبەرنەوەی

سەرکەوتووبیت دەبێت وردترین زانیاری کۆبکەیتەوە لەسەر هێزی فرۆشتنو ڕاوێژکارانو ڕاپرسی بازاڕو ژووری بازرگانی.
ئەو زانیارییانەش بریتین لە (نرخ لێدانو بڕەوپێدانو ڕێکلامو قەبارەی خەرجیو توانای هێنا ناوەوەی بەرهەمی تازەو گەڕاوەی فرۆشراوانو بەشی بازاڕو داهێنانی بواری لەقوتوونانو بەرگ تێگرتنو ئاستەکانی خزمەتگوزاریو ئاماژەکانی سەر چالاکی بەڕاستەقینەکانی بازاڕ).

سنوورەکانی کێبرکێ کردن

١) سەرکەوتنی بەرهەمو خزمەتگوزارییە ئێستاییەکان.
٢) توانات بۆ ڕاکێشانی سەرنجی کەسانی تر.
٣) دانانی حساباتی پێویستو پەیوەست بوون بە بەرنامەکانتەوە.
٤) توانای کارگەو کۆمپانیاکەت بۆ هێنا ناوەوەی بەرهەمی تازە.

نرخ دانان بۆ بەرهەمەکان

نرخ دانان دانەنرێت بەیەکێ لەزۆرترینی نامێردکانی پێکهاتەی وەبازاڕخستن، ئەمەش بۆ ئەم هۆکارانەی لای خوارەوە ئەگەرێتەوە:
- دەست ڕاگەیشتن بە بەشێکی باش لەبازاڕدا.
- توانای کێبرکێ کردنو بەدەستهێنانی تایبەتمەندییەکی کێبرکێیانە.

- دیاریکردنی بڕی بەرهەمو توانای بەرهەمهێنان بۆ بەنەخامگەیاندنی هاوسەنگی نێوان نرخەکانو بڕی بەرهەم.
- توانایی تایبەتکردنی دەرامەتەکانو بەکارهێنانیان وەك جێگیرەوە.
- توانایی بازرگانی کردن لەنرخەکان لەهەموو حاڵەتەکاندا یان لەقۆناغەکانی خوولی کارکردندا (هەڵکشانو چەق بەستوویی) یان لەحاڵەتی هەلاوسانی نرخی خزمەتگوزارییەکانو هۆکارەکانی بەرهەمدا.
- بەدەستهێنانی ڕێژەیەکی دڵ ڕازیکەر لە وەبەرهێنانەکاندا.

سەرەڕای تەوانەی سەرەوەش بڕیارەکانی نرخ دانانی کالاو بەرهەم بە یەکێ لەنالۆزترین بڕیاردکان دانەنرێت کە کاریگەری لەسەر وەبازارخستن.

چەمکی نرخ دانان:

نرخ نەو قازانجو سوودە ماددییە دیاریکراوەیە کە لەڕێگەی کالاو خزمەتگوزارییەکەوە بەدەستێ ئەهێنی. نەکرێت وابڕوانین لەنرخ دانان کە بریتییە لەبەرامبەرێکی نەختینەیی -نقدی- بۆ دەست گەیشتن بە بڕێك لەکالاو خزمەتگوزارییەکان.

نرخ دانان بەهای تایبەتی کالاً زۆر گرنگن نین، ناماژەدان پێی بەشێوەیەکی نەختینەیی -یان دارایی- بۆ نموونە نەبینین نالۆگۆڕ وەکو بنەما لە پرۆسەکانی گۆڕینەوەدا دەرنەکەوێت لەسەرەتای کاردا. بەشێوەیەکی گشتیش نەکرێت لەسێ ڕووەوە لەنرخ بڕوانین:

- لەڕووی بەرکاربەردەوە: ئەو بڕە مالّو داراییەیە کە ئەیبەخشێ بۆ دەستخستنی کالاّو بەرهەمێك لەپێناو پڕکردنەوەی بەشێ لەپێویستی و ئاردزووەکانی.
- لەڕووی پرۆژەکەوە: ئەو نامرازەیە کە بەهۆیەوە تێچوونی تێچوونی بەرهەمەکان دەست ئەکەوێتەودو بڕێکی دیاریکراویش لەسوودو قازانج وەدەست ئەخات چالاکی کار بزاواو ئەکات.
- لەڕووی کۆمەلّگاوە: ئەو نرخەیە کە کۆمەلّگە دای ئەنێ وەك بەهایەك بۆ بەرهەمێکی دیاریکراو کالاّیەك یان خزمەتگوزارییەك.

پەیوەندی نرخ بە تایبەتمەندییەکانی بەرهەم:

کالاّ ئاماژەیە بۆ کۆمەلّێك تایبەتمەندی ماددیو مەعنەوی دیزاین (تصمیم) کراوە بۆ مەبەستی پڕکردنەوەی پێویستی و ئاردزووی بەکاربەر، هەریەکە لەکرۆکی ماددەکەو رەنگو بەرگو نرخو ناوبانگو ناوەندو خزمەتگوزارییەکانی و ئاسانکاری نەکرێتەوە، بەکاربەریش ودری نەگرێت بەو مانایەی کە ئاردزوو یان پێویستییەکی پڕ نەکاتەوە. ئەو تایبەتمەندیانەش بەڕوونی کاریگەری دروست ئەکەن لەسیاسەتی نرخ دانانو دیاریکردنی نرخی بەرهەمەکان.

نامانجەکانی نرخ دانان:

- نامانجێك کە پەیوەستە بەقەبارەی فرۆشراوەکانەوە.
- نامانجێ پەیوەستە بەڕوومالّی تێچوون یان بەشێ لەو تێچوونە.
- نامانجێ کە پەیوەستە بەناوەندی کێبرکێی کارگەکەوە.
- نامانجێ کە پەیوەستە بەچالاك کردنی بازارەوە.
- نامانجێ کە پەیوەستە بەتۆکمەیی بەرهەمەکانەوە.

ڕێگاکانی نرخ دانان:

- نرخ دانان لەسەر بنەمای تێچوون (نرخ دەکاتە: تێچوون + پەراوێزی قازانج).
- نرخ دانان لەسەر بنەمای کێبرکێ.
- نرخ دانان لەسەر بنەمای ئەزموونو هەڵە.
- نرخ دانان لەسەر بنەمای ئەزموونو هەڵە.

خالّی هاوسەنگی = یەکسان بوون، تێچوونی جێگیرەکان/نرخ= تێچوونی گۆڕاو.

- نرخ دانان لەسەر بنەمای داواکاری: پەیوەستە بە ژمارەو جۆری بەکارهێنانەکانی بەکاربەرەوە بۆ ئەو بەرهەمە. هەرکات زۆر بەکارهێنرا لەلایەن بەکاربەرەوە نەوا داواکاری لەسەر زیاد نەبێت،

جیاوازی هەستیاری بەکاربەران بۆ نرخەکان ئەوە ئەسەپێنێ کە نرخی جیاواز دابنرێت، بەهۆی جیاوازی نەبوونی تێچوون لەسەر خواستی نرخەکان.

ڕێبازە سەرەکییەکان بۆ پارێزگاری کردن لەنرخ

لەخوارەوە ئاماژە بە (١٠) ڕێباز ئەکەین بۆ پارێزگاری کردن لەنرخ بەشێوەیەکی گونجاو:

١) نرخی بەرز واتە تۆکمەییەکی باش.

٢) دابەزاندنی نرخ واتە داننانی نێمە بەوەدا هەندێك تایبەتمەندی نەسرینەوە، جا نیتر پێمان قبوڵ بێ یان بانەوێت بەرگری لەسەر بکەین.

٣) لەکاتی دابەزاندی نرخدا زۆرجار نەستەمە بتوانین دواتر زیادی بکەینەوە.

٤) تۆکمەیی بەرهەمەکانتان پشت نەبەستێ بەشێوازی فرۆشیارو زمانو ڕێگای لێك نزیکبوونەوەی لەبابەتەکەو نەو ڕێگایانەی پشتی پێ نەبەستێ، گشت نەمانە ئاماژەن بەوەی کەسەکە پیشەوەرێکی گەورەیە.

٥) پێدانی مووچەو (علاوە) بۆ پەراوێز بۆ خۆی هاندەرە تاکو فرۆشیاران بەرگری لە نرخ بکەن.

٦) ئەم ناماژەیە بۆ بەرامبەربوون لەو تایبەتمەندییانەی کە تایبەتی داوەتە بەرهەمەکەو پشکدارانیش لەبڕیاردان هەستی پێ ئەکەن. لەبەرئەوە پێویستە فراوانکارییەك بکرێت لەزانیاریيە دژێژکراوەکاندا وە لە ئەلقەکانی بڕیاردانداو ئەو کەسێتییانە جیابکرێنەوە وەك هەستیاری لەبابەتەکە ئەڕوانن.

٧) نرخەکە ویستی ئەو کاتە ئەبێ کە سەرجەم تایبەتمەندییەکانی کالاّی کاشکرای کردبێ.

٨) ئەگەر کڕیار لەسەرەتاوە داوای نرخی کرد، فرۆشیار ئەیەوێت پەردەپۆشی بکات.

٩) تێچوونەکانی بەرهەمەکانتان کارلێکی خۆیی و ناخۆییە، هیچ پەیوەندییەکی بەکڕیارەوە نییە.

١٠) نرخ لە ڕاستیدا بڕیتییە لەو بابەتە سەرەکییە کە بەرزەو بازاڕ پەسەندی ئەکات.

ڕێگاکانی چاکگردنی شێوە فرۆشراوەکان:

ڕۆڵی فرۆشراوەکان وەك ناوی ژیان وایە بۆ هەر کارێکی بازرگانی، بۆیە ئەگەر تۆ بەڕێوەبەری ژمێریاریت یان نێعردراوی فرۆشراوەکانی، یان بریکاری خزمەتگوزاری لەکڕیارانی، ئەبێ یەکێ لەئامانجەکانت جوانی و تازەیی بەرهەمەکانت بێ. لەلایەکی دیکەشەوە کارکە زۆر ئالۆز بووە کۆمپانیاکان ئەمڕۆ لەپێشبڕکێدان بۆئەوەی بەرهەمەکانیان باش بێت، ژیان زۆر ئاسانو ئارام

بکەن، بۆیە پێنج رێبازو بنەما هەیە بۆنەوەی وابکەین بەرهەمەکان غوونەیی بێت:

١) دروستکردنی پەیوەندییەکی باش لەگەڵ کڕیارو پارێزگاری لێکردنی.
٢) نەود بەرجەستە بکە کە بە بەهایە لای کڕیار.
٣) نەوەش بچەرە بەردەست کە گرنگە لای کڕیار.
٤) وەرگرتنی پابەندی بە رێو شوێنی کارەکان.
٥) دانانی ئامانج بۆ فرۆشراوەکان بەدارشتنێکی جوان.

بۆنەوەی بەرهەمە فرۆشراوەکانت پێشبکەوێ ئەم هەنگاوانە بنێ

١) جەختکردنەوە لەو شتانەی کە کڕیار بەڕاستی ئەیەوێت.
٢) پەیوەندی بەردەوام لەگەڵ ئەو کەسانەی هەرگیز شتیان لێ نەکڕیوی.
٣) هانی کڕیارە وتوو وریاکان بدە تاکو پرسیار بکەنو وەڵامی ڕازیکەریان بدەنەوە.
٤) کڕین ئاسان بکە، هەر کردارێکی ناپێویست بۆ خۆی هەلێکە تاکو کڕیار لەکڕین پاشگەز ببێتەوە، بەم کارەش مامەڵەکە لەدەست نەدەین.

بونیادنانی متمانه لەگەڵ کڕیاردا

بۆ بەدەستهێنانی ئەم کارە سەرەتا ئەبێ گرنگیان پێ بدەین، کڕیاران گرنگی بەڕۆشنبیریو زانیاریو ئەزموونی بەرهەمەکانت نەدە. بونیادنانی متمانە لەسەر چوار کردار ڕاوەستاوە (دەست وەردانو گوێگرتن، پابەندبوونو پێدان- پێ بەخشین) هەرکات ئەم کردارانەمان لێی حاڵیبوونی لێی تێگەیشتین متمانە دروست ئەبێت، ئەوکات کە لەگەڵ کاری بازرگانیماندا تێکەڵی بکەین. لە کۆتا تویژینەوەدا دەرکەوتووە متمانەو پابەندبوون بەپەیانەوە دروستی ئەکات، متمانە ئەوکات دروست ئەبێ فرۆشیار بەرژەوەندی کڕیار لەسەرەوەی بەرژەوەندی خۆیەوە دابنێ. ئەکرێت پشتمان پێ ببەستێ. هەندێك زانیاری هەیە پەیوەستە بەهاوکاری کردنمانەوە لەڕازیکردنی کڕیاردا، گرنگترینیان:

- تا چەندێ بەرهەمو خزمەتگوزارییەکەت پێویستی کڕیار پڕ ئەکاتەوە.
- بەهای دارایی خستنەڕووت.
- چالاکی متمانەت بۆ دڵنیایی داواکارییەکان.
- پێشینەیی بوونو ئەزموونی فەرمانبەرانت.
- توانایی تۆ لەسەر ڕاگەیاندنی تازەگەریو ویستی بەکاربەران.
- خزمەتگوزاری دوای فرۆشتن کە بدرێت بەکڕیار.

هەندێك تەکنیك هەیە ئەکرێت بەکاربهێنرێن بۆ ڕازیکردنی کڕیاران:

- بوونی هێڵێکی هاوکار کە خۆڕایی و ئەدرێت بە کڕیاران.

- وەلامدانەوەی پرسیاری دووبارەکانیان لەسەر پێگەکەت.
- پەیوەستی فرۆشراوەکان بەپەیوەندییەکی مامەلە ناساوە.
- بوونی بەرهەمی خۆڕایی تاکو هاوکاری کڕیار بکات لەپڕکردنەوەی پێداویستییەکانی.
- ناردنی بیرخستنەوەیەك لەبارەی خزمەتکردنی کڕیارانەوە.
- خستنەڕووی هەلی لەپێشین بۆ کڕیارە کۆنەکان لەدوای هەندێك داواکاری.

پاڵپشتی کردن لە نرخ

بەناوبانگترین هۆکار بۆ فرۆشتن بەکەمترین نرخ کامەیە لەلایەن کالا فرۆشراوەکانەوە؟

- فشار خستنەسەر کێبڕکێ کاران! زۆر گرنگ نییە.
- ترسی فرۆشیار لەفرۆشتن بەنرخێکی بەرز! جەختکردنەوە حاڵەتەکان.
- زۆرجار فرۆشیار ماستاو بۆ کڕیار نەکات لەڕێگەی هەندێك شێوازی خێراوە هەر لەسەرەتای چاوپێکەوتنەکەوە خۆی وا دەردەخات ملکەچە لەسەر نەوەی هەندێك بڕیار بدات لە بەرژەوەندی کڕیارو بانگەشە نەکات بەوەی نرخی کێبڕکێ کارەکانی نەخاتە ڕوو پێش نەوەی بزانێ کە کڕیار بەشوێن نرخەکەیدا نەگەڕێ، تا ڕادەی گونجان لەگەڵ نزمترین بیرۆکە لەسەر نرخ.

هەموو کەس ئەوە ئەزانێ نرخی بەرز پەیوەستە بەتۆکمەییو باشی کالاوە، ئایا لەبەرئەوە ئەکرێت فرۆشیار زیان بدات لەکالاکەی لەڕێگەی ڕێکلام کردن بۆ نرخە کێبرکێ کارەکانی، لۆژیکیانە وەلامەکە خراپ ئەشکێتەوە، بۆیە پارێزگاری کردن لەنرخی بەرز کارێکی لۆژیکی نییە، بەڵکو ئەوە کاری زانستی دەروونناسییە.

ئەبێ چارەسەری ئەو پرسیارە بکەین کە لەسەر نرخی بەرز نەکرێت، بەجۆرێك فرۆشیار کڕیار قایل بکات بەجوانترین شێوە هەڵسو کەوت بکات، کاتێ هەوڵدان سەرناگرێ و نرخی بەرز کارەکە تێك نەدات، ئەوکاتە کارگە هەوڵ ئەدات قەرەبوویەك بکاتەوە بۆ ئەو قازانجانەی لەدەستی چووە، بەڵام ڕوانگەی شکست ڕێڕەییە، لەبەرئەوە ئەبێت هەندێك پرسیار بکەین کە زۆر گرنگن:

- ئایا هەر ئەبێت فرۆشتن لەژێر هێڵی مەترسییەوە قازانج دروست نەکات، یان بەخراپترین حاڵەوە بەزەردە بفرۆشرێت؟
- ئایا مامەڵەکەمان لەدەست داوە یان کڕیارەکە؟
- ئایا ئەتوانین قەرەبووی بکەینەوە یان نا؟
- ئایا ئەو کڕیارەی نێستە لەدەستمان دا، لەڕیزی فەوتاوەکاندایە یان ئەکرێت جارێکی دیکە ڕایبکێشینەوە بۆلای خۆمان؟
- ئایا هەر بەڕاستی حەزت کرد بەسەر کێبرکێ کارانتدا سەرکەوتی؟
- ئایا کارەکە پەیوەستە بە بەرهەمێکی قوورسی کێبرکێ لەسەر یان پەیوەستە بە بەرهەمێکی کورتکراوەی کارگەکەمانەوە؟
- ئایا پەراوێزی قازانج لەسەر بەرهەمدا بەرزە یان لاوازە؟

لەسەر بنەمای دەرەکی‌و بەپێوەری ڕەتکردنەوەی کالا لای کڕیار لەڕوانگەی ئەوەوە پرسیار ئەکەین: ئایا لەناودانی بەرهەمەکەمان لە بەرژەوەندی بەرهەمی کێبرکێ کار تەنیا چارەیەکەو پشت گوێخستنو بێ لایەنی تیا نییە؟ هەروەها لێرە پرسیار لەسەر ڕۆڵی بەشی وەبازاڕخستن دەکەین لای خۆمان؟ پاشان بۆ لایەنی دەرەکی زیاد ئەکەین دووبارەبوونەوەی چەپاندن لەنرخەکانی مامەڵەکردن وا ناماژەیەك ئەدات بەسیاسەتی بازرگانی لای کێبرکێ کارانو زانیاری لەسەر نرخەکانیان، ئەم کارەش خزمەتێکی باشمان نەکات بۆ چاککردنی ڕۆڵی کالاکان، ئاخۆ پلانی کێبرکێ کاران چی شاردۆتەوە؟ ئایا چاودێری کردن بەڕاکردن ڕووەو پێشەوە دڵنیاییە بۆ پاشەوکەوتێکی باش، هەرچەند کاتیش بێت؟ ئایا کشانەوە لەشوێنێو دەست هەڵگرتن لێی لەبەرژەوەندی کێبرکێ کاران واتە بارودۆخێکی باشە بۆی؟ فرۆشی زیاد ئەبێت، بەڵام ئەی پەراوێزە ڕاستەقینەکانی چی بەسەر دێت؟.

ناشکراکردنی نرخی بەرز

هیچ دانووستانێك لەبازرگانی دروست نابێ بەبێ ناشکراکردنی نرخ، زیاد لە تاکتیکێك هەیە ئەکرێت بیگرینەبەر، سەرجەمیان جەخت ئەکەنەوە لەناشکراکردنی نرخی بەرز:

- سەرەڕای نەو ناوبانگو پێگەیەی کە هەمانە من ئەوەتان بۆ ڕوون ئەکەمەوە کە چاوەڕێی نرخی کەم مەبن لەنێمەوە بۆ ناو بازاڕ!!

- ئاگادارکردنەوەی کرِیار بەوەی نرخی کۆتایی دانەبەزێنرێت لەدوای خستنەڕووی کالاّو دانووسانو مامەڵەکردن.
- وتن بە کرِیارەکە ئەم نرخە بەرزە پاشکۆی دیکەی هەیە بۆ کرِیارو پەیوەستە بە بەرهەمەکەوە.

سروشتی چالاکی وەبازارِخستن

١) چالاکی وەبازارِخستن وروژێنەرە: بە چالاکی وروژێنەر دانەنرێت لەبەرئەوەی وێنای بواریّکی کرداریو زانستی هاوچەرخ ئەنوێنێ گشت بوارەکانی ژیانی رِۆژانەمان لەخۆنەگرێت ئەویش پەیوەستە بە پرۆسەی پرِکردنەوەی پێداویستییە جیاوازەکان بەشێوەیەکی بەردەوام. هەروەها نامێری پێشکەشکردنی کالاّی تازە، نامانجی ئەوەیە ژیانی رِۆژانەمان ئاسان بکاتو زیاتر چێژمان بداتێ، یان دۆزینەوەی کاتێکی دیکە بۆ وەبەرهێنانی دەرامەتو کاتەکانمان وە لایەنێکی دیکە بۆ چالاکی وەبازارِخستن. پرۆسەکانی خستنەڕوو دابەزاندنی نرخ لە کارگەو کۆمپانیاکان ئەچەنەڕوو، ئەمانیش لایەنی وروژێنەرن بۆ چالاکی وەبازارِ خستن.

٢) وەبازارِی لەکۆمەڵێ چالاکی کەڵەکەبوو پێکدێت: هەندێك کەس پێیان وایە خستنەبازارِ ئاماژەیە بۆ کۆمەڵێ لایەن وەك رِیکلامو فرۆشتنو رِێگاکانی خستنەڕووی بانگەشە ئەگرێتەوە....یاساکان ئەوە رِوون ئەکەنەوە کە ئەم بیرۆرایە هەڵەیە، چونکە وەبازارِخستن وێنای کۆمەڵێ

چالاکی کەڵەکە بوو ئالۆز نەکات کە سەرجەم ئەو چالاکیانە نەگرێتەوە ئارەزوو پێداویستی بەردەوام و تازەبووەوەی تاکەکان پڕنەکاتەوە.

۳) وەبازارخستن تێکەڵی گشت لایەنەکانی ژیانمانە: خستنەبازاڕ چالاکیەکانی لەگشت نەو خزمەتگوزارییانەدا هەیە لەژیانی ڕۆژانەماندا بەکاری نەبەین، ئێستایی بێت یان لەداهاتوودا. هەروەها لەژیانی کۆمەڵایەتیشماندا خستنەبازاڕ بەدی نەکەین لەڕێگەی بینینی ڕێکلامی هەمەڕەنگ وەک نامانج، بەرەنگاربوونەوەی جگەرەکێشان، یان پاڕێزگاری نەکات لەژینگە یان مەبەستییەتی ژیانی خێزانی ڕێکبخات. هەروەها چالاکی خستنەبازاڕ لەسەرجەم ڕێکخراوەکاندا هەیە بە چاوپۆشین لەنامانج و جۆری چالاکی و تواناییەکان و قازانجەکانی، لەکاتی ئێستادا چالاکی خستنەبازاڕ زۆر گرنگی هەیەو کاریگەری لەسەر ژیانمان هەیە لەدوای پەرەسەندنی چەمکی خستنەبازاڕی نێودەوڵەتییەوە، وای لێهاتووە بازاڕ پڕکراوەتەوە بەجۆرەها کالا کە سەرچاوەکانیان هەمەڕەنگن کە پێداویستی تاکەکان پڕنەکەنەوە لەبازاڕە خۆجێییەکاندا.

٤) چالاکی وەبازارخستن چالاکییەکی بەسوودە: بەسوودە چ بۆ تاك، چ بۆ کارگە یان بۆ گشت کۆمەڵگە. یارمەتی تاك نەدات تاکو بەکاربەرێکی چاوکراوە بێ نەو زانیاریەی نەداتێ کە چۆن پێداویستییەکانی پڕ بکاتەوە. هەروەها لەڕووی هەوڵو کاتەوە زیاتر ژیانی تاك دەوڵەمەند نەکات. بەکوورتی وەبازارخستن تۆکمەیی دروست نەکات بۆ ژیانی تاك، هەروەها یارمەتی ڕێکخراوەکان نەدات

تاکو نامانجەکانیان بەدەست بهێنن لەڕێگەی گەڕاوەی ماددیو پارەو قازانج کردنەوە. لەکۆتاییدا چالاکییەکە بۆ قازانجی گشت کۆمەڵگەو هاوکارە لەپێشکەوتنی کۆمەڵگەدا بۆ پێشکەشکردنی بەرهەمی تازەو زۆر بۆ تاکەکانی کۆمەڵگە، بەتایبەت لەدوای پەرەسەندنی بازاڕی نێودەوڵەتیو ڕێککەوتنی بازرگانی نێودەوڵەتی.

٥) چالاکی وەبازاڕ خستن چالاکییەکی گۆڕاوە: چالاکی وەبازاڕخستن جیانەکرێتەوە بەجووڵاوی پەرەسەندن. گشت کارگەو کۆمپانیا گەورەو سەرکەوتووەکان نەوەیان دەرك کردووە کە ناتوانن بەردەوام بنو پێشکەون لەبازاڕدا بەبێ گونجادنو هەڵکردن لەگەڵ نەو گۆڕانە خێراو تازەیەی لەژینگەی بازاڕدایە.

لەڕاستیدا چالاکی وەبازاڕخستن بە بەردەوامی گۆڕان جیانەکرێتەوە، گشت لایەنەکانی نەم چالاکییە هەر لەسەرەتای بەرهەمەکەوە تاکو دیزاینو پرۆژەی ریکلامو دانانی نرخو دۆزینەوەی بوار بۆ ساغکردنەوە، پێشکەشکردنی بەرهەم....ڕێو شوێنەکانی توێژینەوە هەمیشە لەدەوری یەك ڕاستی نەسوڕێتەوە نەوانیش نەوەیە کە چالاکی وەبازاڕخستن چالاکییەکی گۆڕاوە.

نەو زاراوانەی پەیوەستن بە وەبازاڕخستن

أ/ پێویستی مرۆیی: بریتییە لەوەی مرۆڤ هەست نەکات بۆی بووەتە پێویستییەکی گرنگ، یان ناماژەیە بۆ شتێك کە سەرنجی مرۆڤ ڕانەکێشێ.

ب/ داواکـاری- خواسـتەکان: ئـەو پێویـسـتییەیە کـە شـێوەیەکی تایبـەتی وەرنەگرێت بەگوێرەی لایەنی ڕۆشنبیری کەسەکان. نەم داواکارییانە دەچنە ڕیزی هاوشێوە لەگەڵ نەو ڕەگەزانەدا کە توانـادارن بـۆ پرکردنـەوەی پێویـستییەکان، بەگوێرەی پەرەسەندنی کۆمەڵگە گەشە نەکات.

ج/ کالاّ: هەر شتێ کە بتوانرێت بخرێتەڕوو بۆ ڕاکێـشانی سـەرنج بـۆ ناسـاندنی شتێك، یان بۆ بەکارهێنان یان بتوانێ داواو خواست ڕابکاتەوە، نەشکرێت کـالاّ یان ماددی بێت یاخود مەعنەوی بێت.

د/ بـەهای بـەکاربردن: بڕیـارێکی ڕێژەییـە لەسـەر ئوانـای کالاکـان لـەڕادەی پرکردنەوەی خواستی کەسەکاندا، ئـان بەزاوزدکردنـە لـەنێوان ئـەو سـوودانەی کەسێك بەدەستی نەهێنێ لەکالاّیەکدا لەگەڵ ئـەو خەرجییـەدا کـە بـۆ کڕینـی خەرجی نەکات.

هـ/ نالۆگۆڕ: بڕێتییە لەچالاکی گەڕان بەدوای کەسێکدا کـە شـتێکی پێیـە لای نێمە پێویستە نێتر کالاّ بێت یان خزمەتگوزاری یان بیرۆکە.

ز/ ڕێککەوتنی نابووری: پرۆسەیەکی نابووریانەو بازرگانیانەیە دوو لایـەن پێـش هەڵدەستن، لایەنی سەرەکی ڕێککەوتنەکە دوو کالاّن لە کـەمترین بـڕدا خـاوەن بەهایەکی بەکاربەرەکین ماوەو پێگەی خەرجی خۆیان هەیە.

ز/ کـارگێڕی تێکەڵـە بـۆ تۆکمـەیی: بڕیتیـە لـەو بەرنامانـەی ناماڵجیانـە خزمەتگوزاری چاکتر بکەنو چالاکی وەبازاڕخستنو تۆکمەیی کالاّ نەگرێتەوە بـە بەردەوامی.

وەبازاڕخستن

- وەبازارخستن: گشت نەو چالاکی‌و کارانە نەگرێتەوە کە کالا لەبەرهەمهێنەوە دەگەیەنێتە دەستی بەکاربەر، یان بەکارهێنی پیشەسازی.
- وەبازارخستن: بریتییە لەکۆمەڵێ چالاکی بەمەبەستی دەستکەوتنی قازانج لەڕێگەی جەختکردنەوە لە پێویستی بەکاربەرو کارکردن بۆ بەدیهێنانی‌و سوربوون لەسەر پرکردنەوەی.
- وەبازارخستن: پرۆسەی پلان‌و جێبەجێ کردنی سیاسەتی داهێنان‌و نرخ لێدان بردوپیدان‌و دابەشکردنی هزرەکانە. کالاو خزمەتگوزاریە لەپێناو دەستخستنی ئالوگۆڕو خزمەتکردنی ئامانجەکانی تاک‌و کۆمەڵگە.
- وەبازارخستن: بریتیە لەو پرۆسە کۆمەڵایەتییەی کە ئاراستە نەکرێت ڕووەو دەرپەڕاندنی کالاو خزمەتگوزاری لەبەرهەمهێنەرەوە بۆ بەکاربەر بەجۆرێك هاوشێوەی دروست بکات لەنێوان داواکاری‌و خستنەڕوودا ببێتە هۆی بەدەستهێنانی ئامانجی کۆمەڵگە.
- وەبازارخستن: پرۆسەیەکی کارگێڕی‌و کۆمەڵایەتییە لەڕێگەی کەسانێکی تایبەتەوە هاوکاری نەکرێت بۆ پرکردنەوەی پێداویستی‌و داواکارییەکانیان لەڕێگەی بەرهەمهێنانی کالاو بەهای بەکاربەرەکی‌و ئالوگۆڕکردن پێیان.
- لەسەر ئاستی پرۆژە وەبازارخستن وا پێناسە کراوە: نەو هەوڵەیە کە یەکەی ئابووری پێی هەڵدەستێ لەپێناو پرکردنەوەی پێداویستییەکانی

نێستاو داهاتووی تاکەکان لەڕێگەی پێشکەشکردنی کالاو خزمەتگوزاری بڕو ڕێژەو تایبەتمەندیو نرخی گونجاوەوە لەکاتو شوێنێکی تایبەتدا بەمەبەستی قازانج کردن، بەلام لەسەر ناستی کۆمەڵگە نەوە بریتییە لەچالاکییەکی نابووریانە جۆرێك لەهاوسەنگی لەخزنەگرێت لەنێوان خواستو بەکاربەرانو بڕی خستنەڕوو بەگوێرەی نەو داوایەی لەلای بەکاربەرەوە، بەجۆرێك نامانجی کۆمەڵگە بەدەست بهێنێ. پاشان ئەم پێناسەیە پەرەی سەند جۆرێك وەبازارخستنی تەواوکاری ڕۆڵی پەیوەندییە شانشینی لەخۆگرت بۆ چۆنیەتی سەرکەوتنی کارەکە. وای دانراوە کە وەبازارخستن بریتیە لەشیکارکردنو جێبەجێ کردنی پلانو چاودێری کردن بەسەر بەرنامەکاندا بەمەبەستی بەدەستهێنانی نامانجی هاویەش. بەڕێژەیەکی زۆریش وەبازارخستن پشت نەبەستێ بەدیزاین کردنی خستنەڕوو کە نەێرێتەوە بەگوێرەی پێویستیو ویستی بازار، یان بەکارهێنانی ڕێگای چالاککەر لەنرخ دانانو ڕابەشکردنو پەیوەندیو ڕێکلامو خزمەتکردنی بازاردا.

- وەبازارخستن: پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی کارگێڕییە کەسانی تایبەتو گروپی کۆمەڵایەتی پێی هەڵدەستن لەڕێگەی بەرهەمهێنانی کالاو دروستکردنی بەهای بەکاربەرەکیو ئالوگۆڕەوە.

ئەو قۆناغە بنەڕەتیانەی کە بازاڕیان پێدا تێپەڕیوە

یەکەم: قۆناغی چەمکی بەکارهێنان: لەم قۆناغەدا چالاکی کارگەو کۆمپانیاکان کورت کراوەتەوە لەهەردوو چالاکی بەرهەمهێنانو دابەشکردنی کالاڵا، بۆ ئەو بەرهەمانەی کە دانراوە بەوەی پرۆسەی بەرهەمیان بەرزەو توانای دەوێت. ئەو پەردسەندنەی کە لەدوانی شۆڕشی پیشەسازی ڕوویداو لەگەڵ زیادبوونی ژمارەی دانیشتوانو دۆزینەوە جوگرافییەکان بوویە هۆی زیادبوونی بڕی خستنەڕووی کالاّ لەسەر ئەو داواکارییانەی کە هەبوونو ڕاستی (سەرکردایەتی کردنی بەرهەم بەسەر بازاڕدا) هاتەکایەوە، فەلسەفەی ئابووری لەم قۆناغەدا لەو ڕوانگەدا دەخولایەوە کە دەڵێ (خستنەڕوو خواست دروست ئەکات).

دووەم: قۆناغی چەمکی فرۆشتن: لەدەرەنجامی پەرەسەندنو پێشکەوتنی زۆرەوە کارگەکان ئەو توانایەیان پەیدا کرد پرۆسەی بەرهەمهێنان زیاتر بکەنو بەسەر ئەو داوایەدا کە لەبازاڕدا هەبووە بۆ کالاّ. ئەمەش بوویە هۆی ئەوەی ڕێکخراوەکان بگۆڕێن لەبیرکردنەوەی فەلسەفیاندا لەبەرهەمەوە بۆ فەلسەفەی (فرۆشتن)، ئەم فەلسەفەیە جەختی لەوە دەکاتەوە هەموو شتێ ئەکرێت بفرۆشرێ بەچاوپۆشین لەئارەزووی بەکاربەران، ئەمەش لەڕێگای بەکارهێنانی پیاوانی فرۆشتنو کەناڵەکانی دابەشکردنەوە. لەم قۆناغەدا زۆرینەی کارگەکان هەوڵی فرۆشتنیان دانابوو بەچالاکی وەبازاڕخستن.

سێهەم: قۆناغی چەمکی خستنەبازاڕ، سەرکردایەتی بەکاربەر: گۆڕانە نابوورییە گەورەکان نەوەیان بەسەر کارگەو کۆمپانیاکانی بەرهەمدا سەپاند کە بەرهەمەکانیان ساغ بکەنەوە بەهۆی زیادبوونی بڕو جۆرێتییانەوە، ئەمەش بوویە هۆی گواستنەوە لەچەمکی فرۆشتنو جەختکردنەوە لەپرۆسەی فرۆشتن ڕووبدات بۆ چەمکی بازاڕو وەبازاڕخستن کە لەسەر سێ کۆڵەکە وەستاوە ئەوانیش بریتین لە:

١) کارکردن لەسەر پێویستیو ئارەزووی بەکاربەر پێش بەرهەمهێنانو دواتریش.

٢) تەواوکاری هەوڵە ڕێکخراوەکانو چالاکییەکان بۆ خزمەتکردنی پێویستیو ئارەزووەکان.

٣) بەدەستهێنانی قازانج لەکاتێکی دوورو درێژدا.

بەمجۆرە هەزرو بیرکردنەوە گۆڕانی بەسەردا هات لەسەکردایەتی کردنی بەرهەمەوە بۆ قۆناغی بەکاربەرو سەرکردایەتی بەکاربەر بەسیفەتی ناوەڕۆکو نامانج لەیەك کاتدا. کارگێڕی وەبازارخستن بوویە گرنگترین کارگێڕی لەکارگەو کۆمپانیاکاندا.

چوارەم: قۆناغی خستنەڕووی داهێنانکاری: دامەزراوەی کۆمپانیا لەم قۆناغەدا پشتی بەست بەئەزموونو توانا داهێنانکارییەکانی کرێکارانی بۆ دیزاینو دەرکردنی بەرهەمی تازە بەجۆرێك کە بتوانێ سەرنجی بەکاربەر ڕابکێشێو پێویستیو خواستیان بۆ دروست بکات لەسەری. ئەگەرچی نەو پێویستیو خواستانە لەڕاستیدا بوونی نەبووبێ پێشتر، دامەزراوە هەوڵیداوە بۆئەوەی بازاڕو

خستنەڕوو خواستێ دروست بکات لەڕێگەی هەڵمەتەکانی بڕەوپێدانی کاڵا لەڕێگەی تایبەتمەندییە نایابەکانی ناو کاڵاکانەوە.

پێکهاتەکانی بازاڕ

١) بوونی بەکاربەرێك کە پێویستییەکی هەبێو بگەڕێ بەشوێن پڕکردنەوەیدا، نیتر بەکاربەر تاکێك بێت یاخود گروپو کۆمەڵێك بن، بێگومان پێویستی ئارەزووی کڕین دروست نەکەن.

٢) تەنیا بوونی پێویستیو ئارەزووی بەکاربەر خۆی تەنها بەس نییە، بەڵکو دەبێت ناستێك دەرامەتی هەبێت تاکو توانایی کڕینی بۆ دروست ببێت لەپێناو کڕینی بەرهەم هێزی کڕیندا دەبێ (هاوسەنگی داهات) هەبێت، دەبێت گونجاو بێ لەگەڵ نرخی بەرهەمەکەدا، واتە لەڕێگەی داهاتەکەیەوە بتوانێ بیکڕێ.

٣) بوونی شیاوی گونجاو کاڵا تاکو بەکاربەران بیکڕن.

٤) بوونی فرۆشیارێك کە ئەکرێت خودی بەرهەمهێن خۆی بێت، یان ناوەندەکانی فرۆشتن بن. بەجۆرێك ئەم کەسانە خۆیان بەرهەم نەخەنەڕوو بەگوێرەی بەرهەمەکەو تۆکمەیی پێویست، لەکاتو شوێنێکی تایبەتدا کە لەلایەن بەکاربەردەوە داواکراوە.

دەبێ ئەو ڕاستییە بزانین پێکهاتەکانی بازاڕ شتێکی جێگیر نین، بەڵکو گۆڕاون، ئەم گۆڕانەش لەجوڵەدایەو بەردەوامە، لەوانەشە زۆرجار حەزو ئارەزوو پێویستییەکان بگۆڕێن لەکاتێکەوە بۆ کاتێکی دیکە لەگەڵ قەبارەی

خواستیشدا. لەڕێگەی گۆڕانی ژمارەی دانیشتوانو قەبارەی کێبرکێو هۆکارەکانی دیکە، زۆر گرنگە لێکۆڵینەوە بکرێت لەسەر ڕەگەزو پێکهاتەکانی ژینگەو کاریگەریان لەسەر بازاڕ بەگونجانو ژیان لەگەڵ یەکتری ئەمەش صیفاتێکی بنەڕەتییە بۆ سەرکەوتنی چالاکی وەبازاڕخستن.

جۆرەکانی بازاڕ

- بازاڕی بەکاربەر: ئەو تاك‌و گروپانە ئەگرێتەوە کە پێویستی‌و ناڕەزووی تایبەتیان هەیە ماددی بێت یان مەعنەوی بڕێك داهاتیشیان هەیەو هەوڵ ئەدەن لەڕێگەیەوە کالا بکڕن‌و پێویستییەکانیان پڕبکەنەوە.
- بازاڕی پیشەسازی: ئەو کارگانە ئەگرێتەوە کالای بەرهەمهێنان ئەکڕن لەپێناوو بۆئەوەی ڕاستەوخۆ لەپرۆسەی بەرهەمهێناندا بەکاری بهێنن بۆ دروستکردنی بەرهەمێکی دیکە، وەك ماددە سەرەتاییەکان‌و نامێرو نامرازەکان.
- بازاڕی کۆفرۆشی‌و بەش بەش‌و بریکاری پشت پێ بەستوو: بریتین لەو کەس‌و ناوەندانەی کە بەرهەمی دروستکراو ئەکڕن‌و ئەیانەوێت بۆ دەستکەوتنی قازانج جارێکی دیکە بیفرۆشنەوە.
- بازاڕی چاکەکاری‌و کۆمەلایەتی: جۆرێکی تایبەت لەکڕیارو بەکاربەر لەخۆئەگرێت بریتین لەو ڕێکخراوە خێرخوازییە کۆمەلایەتییانەی خزمەتگوزاری پێشکەش ئەکات بۆ ئەندامانی‌و نەوەکانی کۆمەڵگە بەبێ بەرامبەر.

- بـازاڕی حکـومی: لـەژێر مایـەی نـەو حاڵەتـەدا بـازاڕی حکـومی (پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری‌و بەرهەمهێنانی کاڵا) لـەخۆ ئـەگرێت لەسەر بازاڕی بەکاربەران‌و بازاڕی بەرهەمهێنەران‌و بـازاڕی بازرگـانی کۆفرۆشتن. بریتیە لە پرۆسەی فرۆشتن بەشێوەی قـازانجێکی زۆر کـەم‌و هێمایی.
- بازاڕی نێودەوڵەتی: بازاڕی بەکاربەرو بازاڕی بەرهەم بازاڕی بازرگـانی کۆفرۆشـی ئەکەوێتـە دەرەوەی سـنووری جـوگرافی هـەر وڵاتێـک لـە وڵاتانی دیکە.

پێکهاتەکانی بازاڕ

١) هەستان بەئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی شیکاری لەپێناو زانینی گرنگـی‌و سروشتی پێداویستییەکان‌و نارەزووی ئێـستایی بەکاربـەران نـارەزووی داهاتووشـیان، بـۆ بەرهـەمهێنانی کـاڵا بـەجۆرێکی دیـاریکراو هاوڕابێتەوە لەگەڵ حەزوو نارەزووەکاندا.
٢) لێکۆڵینەوەی شیکاری تایبەتمەندی دانیشتوان‌و کۆمەڵایەتی و شێوازی ژیـان‌و دیـاریکردنی ڕەنگدانـەوەکانی‌و کاریگـەری لەسـەر ڕەفتـاری بەکاربەران‌و پێکهێنانی خواست‌و داواکانیان، ئەم لێکۆڵینەوە ناونراوە بەلێکۆڵینەوەی بونیادی بازاڕکاری.
٣) هەستان بەئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی پێشبینی کار لـەپێناو پێـشبینی کردنی توانایی لەخۆگرتنی بازاڕ، واتە خەملاندنی بـەکاربردنی کـاڵا

لەلایەن بەکاربەرانەوە لەماوەو کاتێکی دیاریکراودا، دواتریش دیاریکردنی قەبارەی فرۆشراوەکان، نەمەش واتە لێکۆڵینەوەی خەملاندنی کێبڕکێ لەپێشبینی کراو لەبازاڕدا لەلایەن ڕێکخراوەکانی دیکەوە.

٤) لێکۆڵینەوە کردنو خەملاندنی داهاتی بەکاربەرانو توانای کڕینی نێستایی و داهاتوویی بەکاربەران.

٥) گەڕان بەدوای پێویستی و ئارەزووەکانی بەکاربەران لەبازڕدا، نەوانەی کە کەسانی دیکە نەیانتوانیوە پڕی بکەنەوە دەبێت خێرا دیزاینی بۆ بکرێتو بە بەرهەم پڕبکرێتەوە، نەمەش بۆخۆی هەلێکەو دەبێ بقۆزرێتەوە.

٦) لێکۆڵینەوەی بازاڕی بەکاربەرو نەریتی کڕین لای بەکاربەران.

پێوەرەکانی هەڵبژاردنی بازاڕ

١) بتوانرێ ئاماری لەسەر بکرێتو زانیاری لەسەر کۆبکرێتەوەو تایبەتمەندییەکانی بپێورێن، نەو زانیاریانەش ڕێژەی نێرو مێ، ئاستی تەمەن، ئاستی داهاتی... هتد دیاری دەکات.

٢) وەصف نەکرێت بەگوێرەی گەورەیی قەبارەو توانای لەخۆگرتن، واتە قەبارەی بەکاربردن تیایدا گەورەیە نەو زۆرری و گەورەییەش نەبێ پەیوەست بەبوونی هێزێکی کڕین لای بەکاربەران.

٣) جیابکرێتەوە بەئاسانکاری پەیوەندی کردن بە بەکاربەرانەوەو گەیاندنی کالاّ بۆیان بۆتەوەی لەبەردەستیاندابێ نەو کاتەی کە پێویستیانە، لێرەدا دەبێ تێچوون بەچاوی گرنگی پێدانەوە لێی بڕوانین.

٤) خێرایی وەلاّمدانەوەی بەکاربەر لەبازڕدا بۆ هەر گۆڕانێك کە دەچێتە ناو پێکهاتەی بازاڕەوە، گۆڕانی تایبەتمەندی کالاّ، بەرزکردنەوەی نرخەکەی و ڕازیکردنی بەکاربەران لەڕێگەی هەلّمەتی بڕەوپێدانەوە، خێرایی وەلاّمدانەوە لەبازاڕدا کارێکی گرنگەو تێچوون کەم نەکاتەوە.

٥) گومانی تێدا نییە کە خێرایی گۆڕان لە ناردزوو پێداویستی و ناراستەی بەکاربەرندا لەبازاڕدا، یان جێگیربوونی بەشێوەیەکی ڕێژیی ڕۆڵ دەبینێ لەهەلّبژاردنی خودی بەکاربەردا بۆ کالاکان، بازاڕی چاك نەو بازاڕەیە کە جیاکەرێتەوە بەبوونی جێگیری و نەگۆڕانی خێرا لەپێکهاتەیدا. جێگیری مەعقوول کارئاسانی نەکات بۆ کەمبوونەوەی تێچوون.

پێکهاتەکانی ژینگەی کارگە (بازرگانی و پیشەسازی)

١) ژینگەی کارگە:

پەیوەندییەکی تۆکمە لەنێوان کارگێڕی بازاڕو لایەنەکانی دیکەی کارگێڕی لەناو کارگەدا بوونی هەیە.

- بەڕێوەبەرێتی دارایی: سەراپای پێویستییەکان دەخاتە بەردەست بۆ جێبەجێ کردنی پلانی بازاڕکاری.

- بەڕێوەبەرێتی کرێیاران: تەواوی پێویستییەکانی پرۆسەی بەرهەمهێنان دابین نەکات.
- بەڕێوەبەرێتی ژمێریاری هەڵدەستێ بە بەراوردکردنی دەرامەت و تێچوونەکان بۆ هاوکاری کردنی بەڕێوەبردنی بازاڕ لە بەدەستهێنانی ئامانجەکانیدا.
- بەڕێوەبەرێتی توێژینەوە پەرەپێدان جەخت لەسەر دیزاینی بەرهەمەکان نەکاتەوە.

٢) کێبرکێ کاران:

- کێبرکێ دانەنرێ بەدیاردەیەکی ئاسایی بەتایبەت لەم سەردەمەی ئێمەدا، ئەو کۆمپانیاو کارگەیەی توانای کێبرکێی نەبوو شکست دێنێ و لەبازاڕدا دەرنەکرێت، بۆ بەڕێوەبەرێتی وەبازاڕخستن تەنیا کاری پرکردنەوەی پێویستی و ئاردزووی بەکاربەران نییە لەبازاڕدا پێویستە کاریگەری دروست بکات لەسەر کرێیار بەجیاکردنەوەی بەرهەمەکانیان و لە بەرهەمەکانی دیکە لەڕووی تۆکمەیی و تایبەتمەندییەکانییەوە.
- ژمارەی ئەو ڕێکخراوانەی دەسەلاتیان هەیە بەسەر بەرهەمەکەدا، تاکو ژمارەی ڕێکخراوەکانی یەك بەرهەم زیاتر بێت، ململانێ و کێبرکێ زیاترو توندتر دەبێت.
- ئاسانی و ناحەڕەتی چوونە ناو بازاڕ، هەتاوەکو ڕۆشتنە ناو ڕێکخراوە تازەکانی بەرهەمهێنان ئاسانتر بێت، ئەوا زیاتر کێبەرکێکە توندتر دەبێت.

- پەیوەندی نێوان ئەو بڕە کالایەی خەڵک لەبازاڕدا داوای ئەکات، لەگەڵ ئەو بڕەی کە ڕێکخراوەکان ئەتوانن بیخەنە بازاڕ بۆیە هەتاوەکو کالای داوای خواست لەسەر زیاتر بخرێتە بازاڕەوە ململانێکە زیاتر دەبێت.
- سەرەڕای ئەو خاڵەی سەردوە هەندێك کۆمپانیاو کارگەی گەورە هەن پلانو بەرنامەیەك ئەگرنە بەر کە کارگە بچووکەکان ناتوانن لەسەر بڕۆن وەك کەمکردنەوەی تێچوونی بەرهەمو گوزمەی قەبارەکان، لەبەرامبەردا کارگەی بچووك ئەتوانێت بەخێرایی قازانج بکاتو نامانجی وەدەست بخات، وەك پلانی تایبەتکردنی وردو هەمەڕەنگ کردنی کالا.

٣) بەکاربەران: دەبێت لێکۆڵینەوە بکرێت لەسەر ئەو کڕیارانەی پەیوەندییان هەیە لەگەڵ کارگەدا، بەشێوەیەکی ورد دەبێت لێرەدا جیاوازی لەنێوان سێ جۆری کڕیاردا ئەنجام بدەین:

أ/ بەکاربەرێك کە کالا ئەکڕێت بۆئەوەی خۆی بەکاربهێنێ کە ناوەنراوە بەکاربەری کۆتایی.

ب/ ئەو بەکاربەرەی بەرهەمەکە ئەکڕێت بۆئەوەی بەکاری بهێنێتەوەو گۆڕانی تێدا بکاتو بیگۆڕێ بۆ بەرهەمێکی دیکە، ئەمەشیان بە کڕیاری پیشەسازی ناونراوە

ج/ بەکاربەرێك ئەیکڕێت بەنامانجی دووبارەفرۆشتنەوە، بۆیە ئەم جۆرە کەسانە ناونراون بە ناوەندەکان (الوسگاو).

٤) خاوەن دەرامەتەکان:

ئەو کەس و ڕێکخراوانەن هەوڵدەستن بە پێشکەشکردنی ئامێرو ئامرازو بنەما سەرەکییەکانی بەرهەمهێنان، هەروەها ئامێرەکانی چاککردنەوەو شتەکانی دیکەش، ئەگریێت ئەم کەسانە هەم بە هەڵو هەم بە مەترسی دابنرێن بۆ کارگەکان، هەروەها بۆ سەر بەڕێوەبەری بازاڕو لایەنی تایبەت، بۆیە دەبێ لێکۆڵینەوەیان لەسەر بکرێت ئەو نرخەی ئەو داوای ئەکات هەمیشە بەڕێژەیەکی باش بخرێتە بەردەستی بنەجۆرێك لۆژیکی و تۆکمەییەکی باش و کاتیش وەچاو بکرێت بەگوێرەی ویستنی بنەماکانی بەرهەم هێنان.

٥) ناوەندەکانی وەبازاڕخستن:

ئەو کارگانەی هاوکارن لە گواستنەوەو فرۆشتنو دابەشکردنی بەرهەمەکان بۆ گەشتن بەکڕیارانی کۆتایی لەگرنگترینیان:

- السماسرە: ئەو کەناڵو کارگانەن دابەشکردن ئەنجام دەدەن کە یارمەتی کارگەکان ئەدەن لەدۆزینەوەی کڕیسای تازەو گەیاندنی کالاو خزمەتگوزارییەکان بۆیان، ئەمەشیان فرۆشیاران، نامەلەکارانی کالاکان، کڕین و فرۆشتن، هتد دەگرێتەوە.
- ناوەندەکانی گواستنەوەو غەمبارکردن: بریتین لەکۆمپانیاکانی تۆژینەوەو ڕێکلام کاری ئەمانیش یارمەتیدانی کارگەیە بۆ بەدەستهێنانی نامانجەکانی کارگەو بەهێزکردنی پێگەو بەرهەمەکانو گەیاندنیان بەکارگەو بەرهەمانو گەیاندنیان بە بازاڕە ویستراوەکان.

- ناوەندە دارایییەکان: بریتین لەبانکو کۆمپانیاکانی دڵنیایی‌و پشت پێ بەستنو جۆرەکانی دیکە کە یارمەتی کارگە نەدەن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو مەترسیانەی دێنەپێش لەپرۆسەی فرۆشتندا، هەروەها هاوکاران لەڕێککەوتنی کاتی پەیوەست بەکڕین‌و فرۆشتنی کالاکان دا.

٦) جەماوەر: ژینگەی بازاڕی جەماوەری هەمەڕەنگ لەخۆنەگرێت گرنگییەکی ڕاستەقینە نەدەن بەکارگەو دواتریش نەکرێت نەم جەماوەرە کاریگەری گەورە دروست بکەن لەسەر لێهاتووی کارگەو تواناو بەدەستهێنانی نامانجەکانی نەو گروپە جەماوەریانەش بریتین لە:

- گروپی دارایی: بانکو کۆمپانیای وەبەرهێنان پشکدار دەگرێتەوە.
- گروپی دامەزراوە حکومییەکان: حکومەت دەست وەردەداتە ناو کاری ڕێکخراوەکانەوە لەڕێگەی دانانی یاساو ڕێسای داڕێژراو یان ڕێگای پاڵپشتی کردنی دارایییەوە، یان پێدانی قەرزی ئاسانو بەخشین لەباج.
- گروپی ناوەند: ڕۆژنامەو تەلەفزیۆنو ڕادیۆو گۆڤارو شتەکانی دیکە نەگرێتەوە کە هەوڵ لەبارەی کارگەوە نەگۆڕنەوە.
- لایەنی مەدەنی‌و کۆمەڵایەتی: وەک کۆمەڵەی ژینگەپارێزی‌و پاراستنی بەکاربەرو کەسانی نیشکەر لەکارگەدا.
- جەماوەر: دەبێ کارگە ڕای جەماوەر وەربگرێت لەسەر کالاکانی، دەبێ کار بکات، متمانە دروست بکات لەسەر کارگەو بەرهەمەکانی لای جەماوەر.

ئەو تایبەتمەندییە کەسییانە چین ئەبێ لە کەرتی فرۆشتنداا هەبن

ئەو تایبەتمەندییانە کەسیانە ئەمانە لای خوارەوەن:

پشت بەخۆبەستن.

توانای شیکارکردن.

توانای بڕیاردانی قورس بەشێوەی خێرا.

زیرەکی و عاگفی و کۆمەلایەتی.

توانایەکی باش بۆ کارکردن بەلێهاتوویی پیشەیی و دروستکردنی پەیوەندی، سەرەڕای بوونی ڕوو بەشێوەیەکی باش.

توانایی ئامادەیی بۆ ڕۆشتنو ئیشی گواستنەوە.

توانایی لەخۆگرتنی پرسیاری کڕیارو وەلآمدانەوەیان.

توانایی ڕازیکردن.

زانیاری تەواوەتی لەسەر کارگەو کێبرکێ کاران.

ڕاددەی نەرمی خاوەن کار.

بوونی هەل بۆ سەربەرخۆیی لەهەلّس و کەوت و بیرکردنەوەدا.

ئەو پرسیارانە چین ئەبێ لەکاتی ڕێککەوتنی مافی (اختیار) دا بخرێنە ڕوو

- ئایا تایبەتمەندی پێوانەیی بۆ دروستکردنو چاککردنەوەی بەرهەم باشو مەعقولە؟

- ئایا بۆ دیاریکراوەکە نامێرو کالاو ئامرازەکان بکرێ لەلایەنی ڕێگەپێدراوی ئیمتیازیشەوە؟
- ئایا تێچوونی سالانە دیاریکراوە لەسەر بنەمای ڕێژەی فرۆشراوەکان؟ یان لەسەر بنەمای کۆی پێورەکان؟
- نەو ڕوومالە دڵنیاییە چییە کە پێویستییەتی؟
- ئایا لەسەر بەشی بەرهەمهێنان هێشتاش کۆتو بەند ماوە؟
- چۆن نەکرێت مولکییەت بگوازینەوە؟
- ئایا یاسای تایبەت هەیە بۆ ڕیکلام کردن لەسەر ئاستی ناوخۆیی؟
- ئایا پێویستە لەسەر تۆش لەپرۆسەی بردوپێداندا بەشداری بکەیت؟

گۆڕینی خاوەن دەرامەت بۆ هاوبەشێکی ڕاستەقینە لە کاردا

کەسێك پێناسەی خاوەن دەرامەتی کردووە بەوەی کەسێکە وەك دراوسێیەکی نەمو نیان وایە مولکو بەرژەوەندی تایبەتی خۆی هەیە مولکی تۆش نەخاتە سەر شێوەی جوانترین وێنەو مولك. ئالێرەوە نەو بارە دورست دەبێت کە سوور بین لەسەر گۆڕینی نەم کەسە خاوەن دەرامەتە بۆ هاوبەشو شەریك لەکارەکەماندا بۆ نەمەش دەبێت کە:

١) سوور بی لەسەر هاوسەنگ کردنی نرخو تۆکمەیی: نەگەر تەنیا لە هەڵبژاردنی شەریکەکەت دا نامانجەکەت کەمی نرخە، نەوا لە ماوەیەکی درێژی ڕواتردا باجی نەو نامانجەت نەدەیتەوە، بیر لەنرخ بکەرەوە، بەڵام لەسەر هۆکارەکانی دیکە نا، وەك خێرایی

وەلآمدانەوە، کاتەکانی تەسلیمو سپاردنی کالآکان تێچوونی شەحنو ڕاهێنانی پێویست بۆ کەسانی بەکارهێنەر لەکاتی پێویست بۆ بەرهەمهێنانو داواکاری تایبەت.

٢) لەکارت دا خاوەن دەرامەتو هاوبەشەکەت بەشداری پێ بکە: دەبێ ئەو کەسە بزانێ تۆ باوەڕت بە چی هەیە لەکارەکەت دا بۆ چیش باوەڕت پێی هەیە، ئەو هاوکارت ئەبێ لەسەر باوەڕو پەیوەندییەکانت لەگەڵیدا بۆ کاتەکانی دواتر واتە زەمەن خۆی دروستی ئەکات ئەو پەیوەندییە.

٣) هاوکاری خاوەن دەرامەتەکەت بکە تاکو هاوکاریت بکات: بیربکەرەوە لەسەر لایەنی پشت پێ بەستنیو دوولایەنە بۆ هەردووکتان هەوڵبدە بزانیت تۆ کرپیارەکانت چی ئەتوانن ئەنجام بدەن تاکو خاوەن دەرامەت خزمەتتان بکات، بۆیە ئەگەر ئەم هاوکارییە کارکەرانی تۆی تووشی مەترسی نەکرد ئەوە ئەنجام بدە.

٤) سووربوون لەسەر دانانی دانراوێك لەسەر پێشبینییەکان: پێش ئەوەی لەگەڵ هەر کەسێکی خاوەن دەرامەت دا بکەویتە کارکردن هەندێك پێشبینی ئالۆگۆڕکراو هەیە دەبێ تۆ بەهاو بەش لەگەڵ ئەودا ڕابگەیەنیت.

٥) گفتوگۆ بکە لەبارەی بابەتەکانو دژایەکی بەرژەوەندییەکان: ئەگەر خاوەن دەرامەتەکان لەگەڵ کەسانی کێبرکێ کارتدا کاری نەکرد، ئایا گریمانەو دڵنیایی تۆ چییە لەسەر زانیارییە پەیوەستەکان کە بیپارێزێ؟ بۆیە پێشتر هەریەکە دەبێ ئەم بابەتە بەڕوونی یەکلایی بکاتەوە.

٦) دەرئەنجامی دانیشتنە پلانییەکانی تایبەت بەخۆت بڵێ بەو خاوەن دەرامەتانەی کە متمانەت پێیان هەیە: ئەمە وانەکات زۆرێکیان بڵێن کە چۆن ئەتوانن هاوکارت بن لەجێبەجێکردنی ئامانجە دوور مەوداکانتدا بۆ کارگەکان ئاگاداریان بکە لەسەر ئەوەی چیت ئەوێ لەداهاتوودا لەسەر پێویستی‌و دەرامەتەکان.

٧) خاوەن دەرامەتەکەت لەو کاری سوپاس‌و سکالاّدا بەشداری پێ بکە: بنەمای کارەکەت ڕازی بونتە لەکارکەرانت، بەهەمان پێوەر بنەمای کاری خاوەن دەرامەتەکەت ڕازی کردنی ئەوانە بۆ تۆ، بۆیە خاوەن دەرامەتە شەریکەکانت بەشداربکەو هەواڵی خۆش‌و ناخۆشی کارەکەتیان بدەرێ تاکو لەگەڵ یەکدا سەرکەون‌و شکست بخۆن.

٨) خاوەن دەرامەتەکانت بانگ بکە بۆ ناهەنگەکانی کارگەو کۆمپانیا: خاوەن دەرامەتەکانت تێکەڵ بکە، ڕۆشنبیری کارگەکەت‌و بهێڵە لەگەشت‌و سەیراندا کرێکارەکانت ببینیت، ئەم کارە واهەستیان ئەداتێ کە یەك خێزانن وایان لێ ئەکات ڕازیت بکەن‌و کرێکارەکانیشت ڕازی بکەن.

٩) خاوەن دەرامەتەکانت بکە هاوڕێ لەگەڵان بەناو دامەزراوەمانتدا: چی لەپشت پەردەی کارەکەتەوە ڕووئەدات، بیرۆکەیەکی لەسەر بدە بەخاوەن دەرامەتەکەت، ئەوان ئەیانەوێت بەتەواوی بزانن چی هەیە لەبەرهەمەکانیاندا لەناو کارگەکەت دا.

١٠) داوا بکە خاوەن دەرامەتەکانت بیرکەت بدەنێ بۆ چاککردنی بەرهەکانت: هەمیشە نەجۆرە کەسانە دەستی یارمەتی بۆ تۆ درێژ

نەکەن بە دەربڕینی ڕای جیاواز بۆیە ئەم کارەش بۆ تۆ هەڵێکە تاوەکو سوودی لێ وەربگری‌و بەرهەمەکانت چاک بکەیت چۆنیش هەستی بە ئەنجامدانیان. بۆیە هەر شتێ ئەزانی ئەوان ئەزموونیان تیایدا هەیە داوای یارمەتییان لێ بکە ئەمەش واکو ڕاوێژکارێك وایە کە پارەی نادەیتێ‌و ڕای خۆیشی لێ وەرنەگریت.

١١) داوا بکە خاوەن دەرامەتەکانت فەرمانبەرانی تۆ زیاتر بەرەو پێش بەرن لەڕووی ڕاهێنانی هونەرییەوە: ئەو ڕێگا چالاکانە کامانەن کە ئەکرێت بەکاربهێنرێن بۆ لەخۆگرتنی بەرنامە تازەکان، ئەو ڕێگا دڵنیا کامەیە ئەتوانین ماددەی خاو عەمبار بکەین؟ ئەو پەرەسەندنانەی چییە کە لەسەرەوە ڕوویان داوە؟ خاوەن دەرامەتەکان ئەتوانن وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەنەوە و یارمەتیشن بدەن بۆ ڕاهێنان کردن لەسەر بەکارهێنانی ڕێگاکان بە چاکترین شێوە.

وەبازاڕخستنی ئاراستەکراو

گەورە بازاڕکاران ئەزانن کە ٢٠٪ ی کڕیاران ٨٠٪ بەرهەمهێنان بەکارئەبەن. بۆیە ئەگەر ئەو کەسانە بدۆزیتەوە ئەوا ئەتوانیت کالاکانت بەچاکترین ڕێگا بفرۆشی بەکەمترین هەوڵ‌و ماندوبوون‌و قازانجێکی باش، بۆیە دەبێ بەو شێوەیە سەیری بەکاربەران بکەیت کە ئامانجێکەو ئەبێ بەسەریدا زاڵ بیت. مەبەستمان لە وەبازارزخستنی ئاراستەکراو بریتیە لە ئامانج‌و گەشتن بەفرۆشیار لەڕێگەی ئەو زانیارییانەوە کە لەخودی بەکاربەرانەوە بۆمان گەڕاوەتەوە، دیاریکردنی

بەشێکی دروست لە بازاڕ کارێکی گرنگە بۆ گەشتن بە گەورەترین قەبارەی فرۆشتنەکانو قازانجی گونجاو بۆ بەردەوامیو جیاکردنەوەی کارگە، مەبەستمان لەدیاریکردنی بەشی دروست لەبازاڕ ئەمانەی خوارەوەیە:

- توانای پێوانەکردنی هەبێ بەشێوەیەکی بڕو ڕێژەیی.
- بنەما بۆ بەرجەستەکردنی قەبارەی فرۆشتنی پلان بۆ دارێژراو.
- هەستیاری بۆ ڕووداوی خەرجی لەبازاڕداو جێبەجێ کردنی بەشێوەیەکی یەکسان.

گرنگە ڕەچاوی هەندێك هۆکار بکرێت کە ئەکرێت دابنرێ بەکاریگەر لەسەر سەرکەوتنی کارگەکان:

أ/ هێزی کێبرکێ لەڕاکێشانی کڕیاردا بەدوور لەبەرهەمەکانت.

ب/ تێکچوونی بەرهەمە کێبرکێ کارەکان لەئەقڵی کڕیاردا.

ج/ ڕێژەی هێنا ناوەوەی بەرهەمی تازە لەلایەن کێبرکێ کارانەوە.

د/ ئاسانی ڕۆشتنە بازاڕو پارێزگاری کردن لەبوونی تۆدا لەو بازاڕەدا.

لەوانەیە هێزی جوولێنەر بۆ بازاڕ خستنی ناراستەکراو یان دابەشکردنی بازاڕ، بریتی بێت پێویستی ڕازیکردنی کڕیاران ئەوانەی بەرهەمەکانت بەچاك ئەزانن و پارێزگاری لێ ئەکەن، وانەکات بەکاربەران زۆر پێش کەونو بەجۆرێکی سەرسوڕهێن داواو خواست بکەن لەسەر بەرهەمەکانت، بۆیە هەمیشە توانای بازاڕ لەگەڵ ئەو خزمەتگوزارییانەدا گۆڕانی بەسەردا دێ کە لەژیاندا دروست ئەبێت، هەریەکە بۆ ئەوە کڕیار بۆلای خۆی ڕابکێشی بەرهەمەکەی بەردو پێش ئەبات، هەروەها گرنگە قەبارەی بازاڕی تایبەت بزانین تاکو نەگەر پرۆژەی

تازەت هەبوو بۆت دیاری کردبێ ئایا قەبارەی کڕیاران پشتی پرۆژەکەت ئـەگرن یان بەرهەمە تازەکەت پەسەن ئەکەن.

سیاسەتی نەختینەو دارایی

یەکەم: چەمکی سیاسەتی دارایی: بریتیە لەکۆی ئەو ئامرازانـەی کـە ئـامێری بانکی بەکارئەهێنێ یان لەلایەن دەسەلاتی نەختینەوە بەکارئەهێنریت بۆ دەست گرتن بەسەر خستنەڕووی پارەو ئاستی سوود.

دووەم: ئەرکەکانی سیاسەتی دارایی:

بەشێوەیەکی گشتی ئامانجی بریتیە لە:

١) بەدەستهێنانی (توقیف)ێکی تەواوەتی بۆ ڕەگەزەکانی بەرهەمهێنان.

٢) پارێزگاری کردن لەسەر جێگیری کالاکان.

٣) پارێزگاری کردنی جێگیری پارەو هێزی کڕینی پارە.

٤) چارەسەرکردنی هەندێك قەیرانی ئابووری وەك هەلاوسانو بێبازاڕی.

٥) بەدەستهێنانی گەشەی ئابووری ئەوەی هاوشانییەتی لەگـەڵ زیـادەی داهاتی ڕاستەقینە.

بەکارهێنانە کۆنو نەریتییەکەی نەختینە ئاماژە بەوە ئـەکات کـە وشـەی دراو ناوەندێکی پەسەندکراوە بۆ ئالوگۆرکردن هەرکەسێك بۆخۆی ئەتوانێ پارەو دراو وەرگرێ لەبەرامبـەر دەسـت هـەلگرتنی کالاێـەك یـان خزمەتگوزارییـەك کـە هەیەتی.

بۆیە پارەو دراو سەری هەڵدا تاکو ئەو ئاستەنگانەی تووشی پرۆسەی ئاڵوگۆڕی کالاّو خزمەتگوزارییەکان دروستی نەکرد لەناوبات، ئەو ئاستەنگانەش وەك نەبوونی پێوەر بۆ لەیەکچوونو هاوبەهایی نێوان دوو کالاّ. هەروەها نەتوانینی بەش بەشکردنی کالاّیەك زۆرجار ئارەزوو لەئاڵوگۆڕ دروست نەبوو لەسەر کالاکان، بۆیە گشت ئەم دەردەسەریانە ئەکرێت لەڕێگەی هێناکایەی ڕێگا بەوە چارەسەربکرێت وەکو ناوەندێك کە لای هەموان پەسەند بێت ئەو ناوەندەش بریتییە لە (پارەو دراو).

سێهەم: ئەرکەکانی دراو:

١) دراو وەك ناوەندێك بۆ ئاڵوگۆڕ: یەکێکە لە ئەرکە گرنگەکانی دراو، کارئاسانی دەکات بۆ پرۆسەکانی ئاڵوگۆڕ، بەبێ دراو قورسە ڕێکخستنی ئابووریەك کە لەسەر بنەمای پسپۆڕیو دابەشکردنی پرۆسەکان لەسەر سیستەمی ئاڵوگۆڕ – شت بەشت- کاربکات. سەرکەوتنی ئەم سیستەمە دەبێ هاوسەنگی نێوان هەردوو لای تیادا بەرجەستەبێ ، واتە هەرلایەك تنازل بکات بۆ لاکەی تر، پارە لەبەرامبەر کالاّدا، بۆیە ئەتوانین بڵێین پارە ئەو ناوەندەیە ئەکرێت ئاڵوگۆڕی پێ بکرێت لەگەڵ هەر کالاّیەکدا.

٢) دراو وەك پێوەرێك بۆ بەها: دراو دانەنرێت بەنامرازێك بۆ عەمبارکردنی هێزی کڕین، بۆئەودی ئەو دراوە ببێتە سەرچاوەیەك بۆ بەها، ئەبێ دراو جێگیریو نەگۆڕی بەخۆیەوە بگرێت. ئەگەر نرخەکان نەگۆڕ بوون ئەتوانین نرخی کالاّو خزمەتگوزارییەکان بزانین، لە دەرەنجامی کەڵەکەبوونی بڕی دراو دیاریکراوەوە، بۆیە جێگیری نرخ

وانەکات بەهای ئەو کالاّیانە بزانرێت کە عەمبار ئەکرێن لەبەرامبەر پاریزگاری کردن لە بڕێکی دیاریکراو لەپارە، بەلاّم ئەگەر نرخەکان زوو زوو بگۆڕێن ، ئەوا هەرگیز ناتوانین بڕی ئەو کالاّیانەو نرخیان بزانین کە بڕێك پارە ئەتوانێ بیکڕێ. بۆیە بەردەوام گۆڕانی پارە سوودی بەکارهێنانی پارە وەکو سەرچاوەیەکی بەهایی کەم تەکاتەوە. تالێرەدا ئەکرێت هەندێك کالاّی تەمەن درێژ بکڕین کە دوایی نرخیان بەرزبێتەوە لەبری عەمبارکردنی پارە.

بەلاّم یەکێ لە خراپییەکانی ئەم کارە ئەوەیە زیان دروست ئەکات، ئەگەر لەداهاتووشدا نرخی دابەزیو وەکو پارەش نابێتە جێگەی پڕزامەندی گشتی، هەروەها هەرگیز ناتوانین بەخێرایی بیفرۆشینو بیکەین بە پارە بەبێ زیان کردن لەکاتە پیویستەکاندا.

لەدرێژکراوەی ئەو ئەرکەدا ئەکرێت پارە بکرێت بە پێوەرێك بۆ خەرجی لەداهاتوودا، واتە بتوانین بەکاری بهێنیت لە بەندی داراییدا بۆ کاتەکانی دیکەو دواتر، واتە لەداهاتوو بەرجەستە ئەبێت، بەلاّم بۆ سەرکەوتنی دراو لەم کارەیدا ئەبێ نرخەکەی نەگۆڕێت ئەگەرنا کەسی سوودمەند (قەرزکەرەکە- وەرگر) تووشی زیان ئەبێ ، بۆیە زۆرجار لەکاتی هەلاّوسانی نابووریدا قەرزکەر زیان ئەکاتو قەرزدەر قازانج، چونکە بەرزبوونەوەی نرخەکان توانای پاستەوخۆی دراو دانەبەزێنێو کەمی ئەکاتەوە.

۳) دراو وەك پێوانەیەك بۆ بەها: یەکەی دراو بەکارئەهێنرێت وەك پێوەرو پێوانەیەك بۆ بەهای گشت ئەو کالاّیانەی کە هەن، ئەمەش هاوکارە لەهەڵسەنگاندنی کالاّ جیاوازەکاندا لەرێگەی ناماژەی یەکەی

دراوەوە...ئەو کارەش بەراوردی نێوان بەهاکان دروست نەکات لەسەر بنەمای بەهای ئالوگۆڕ، بەگێڕانی ئەم ڕۆڵە نەکرێت بە دراو گەورەترین ئاستەنگی بەردەم پرۆسەی ئالوگۆڕ لەناوبەرین، بەڵام دەبێ پارەو دراو لەم کارەدا نەگۆڕێنو ببنە جێگای پەسەندی زۆرینە یان گشت خەڵک، چونکە ئەزانین لەکاتی هەڵوەساندا پارە بەهاکەی کەم نەبێتەوە، ڕادەی ڕاستەقینەی کڕینی کالاکان بەدراو نەگۆڕێتو کەم نەبێتەوە.

جۆرەکانی دراو- پارە

ئەو توانایەی کە پارە هەیەتی لەڕزگارکردنی خەڵکیدا لەو شتانەی دێنە ڕێگای لە بەردەم پرۆسەی ئالوگۆڕدا وایکردووە وەک کالایەک دابنرێ کە جێگای پەسەندی هەمووانە. کۆمەڵگا سەرەتاییەکان بەدرێژایی مێژوو جۆرو چەشنی دراویان بەکارهێناوە، بۆیە لەدراوی کالایی (کانزایی) بییەوە پەرەی سەندووە بۆ کاغەز، پاشان دراوی لەبانق دانراو.

١) دراوی کانزایی: کانزا گران بەهاکان وەک زێڕو زیو جێگیریو توانای خۆیان سەلماندووە لەهەستانیاندا بەڕۆڵی دراو، ئەم کانزایانە چەندین تایبەتمەندی باشیان هەیە، لەوانە هەرچەند بەکار بهێنرێت بەهای خۆی لەدەست نادات، هەڵگرتنو عەمبارکردنی ئاسانە، نەکرێت بەش بەش بکرێت بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ بەهای خۆی لەدەست نادات. لە خودی خۆشیدا کالایە، چونکە بەردەوام خواستو داوای لەسەرە لەکاروباری جوانکاریدا بەکارنەهێنرێت، بۆیە

لەزۆرێك لەپرۆسەكانی ئالۆگۆڕدا بەكارهێنراوە. ئەمە پێش دروستبوونو داهێنانی پارە.

لە ڕابردوودا دەبوو ئەم كانزایە ببرێتە بازاڕ تاكو پرۆسەكە تەواو بكرێت بەبڕی ڕێككەوتنەكە كانزا ئەپێورا، ئەمەش وایكرد كێشانەو پێوانەی زۆر هەستیار دروست بكرێت بۆ ئەم كانزایەو نێستاش لەبازاڕەكاندا زۆر بلاّون.

ئەم سیستەمە زۆر سەركەوتوو تر بووە لەسیستەمی شت بەشتو ئالۆگۆڕی كالاّ، بەلاّم هەندێك ناستەنگ هەبووە لەڕێگەی پارەی كانزاییەوە بەڕێكراوە، بۆیە فەرمانڕەوایان بۆ ڕێكخستنی ئەم كارە فەرمانیان داوە پارەی لێ دروست بكرێت، بەلاّم بەوەزن (كێش و قەبارەی دیاریكراو) لەڕێژەی بڕی ئەو كانزایەی كە دراوەكەی لێ دروست كراوە، نم: پارەیەك كە ١/ ٢٠ ئالتوون بووە.

٢) دراوی كاغەز: بەكارهێنانی كانزاو دراوی كانزایی و بوونی پاسەوانی كردنی توندو خەزێنەی قایم و تۆكمە لەشوێنەكانی ئالتوون و زیودا وایكرد دراوی دیكە دروست بێ. ئەو بیرۆكەیە دروست بوو هەركەس چەندێك ئالتوون و كانزای هەیە لای خۆی بیپارێزێ بۆ پاراستنی داهات و ماڵەكەی دەستەلاتدارانیش هەستان بە گەیاندنی و سپاردنی بەخەڵكی تاكو لەكاتی داو خواستدا بیدەنە ئەو كەسانەی ئەیانەوێت، ئەگەر كەسێكی خاوەن دەرامەت بروایەو بیویستایە ڕێككەوتنێ بكات دەبوو بڕوات بۆ عەمبارو كانزاكە بدات بە فرۆشیارەكە ئەویش ئەیبردەوە بۆ عەمبارەكە وەكو دەستگەوتنی دڵنیایی لەبەرامبەر ئەو سپاردنەدا. لەدوای ئەو متمانە دروست بوو بۆ عەمباری گشتی وتیان با ناستەنگمان بۆ كەم بێتەوە ئیتر خەڵكی ڕێككەوتنو عەمباریش بەپێی داوا كانزاكانی ئەدایە كەسەكان.

ئەم گەشەی متمانەیە وایکرد نالۆگۆڕی بەکاربەرانو مامەڵەکاران زۆربێت، بۆیە وای لێهات کارکردن بەو کاغەزانە ئاسانتر بوو لەزێرو زیوو، بەجۆرەش سەرەتای پارەو دراوی وەرەقە -کاغەز- دروستبوو دەستی پێکرد، وەکو بەڵگەنامەیەک کە دەسەلاتەکان دەریان دەکردن. دواتر بانکی ناوەندی دەریان ئەکرد. بۆیە بوو بە جێگری زێرو زوو کە ئەو پارە بڕی بەهای ئەو زێرو زیوەی لەسەر دانراوەکە لە مامەڵەکردندا وانراوە.

هەروەها ئاسانە دەرکردنی ئەم پارە کاغەزە لەچاو پارە کانزادا لەڕووی تێچوونەوە، دەسەلاتی دراوی ئەتوانێ لەبەرامبەر پاراستنی بڕێک زێرو زیوو پارە دەربکات وەک هاوسەنگییەک بۆ هاوتای ئەو بڕە زێڕەی لێی دراوەو پارە کاغەزەکەی بۆ دەرکراوە، بۆیە ئەم پاردیە نوێنەرایەتی ئەکاتو ١٠٠٪ بەرگی زێرو زیوی پۆشیوە. ئەمەش لەبەرئەوە هەرکات تۆ ئەتەوێت ئەتوانیت بیگۆڕیتەوە بەکانزاکە، زۆرێک لەوڵاتان لەسەرەتای پارەو دراوی کاغەزدا ئەم رێگایەیان گرتۆتەبەر.

پەرەسەندنی میژوویی بوویە هۆی کاڵبوونەوەی بانکە ناوەندییەکان لە هەستانیان بەم کارە بەجۆرێک تەنها خۆیان پارەی کاغەزیان دەرکردووە کە ئەکرا بکرێتەوە بەنالتوون.

٣) دراوی سپاردە- ودیعە: زۆرکەس پارە کاغەزەکانیان ئەسپێرنە بانک وەکو دڵنیایی بۆ پاراستن، هەروەک ڕابردوو چۆن کاریان لەگەڵ نالتووندا نەکرد. ئەم پارە بەناوی خاوەنەکەیەوە تۆمارکراوەو هەرکاتێک ویستی ئەتوانێ چەندی بوویت ڕایبکێشێت لە مامەڵەکردنیدا لەگەڵ خەڵک بۆ دووبارە سپاردنەوەی بە بانک لەلایەن کەسێکی دیکەوە.

دیاره متمانەی خەڵك بە بانك زیادی كردووەو دووجۆر دراوی سپاردە هەیە، سپاردە لەكاتی داو خواستدا، ئەمەش ئەو سپاردانەیە كە لەكاتی حساباتی ڕۆشتوودا ئەكرێت، بەڵام دووهەمیان سپاردنە بۆ داهات، بەجۆرێك هەندێك لەتاكەكان هەڵدەستن بەكاری سپاردن -بڕی پارەی نەختینەی دراو- بە بانك بۆ هەڵگرتنی و كردنەوەی حساباتی تایبەت یان كڕینی وەبەرهێنان یان بۆ سپاردن....هتد.

خواست لەسەر دراو

پیاوی بازاڕو سەرجادە چاك بەهای پارەو دراو نەزانێ، ئەوەش ئەزانێ هەتاكو زیاتری هەبێت ئەتوانێ زیاتر كالاو خزمەتگوزاری بكڕێت، زانراویشە كە خستنە ڕووی پارە هیچ ناگۆڕێ لەو بڕە كالاو خزمەتگوزاریەی كە هەیە، ئەمەش ڕامان نەكێشێ بۆ پرسیاركردن لەسەر چۆنیەتی كاریگەری گۆڕینی بڕی پارەی نالۆگۆڕكراو دەساو دەس كردو لەسەر قەبارەی خەرجی و بەرهەمهێنان و نرخەكان، ئەمیش لەڕێگای لێكۆڵینەوە لە سروشتی ئەو خواستەی كە هەیە لەسەر پارەو دراوو. بەڵام ئەبێ جیاكاری بكەین لەنێوان لایەنی دراو لایەنی ڕاستەقینەی نابوری. بەڵام دیاریكردنی نرخی دراوو زیادەی خستنەڕووی دراو ئەكرێت ببێتە هۆی زیادبوونی نرخەكان، بۆ نموونە ئەگەر خستنەڕووی دراو بڕی دراوی زیادكرد بەدوای خۆیدا زیادبوونی نرخی گشت كالاو خزمەتگوزارییەكان و داهاتی دراو، لەكاتی لێكۆڵینەوەماندا بۆ خواست لەسەر دراو، دوو هۆكار ڕوون

ئەبێتەوە بەڕاستەوخۆی بۆ هەڵگرتنی یەکە ئابووریییەکان لەناو کۆمەڵگەدا تاکەکان بن یان دامەزراوەکان بۆ پارێزگاری کردن لەبڕی دراوەکانیان ئەوانیش:

١) توانای بەکارهێنانی دراو بۆ پارەدارکردنی پرۆسەی کڕینو فرۆشتنی کالاّو ئاردەزووەکانی تێر ئەکاتو پڕئەکاتەوە.

٢) توانای بەکارهێنانی بۆ پارەدارکردنی کڕینو فرۆشتنو فرۆشتنی بنەما تۆپەڵەکانی داهات یان بە قەرزدانی لە بەرامبەر دەسڕاگەیشتن بە سوودو یان بە خەرج کردنی لەکڕینی پشکەکاندا بەدیاریکراوی سێ هۆکار هەیە بۆ پارێزگاری کردن لەدراوەکان ئەوانیش بریتین لە:

- پاڵنەری مامەڵەکردن: بەکارهێنانی بۆ کڕین.
- پاڵنەری یەدەك کردن: بەکارهێنانی بۆ حاڵەتی کتوپڕ.
- پاڵنەری باج دان: پاراستنی دراو بۆ سوود لێ وەرگرتنی لەحاڵەتەکانی پەرەسەندنی بازاڕ بەمەبەستی قازانج کردن.

تیۆریەی دراو

ئەم تیۆریە پێی وایە دراوەکان ئامرازن بۆ ئالۆگۆڕ کردن، بۆ خودی خۆی داوا ناکرێت، بەڵکو داواکردنی بۆ داواکردنی کالاّو خزمەتگوزارییەکانە، لەسەر ئەم ڕاستییە هێزی کڕینو بەها ڕاو دەوەستێ لەسەر بڕی خراوەڕووی دراو، هەتاوەکو ئەم بڕە زیاد بکرێت بەهای دراو کەم دەبێتەوە واتە نرخەکان بەرز ئەبنەوە ئەگەر بڕی دراو زیاد بکرێت.

کەسی شارەزا لەئابووریدا (فیشر) هەستا بەدووبارە دارشتنەوەی نەم تیۆرییەو هاوسەنگییەکی دانا بۆ ڕاڤەی ئەم پەیوەندییە بەشێوەی دەق —نص-ی:
بڕی ئالۆگۆڕ بۆ ئاستی گشت نرخەکان دەکاتە بڕی دراوی ئالۆگۆڕکراوی خێرایی ئالۆگۆڕ.
بەجۆرێك خێرایی ئالۆگۆڕ بریتییە لەناوەندی ژمارەیی ئەو جارانەی هەریەکە لەیەکەی دراوی ئەڕوات بۆ نەملاو نەولا لەماوەی ساڵەکەدا، ئەگەر بڕی ئالۆگۆڕ جێگیر بوو خێرایی سوڕانەوەی دراویش وەك خۆیان بوون نەوا ئاستی گشتی نرخەکان کاریگەر دەبێ بەگوێرەی بڕی ئەو کەمو زیادکردنەی کە نەبێ لەبڕی دراوەکەدا ڕووبدات، بۆیە هەتاوەکو بڕی دراو بەرزبێتەوە ئاستی گشتی نرخ بەرزدەبێتەوە، واتە ئاستی گشتی نرخ ئەگۆڕێت بەگۆڕانی بڕی دراو (گۆڕاوی سەربەخۆ).

چەمکی سیاسەتی دارایی

سیاسەتی دارایی: بەکارهێنانی توانای خەرجییەکانو قەرزی گشتی لەپێناو بەدەستهێنانی ئاستێکی بەرزی داهاتی گشتی بۆ ڕێگری کردنی هەندێك سیاسەتی دیکە لەپێناو بەدەستهێنانی ئامانجی ئابووریدا.

ئەرکەکانی سیاسەتی دارایی

١) بەدەستهێنانی لێهاتوویی بەرهەمهێنان لەڕێگەی دەرامەتەکانی بەردەست بۆ قۆستنەوەیان بەنمونەیی ترین شێوە.
٢) بەدەستهێنانی کرێی تەواوەتی، بەجۆرێکی کەسانی دارایی ڕۆڵێکی چالاکی هەیە لەدیاریکردنی ئاستی کرێ- مووچە- دا لەگەڵ نرخەکانیشدا بۆ بەرجەستەکردنی جێگری ئابووری.
٣) بەدەستهێنانی پێشکەوتنی ئابووری، نەمەش نەپێورێت لەچوارچێوەی ناوەندی پشکی تاك لەکالاّو خزمەتگوزارییەکان کە بۆ خۆی ئاماژەیە بۆ پێشکەوتنی ئابووری دەوڵەت کە ڕەنگدانەوەیە لەسەر ئاستی خزمەتگوزاری ئابووری تاکەکانیش.
٤) بەدەستهێنانی دادگەری لەدابەشکردنی داهاتدا، هەوڵدان بۆ کەمکردنەوەی کەلێنە گەورەکان لەنێوان ئاستی داهاتە جیاوازەکاندا.

سیاسەتی دارایی و ڕۆڵی لەئابووریدا

أ/ کاریگەری بەکاربەر: لەچوارچێوەی خەرجییە گشتییەکان بۆ خۆی پالّنەرە بۆ بەهێزکردنی بەکاربردن بەشێوەی ڕاستەوخۆ ناڕاستەوخۆ.
ب/ کاریگەری لەسەر وەبەرهێنان: بەجۆرێك خەرجی گشتی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەسەر وەبەرهێنان کاریگەر دەبێت، چونکە خەرجی گشتی لەخەرجی

بەکاربەرەکی و وەبەرهێنەرەکی پێکهاتووە. لەبەرئەمە زیادبوونی خەرجی وەبەرهێنان زیادنەکات، هەروەها خەرجی گشتی لەڕاستیدا داهاتی بەردەست زیاد نەکات نەمیش داوای بەرهەم هێنان زیاد نەکات نەمەش بۆخۆی وەبەرهێنان زیاد نەکات.

ج/ کاریگەری لەسەر نرخەکان: لەکاتی هەلاوساندا دەوڵەت هەڵدەستێ بەکەمکردنەوەی خەرجی گشتی و زیادکردنی باج، نەمەش دەبێتە هۆی دابەزینی داو خواستی گشتی، نەمەش بۆخۆی نرخەکان کەم نەکاتەوە، بەڵام لەحاڵەتی داتەپینی ئابووریدا -بێ بازاڕی- دەوڵەت باج کەم نەکاتەوەو داواکاری زیاد نەکات و (بەهۆی داهاتی بەردەست) لێرەشەوە نرخەکان بەرز نەبنەوە.

د/ کاریگەری لەسەر دامەزراوەکان: زیادبوونی خواست لەسەر ڕەگەزەکانی بەرهەمهێنان دەبێتە هۆی زیادبوونی دامەزراندنو بەکارهێنانی ڕەگەزەکانی بەرهەمهێنان، هێزی کرێکار زیاتر نەبێ و دواتریش گرفتی بێکاری چارەسەر نەکات.

ز/ کاریگەری لەسەر داهاتو دووبارە دابەشکردنەوەی: چونکە خەرجی حکومی بەشێوەیەك لەشێوەکان دانەنرێت بەپرۆسەی هێنانە ناوەوەی نوێو تازە بۆ هەندێك گروپو بەشەکانی کۆمەڵگە. هەروەك چۆن ئەم سیاسەتە هەڵدەستێ بەکاریگەری دروست کردن لەسەر پرۆسەی دووبارە بەشینەوەی داهاتەکانی لەڕێگەی دانانی باجی زۆرو گەورە لەسەر کەسانی دەوڵەمەندو داهات زۆر، هەروەها دابەشکردنی هەندێك کالا بە خۆرایی بەسەر نەو خەڵکانەدا کە داهاتیان کەمە وەکو وێنەیەك بۆ پرۆسەی دووبارە دابەشکردنەوەی داهات.

دیاریکەرەکانی سیاسەتی دارایی

بۆنەوەی سیاسەتێکی دارایی سەرکەوتوومان هەبێ دەبێ هەندێك دیاریکەرمان هەبێت وەکو:

بوونی ناستێکی لێهاتوویی کارگێڕی و پلان دانەر.

بوونی هۆشیاری باج دانان لای تاکەکان.

بوونی بازاڕی دارایی.

بوونی گەشەو پێشکەوتن لەسەر دامەزراوەکانو کۆمپانیاو کارگە گشتییەکان.

گرنگی دراوەکان

دراو لەبازاڕی نابووریدا ڕۆڵێکی زۆر گرنگ نەگێڕێ:

- بەبێ پارەو دراو سیستەمی نابووری ناتوانێ کار بکات.
- پرۆسەکانی بەرهەمهێنانی فراوان بوونی ناوەندێکی پێویستە بۆ نالۆگۆڕ کە بریتییە لە دراوەکان.
- لەژێر سایەی دراودا پرۆسەی بەرهەمهێنانو دابەشکردن زۆر ئاسان بووە.

بانکەکان

بانك: بریتیە لەو دامەزراوەیەی کە مامەڵە بەدراوەوە نـەکات، هەڵدەسـتێ بـە وەرگرتنی پارە لەو کەسانەی کە نەیسپێرن بە بانكو ئەویش بەقـەرز ئەیداتـەوە بەو کەسانەی کە پێویستیانە بۆ پارەدارکردنی پرۆژە جیاوازەکان.

جۆرەکانی بانك

لەدەرئجامی پێشکەوتنی ئابووریـیەوە جۆرەها بانك دروست بووە لەوانە:

أ/ بانکی بازرگانی: تایبەتە بە پارەدارکردنی بازرگانی ناوخۆو وەرگرتنی پـارەو پێدانی قەرزو کارکردن بۆ داشکاندنی وەرەقە بازرگانییەکان.

ب/ بانکی پیشەسازی: تایبەتە بەپارەدارکردنی پیشەسازییەکانو هاوکـاریکردن لەپێناو بەرزکردنەوەی ناستی کەرتی پیشەسازی.

ج/ بانکی کشتوکاڵی: هەڵدەستێ بە پێدانی قەرزی ماوەکورتو ماوەدرێـژ بـۆ پارەدارکردنی پرۆژەو پرۆسەکانی کشتوکاڵ بەلایەنە جیاوازەکانییەوە.

د/ بانکی تایبەت بەکڕینو فرۆشتنو مامەڵەی قورس.

ز/ بانکی پاشەکەوت کاری وەبەرهێنانی عەقارات: تایبەتە بـە پێـدانی قـەرزی پەیوەست بەنیشتەجێکردن، هەروەها سپاردنی دراو وەرئەگرێت بۆ خزمەتکردنی نامانجی عەقاری.

ر/ بانکی ناوەندی: گرنگترین جۆریانە لەناو هەموو جۆرەکانی بانکدا، کاری دەکردنی دراوو چالاکی بانکی سەرپەرشتی نەکات.

نەرکەکانی بانکی بازرگانی

١) وەرگرتنی سپاردەی دراو لەتاکەکان: ئەم پارانە وەرنەگرێتو نەیانپارێزێ لای خۆی و حساباتی تایبەت نەکاتەوە بۆ هەریەکە لەو کەسانەی پارەکەیان داناوە لەبانک، سپاردەیەک لەژێر خواستی (حساباتی جاریە) دا، سپاردەیەک لەپێناو پاداشتو کرێدا، بانکەکان بەچەک و وەرەقەی دراو مامەڵە نەکەن، هیچ سوودێک دانانێ بۆ حساباتی جاری، بەڵام هەموی نەخاتە سەر سپاردە پاداشتەکی و کرێییەکان.

٢) پێدانی قەرز: لەزۆرێک لەحاڵەتەکاندا بانکەکان هەڵدەستن بەپێدانی قەرز بۆ پیاوانی بازرگانی و تاکەکان بەبڕی دیاریکراو بۆ مەبەستی وەبەرهێنانو شتی دیکە، دەکرێت بەدوو بەشەوە (ماوە کوورتو ماوە درێژ) بەگوێرەی سروشتی قەرزەکە، بانکیش قازانجێکی زۆرو زەوەندی نەخاتە سەر، نەو قەرزانە ناونراون بەپرۆسەی پێدانی قەرز لەلایەن بانکەکانەوە بۆ پرۆسەی دروستکردنی دراوە سپاردەنییەکان.

٣) دابەشکردنی وەرەقە بازرگانییەکان: واتە قەرزە ماوە کورتەکان، بەجۆرێک کە بازرگان بۆ دەستگەیشتن بە قەرزەکەی لەرێگەی راکێشانی بەڵگە لەسەر قەرزوەرگرو داشکاندنی لای بانکەکە لەم

ڕێگەیەشەوە پارەکەی خۆی دەست نەکەوێت لەبەرامبەر داشکاندنی دیاریکراودا کە بەرامبەرە بەسوودو عمولەی بانک. ئەم بەڵگانە (کۆمپیالات) بۆ ماوەی سێ مانگ ئەدرێن، بەڵام بەتێپەڕینی کاتەکەی بەهایەکی ناونراو نەخاتە سەر بەڵگەکە.

بانکی ناوەندی

بانکی ناوەندی: ئامانجی بەردەستکردنی جێگرییە لەوڵاتدا، کاردەکات بۆ چاودێری کردنی و کۆنترۆڵکردنی خستنەڕووی دراو بۆ بەدوورگرتنی دەوڵەت لەوەرگەڕانو پاراستنی هێزی کڕین لای دراوی ناوخۆی و کۆنترۆڵکردنی لەگەڵ مامەڵەکردنی دەرەکیدا. ئەمیش کارتەکات بۆ قازانج وەک بانکەکانی دیکە، بەڵام قازانج ئامانجی لاوەکییە، بۆیە لەکاتی ڕووداتی هەڵەیەکی نابووریانەدا بێ لایەن ناوەستێ، بەڵکو ڕێوشوێنی چارەسەر ئەگرێتەبەر بۆ چارەسەرکردنی ئەم کەمو کوڕییە، ئەمەش لەڕێگەی ئەو دەسەلاتە یاساییەی پێی دراوەو جیاشی نەکاتەوە لەبانکەکانی دیکە.

ئەرکەکانی بانکی ناوەندی

١) دەرکردنی وەرەقەی دراو: لەم کارەدا بەتەنیایەو تەنیا ئەم ئەتوانێ ئەم کارە بکات، بەو ڕادەیەی کە گونجاو بێت لەگەڵ سیاسەتی گشتیدا، بۆیە هەڵدەستێ بە دانانی پلانێک بۆ دەرکردنی وەرەقەو قەبارەکەی و سەرپەرشتی

جێبەجێکردنەکەشی نەکات. هەروەها نەو دەسەلاتەشی پێ دراوە کە دەست بگرێت بەسەر بانکەکانی دیکەدا لە بابەتی فراوانبوونی نەمانەتو سپاردنیدا.

٢) پارێزگاری کردن لەحساباتی دەولەت: (بانکی دەولەت) هەڵدەستێ بەپاراستنی کارو حساباتی دەولەتو رێکخستنی نەو قەرزانەی داویەتی و رێکخستنی پالپشتیە نێودەولەتییەکان، بەڕێوەبردنی دراوی بیانی و رێکخستنی نرخی گۆڕینەوەی دراو هەڵدەستێ بەپێدانی قەرز بە دەولەت.

٣) بانکی بانکەکانە: ناوئەنرێت بەبانکی بانکەکان، چونکە مامەلە نەکات لەگەڵ بانکەکانی دیکەدا لەهەمان ولاتدا، رێژەی سپاردەنییەکانی خۆی نەپارێزێ، هەروەها هەڵدەستێ بە پێدانی قەرز بەبانکەکان لەپێناو داشکاندنی وەردەقە بازرگانییەکان کە لایانە، بەم جۆرەش بانکی ناوەندی دەبێتە نامرازێک بۆ کۆنترۆلکردنی نابووری لە هەر وەرچەرخانێکدا.

رێگاکەت بەرەو سەرکەوتنی بازرگانی

پلان دانان نەتوانیت دەستی بەسەردا بگریت.

نامانجی دوور مەوداو مەبەستەکانی پەیوەست پێیانەوە دیاری بکە.

کارە لەپێشینەکان لەسەر نامانجو مەبەستتدا دیاریبکە، بەگوێرە گرنگیان بۆ دوور مەودایی.

سوڕی وزەی کەسێتی خۆت بناسە، پلانێک بۆ خۆت دابنێ کە ڕۆژێکی نموونەیی وەستابی لەسەر باشترین کاتەکانی کارەکەت.

٤) پلان دانێ بۆ ڕۆژەکەت کە لەم سێ ڕەگەزە دروست بووبێ (نامانجەکەتانو کارە لەپێشینەکانی، ڕۆژێکی نموونەیی) پاشان ئەم پلانە تۆمار بکە.

أ/ پلانی نامانجی کەسی: تیایدا چیژی ڕاپەڕاندنی کاروباری کۆمەڵگەکەت ئەبێتە بەرپرس لەگەشەپێدانو ئەوە باشترینەو لەگەڵ شارەزایەکانت ئەگونجێ.

ب/ پلانی نامانجی پیشەسازی/ بزانە کێبرکێیەکی تۆکمە هەیە لەلایەن نەوانی دیکەوە وەك بەشێك لەپلانەکەت، هەڵدەستێ بەدیاریکردنی مەبەستەکانت کە بەرزبوونەوە دروست ئەکەن لە پیشەکەتدا.

بەردەنگاری خاوەخاو کردنی وەبازارخستن بەردەوە

سروشتییە کە حەزت لەکارێ نەبوو زۆر چیژێ نەبێ، بەڵام ڕووکارەکانی دواخستنی بۆ بەیانی لەدەستەی فێڵبازاندایە.

* ئایا ناستەنگت بۆ دێتە پێش لەتەواوکردنی نەرکەکانتدا، چونکە تۆ ئەتەوێ هەموو شتێ بەتەواوی و بەشێوەیەکی ورد ئەنجام بدەیت؟

- فێری نەو جیاکارییە ببە کە کاتەکانت لەگەشتن بەکەمالێ زۆر گرنگترن.

* ئایا ئەنجامدانی کارەکان ئەڕوات یان دووبارە ئەچێتەوە بۆ قۆناغی یەکەم.

- بواری هاوسەنگی لەکارەکەتدا بپارێزە هەرکات ئامادە بوویت بیخەرە ڕوو.

* ئایا کاری پلان هێندە ئەخایەنێ کە دەستپێکردنی کارەکەت دوور بکەوێتەوە؟

- پلانی زیادە وات لێ ئەکات هەست بەماندوویی بکەیت، لەگەڵ هاوەڵانتدا چارەسەی گرفتەکە بکە.

* ئایا تۆ کارەکەت دوانەخەیت لەبەرنـەوەی کـاتێکی تەنگەبـەرت هەیـە بـۆ سپاردنی کارەکەت وای کردووە کە زۆر تەنگەتاو بیت؟.

- خشتەیەکی کاتی دابنێ بۆ ئەو کاتی سپاردنە، بەڵام با تەنگەبەربێ، ئەگـەر ئەوانی تر هەز بکەن هاوبەشی بکەن لەگەڵ تۆدا، ئەوا ئەبێ خشتەی پابەندی بە کاتەوە بۆ خۆت دابنێی.

* ئایا ئەگەرێیتەوە بۆ ئەو ئەرکەت وات داناوە کە چێژبەخـشە، بـاش دەبێـت بۆنەوەی کارەکە بە زۆرترین تەحەدییەوە دوابخەیت.

- ئەرکو گرنگی دوور تەکەوێتەوە، چونکە تۆ زۆر دڵنیایت لەچۆنیەتی کارەکە، مەترسە لەداواکردنی یارمەتی لەو کەسەی کە شارەزاترە. بـەدوای ئامۆژگـاری سەرپەرشتیاری کارەکەتدا بگەرێ ئەگەر ئەرکەکە گرنگـەو قورسـە. شـارەزایی پێویست بۆ خۆی بەردەست بخە بۆ تەواوکردنو گەیاندنی کارەکەت بەکەمان.

* ناتەوێت بیکەی، دوای نەخەیتو ئەزانیت بۆ چیش دوای نەخـەیت؟ چـونکە ئەتەوێ بەسادەیی بەو کارە هەستی.

- چارەسەر دابهێنە، یان ئەرکەکە بدە بەدەست کەسـێکەوە کـە ئەیـەوێت ئـەو کارە بکات، ئەگەر کارەکەی سوودی نـەبوو، سـەرەتایەك دابنـێ بـۆ کارەکـەو لێیـەوە دەسـت پێبکـە، پاداشـتێ بـۆ خـۆت دیاریبکـە لـەکاتی تـەواوکردنی کارەکەتدا.

گرنگترین هەنگاوەکان بۆ گۆڕینی خود

چۆن ئەتەوێت ئەو هزرانە جێبەجێ بکەیت؟ ئامۆژگارییەکان لەوانەیە زۆر ڕووبن؟ ئەزموونی پەیوەست بەیادگەو بیرەوەری لەسەر زۆر شێواز دێتە پێش، سەرەڕای ئەوەش خزمەتگوزاریو بەرهەم ئەگرێتەوە بە بونیادنان لەسەر هەستی بێ ئاگاو لایەنی نەستیو ئەوکاتەی کە وەلأمدانەوە بەخۆیەوە خەرجی نەکاتو ئەیباتە سەر.

أ/ نەبوونی کەمالێ لەخۆتدا پەسەند بکە، فێربوونو وێنای دۆزینەوەی بەردەوامی نەزانیمان دەکات، بەتایبەت ئەگەر کەسەکە وای هەست کرد نەزانە بەرامبەر بەخودی خۆی، کاریگەری لەسەر دەروونبەری، بۆیە ڕوانگە بریتییە لەبنەمای گۆڕان.

ب/ بەسەر ترس لەگۆڕاندا زاڵ بە، کاتێ بەرەنگاری هزرو بیرۆکەیەک ئەکەیت، تێبینی ئەوانی دیکە وەربگرە، پرسیار بکە لەخۆت لەسەر هۆکارەکەی. خەڵکی لەگۆڕان ئەترسن چونکە ڕووەو شتێ ئەگۆڕێن کە نازانن چییە! ئەترسن نەم گۆڕانە شتێکیان لێ وەرگرێتەوە، تۆ لەچی ئەترسی بیدۆڕێنی؟ کۆنترۆڵ؟ دڵنیایی؟ پێگە؟ ڕێزگرتنی خود؟ پەیوەندیت لەگەڵ ئەوانی دیکەدا؟ دان بەو شتەدا بنێ کە لێی دەترسیو لەگەڵ کەسێکدا گفتوگۆ بکە کە متمانەت پێی هەیە؟.

ج/ داوای تێبینی بکە لەکەسانی دیکە: زۆر کەم کەسانێك هەن بتوانن دەست بکەن بە پەرچەکرداری کەسێتی بەرامبەر کەسێکی دیکە لەپێگەی

بەرپرسیارێتیدا، دەبێ داوای نەو شتە بکەیت، داوای بکە کەسانی دیکە ڕازی بکەیت کە تۆ بەڕاستی لەدوای ڕاستی دەگەڕێیت، دەبێ بۆیان بەدیاربکەوێت کە نەو تێبینیانە نە بریندارت نەکەنو نە برینداریان نەکەیت، یەکێ لەو پرسیارانەی کە زۆر یارمەتیدەرە لەم کارەدا نەوەیە دەڵێ: نەو شتە چییە کە من نەتوانم بیکەم بۆتان تاوەکو چالاکتربن لەو حاڵەی کە نێستا تێیدان؟

د/ گوێرادێرە بۆ تێبنییەکانو بەرگری مەکە، وەك کارێکی هونەریو قۆناغی خۆ پێکهێنان سەیری بکە هەر تێبینییەکی تازە گیانێکی تازەیە بۆ تۆ.

ز/ نەو گرفتانە بزانە کە ڕەفتاری تۆ هۆکاریانە: تۆ نەو کاتە زانیت چی نەنجام دەدەیت یان چی ناکەیت، کاتێ زانیت نەوانی دیکە وێستیان هەیە بگۆڕێن، بۆ کاریگەری ناباش لەسەر خۆتو لەسەر نەوانیش بزانە نەکرێت هەست کردنمان بەکەمو کوڕیان نێوەی چارەسەرەکە بێت.

ر/ نەو گرفتەی ڕەفتارت دروستی کردووە رقت لێی بێ: نەو پاڵنەرە وانەکات تۆ بگۆڕێیت نەوەیە تۆ ڕقت بێ لە ڕفتارە خراپەکانت، نەم هەنگاوەت نەنابێ نەوا هیچ هەنگاوێك مەنێ بۆ گۆڕینی خۆت.

خ/ پلانێك دابنێ: مادام تۆ گرفتەکەت زانیو هەستت کردووە کە نەبێ چارەسەری بکەیت، نەی پلانت چییە؟ یان باشتر لەوە چیت پەیمان داوە، بەچی نەگەیت؟ کەی نەتەوێت نەنجامی بدەیت؟ کەی داوای یارمەتی نەکەیت؟.

ح/ بجوڵێ: چیت نەوێ بیکە لەکاروباری بازرگانیدا دواخستن نییە، بەتایبەت لەبەرامبەر بازاڕی کێبرکێ کاردا.

ع/ شتەکانی دیکە بۆ هێزی پاڵنەر بەجێبهێڵە: لەدوای دەست پێکردنی ڕەفتارێکی تازە خێرا ڕێسای کاری دووبارە بوو دەست پێ نەکات تاکو نامانجەکەت بەدەست دێنی.

پوختە

چاککردنو بەردوپێش بردنی ڕەفتارو کەسێتی کلیلی سەرەکیو یەکەمە بۆ جولاندنی کەسێتیو کاری بازرگانی لەڕووی پێویستیو توانای بەرز تاکو چالاکییەکان بەرهەمداربن، نەقڵی مرۆڤیش گۆڕانی بەسەردا دێت ڕووەو بەرهەمهێنان بەشەوقو زەوقێکی دیکەوە، چونکە مرۆڤ ئەتوانێ بڕێکی نادیار بەرهەم بهێنێ لەڕێگەی بیرۆکەی پێشکەوتووەوە، وزەی پاڵنەری مرۆڤو لایەنی باشی نەو وزەیە هێزی لەخۆگرتنو پەسەندکردن زیاتر نەکات (نارەزوو ناراستەکان) هێزی عەقڵی (هەڵسەنگاندنو داهێنان).

زانیاری × شارەزایی = لێهاتوویی = توانایی.

ناراستە × لێهاتوویی = پاڵنەر.

توانا × پاڵنەر = ڕۆڵی مرۆیی.

ڕۆڵی مرۆیی × دەرامەت = ڕۆڵی کارگەو سەرکەوتنی لەکاری بازرگانیدا.

کەس- تاک- ڕۆڵو کارێکی هەیە لەژیاندا لەڕێگەی نەو پێگەو لایەنانەوە کە پێی هەڵدەستێو ڕۆڵیان تیا نەبینێ، لەم کاتەشدا بەهەردوو لایەن نەبینین کە هەم کرێاردو هەم فرۆشیاریش. بۆیە دەبێت نەو ڕۆڵەی دەیگێڕین جیابکرێتەوە

لەڕەفتاری جوانو هەڵسو کەوتی نەرمو گونجاو لەگەڵ لەگەڵ گونجانی بەگوێرەی بارودۆخە جیاوازەکان، ناراستەی ڕۆڵ لەکاری بازرگانیدا بریتیە لەگونجانی تەواوەتی لەگەڵ گشت ڕۆڵەکاندا گرنگی پێگەش نەوکات درنەکەوێت کە بخرێتە ناو چوارچێوەیەکەوە هەردوو لایەنی هەڵوێستی کۆمەلایەتیو پێگە پێکەوە گرێ بدات.

- خۆتو تواناکانت بناسە، ناواتو نامانجەکانت بزانە، نەمانە ڕێبازی سەردکێن لەسەرکەوتنو پێشکەوەتندا، چونکە تۆ لەگەڵ کەسانێکدا کێبرکێ نەکەیت وەکو خۆت زیرەکو ژیرن، ناواتیان هەیە زۆریان لەتۆ باشترو قسەخۆشترن، نەشزانن لە بەیەکگەشتنە بازگانییەکاندا چۆن مامەڵەو هەڵسو کەوت بکەن.

پێرست

پێشەکی وەرگێڕ ٦
پێشەکی: ٨
کۆڵەکەکانی پڕۆژەیەکی بازرگانی ١٤
لە بنەڕەتدا کڕیار (مشتەری) کێ یە؟ ٣٢
فرۆشتن ٤٠
کەسێتی فرۆشیار ٤٥
تەکنیکەکانی ڕازی کردن ٥٩
ئاوات و ئارەزوو سەرکەوتن دروست ئەکەن: ٧١
ئامانجە دەروونییەکانی ڕیکلام کردن: ٩٣
گرنگی بڕەوپێدان لەکاری بازرگانیدا ١٠٨
ئامرازەکانی بڕەوپێدان ١١١
پۆلێنکردنی ئامانجەکانی ڕیکلامی بازرگانی ١١٢
لە قوتونان بۆ دەرخستنی بەرهەم ١١٦
چەمکەکانی دەست گەشتن بەناوەندێکی بازرگانی ١١٩
چالاککردنی کالاً فرۆشتەنییەکان ١٢١
پلانی چالاککردنی فرۆشتەنیەکان ١٢٣
تێگەیشتن لە کڕیار ١٢٦
ئەنجامدانی چاوپێکەوتن ١٢٧
بەکارهێنانی وشەی دروست لەچاوپێکەوتندا ١٢٩
ڕەگەزەکانی پەیوەست بە ڕۆڵ بینین بزانە ١٢٩
یەکەم چاوپێکەوتن لەگەڵ کڕیار ١٣١

زەردەخەنە نیشانەی بەهێزبیە ١٣٢
نەرم و نیانی ١٣٣
پیشەیی بوون و پیشەکاری ١٣٣
دەربڕینی جەستەیی ١٣٥
تەکنیکەکانی دەربڕین ١٣٧
چارەسەرکردنی پا جیاییەکانی مامەڵەکردن ١٣٩
ڕێکخستنی چوارچێوەی پاساوەکانی فرۆشتن ١٤١
بنەماکانی ناو دانوستان ١٤٤
دەسەڵات پێدان لەڕێگەی توانا شایستەگییەکانەوە ١٤٧
ناستەنگەکانی کەسی دەسەڵات پێدەر ١٤٧
ناستەنگەکانی کەسی دەسەڵات پێدراو ١٤٨
نەو ناستەنگانەی بارودۆخ نەیسەپێنێت ١٤٩
لەپێشتربوونی جێبەجێکردن ١٤٩
بازاڕو وەبازاڕخستن ١٥٣
نەو هۆکارانەی کە چوارچێوەی بازاڕ دیار نەکەن ١٥٥
چەشنەکانی بازاڕ ١٥٧
کێبرکێ کاران ١٦٢
کێبرکێ کاران کێن؟ ١٦٢
ناستەکانی کێبرکێ کاران ١٦٣
خاڵی بەهێزو لاوازی کێبرکێ کاران ١٦٤
چالاکییە کێبرکێ کارەکان ١٦٥
چەمکی نرخ دانان: ١٦٧
پێکهاتەکانی ژینگەی کارگە (بازرگانی و پیشەسازی) ١٨٩
گۆڕینی خاوەن دەرامەت بۆ هاوبەشێکی ڕاستەقینە لە کاردا ١٩٥

وەبازارخستنی ئاراستەکراو ۱۹۸
سیاسەتی نەختینەو دارایی ۲۰۰
جۆرەکانی دراو- پارە ۲۰۳
خواست لەسەر دراو ۲۰۶
تیۆریەی دراو ۲۰۷
گرنگترین هەنگاوەکان بۆ گۆڕینی خود ۲۱۸
پوختە ۲۲۰